**وەزارەتی پەروەردە**
**ژمارە: ٥٤٣٢ لە ٢٠٢٦/٢/٢٦**

پشتبەست بەحوکمی ماددەی (سی و سێیەم) لە یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢)، بۆ بەرژەوەندی گشتی، بڕیاری دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دا:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦**
**ڕێنمایی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان**
**بەشی یەکەم**
**پێناسەکان**

**ماددەی (١): پێناسەکان**:
ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرانبەریان دەگەیێنن بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییانە:
**هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.
**حکومەت:** حکومەتی هەرێم.
**ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.
**وەزارەت:** وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.
**وەزیر:** وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
**بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە لە پارێزگا:** ئەرکی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی پەروەردە و فێرکارییە لە سنووری پارێزگا.
**بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزا:** ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی پەروەردە و فێرکارییە لە سنووری قەزا.
**باخچەی منداڵان:** قۆناغی ڕاهێنان و ئامادەکردنی منداڵانی تەمەن (٤) چوار ساڵ و (٥) پێنج ساڵە بۆ قۆناغی بنەڕەتی.
**خوێندنی بنەڕەتی:** یەکەم قۆناغی خوێندنە و ماوەکەی (٩) نۆ ساڵی خوێندنە و لە تەمەنی (٦) شەش ساڵییەوە دەستپێدەکرێت و خوێندنێکی پابەندکراوە.
**خوێندنی ئامادەیی:** ئەو قۆناغەی خوێندنە کە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەستپێدەکات و ماوەکەی (٣) سێ ساڵی خوێندنە.
**خوێندنی پەیمانگە:** ئەو قۆناغەی خوێندنی پیشەییە کە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەستپێدەکات و ماوەکەی (٥) پێنج ساڵی خوێندنە و جیاوازە لە بەشی پیشەیی ئامادەیی.
**قوتابخانە:** ناوەندی خوێندنە کە پۆلی یەکەم تا نۆیەمی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت.
**خوێندنگە/ئامادەیی:** ناوەندێکی خوێندنە کە پۆلی دەیەم تا دوازدەیەمی ئامادەیی لەخۆ دەگرێت، بەبەشەکانی زانستی، وێژەیی و پیشەییەوە.
**پەیمانگە:** ناوەندێکی خوێندنی پیشەییە و دوای خوێندنی بنەڕەتی دەستپێدەکات و ماوەکەی (٥) پێنج ساڵی خوێندنە.
**کۆمەڵگەی پەروەردەیی:** ئەو دامەزراوەیەی باخچەی منداڵان و خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لەخۆ دەگرێت.
**دامەزراوەی پەروەردەیی حکومی:** باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە کە موڵکی حکومەتن و لە لایەن حکومەتەوە بەڕێوە دەبرێن.

**دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی:** باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە کە لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی بەر لە قۆناغی خوێندنی باڵا کارگوزارن، و موڵکی خەڵکن یان موڵکی کۆمپانیا و ڕێکخراوە مەدەنییە پەروەردەییە خۆماڵییەکان یان نێودەوڵەتییەکانن و لە لایەن خۆیانەوە بەڕێوەدەبرێن، بەڵام وەزارەت مۆڵەتیان پێدەدات و سەرپەرشتییان دەکات.

**دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی (لۆکاڵ):** باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە کە پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی ئەزموونەکان و شێوازی بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی وەزارەت پیادە دەکەن.

**دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی:** باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە کە پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەندێکی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراویان هەیە و سیستەمی ئەزموونەکان و بڕوانامە و هەڵسەنگاندن و (متمانەی/ئەکریدیتەیشن)ی ناوەندێکی نێودەوڵەتییان هەیە.

**دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بیانی:** باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە کە پرۆگرامێکی خوێندنی وڵاتێکی تر پیادە دەکەن و هەمان سیستەمی ئەزموونەکان و بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی ئەو وڵاتەیان هەیە، بە ڕەچاوکردنی بنەما سەرەکییەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی لە یاساکاندا هاتووە.

**قوتابی/خوێندکار:** قوتابی هەموو ئەوانەن کە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بۆ خوێندن ناونووس کراون. خوێندکار هەموو ئەوانەن کە لە خوێندنگە و پەیمانگەکان بۆ خوێندن ناونووس کراون.

**پۆل:** هۆبەیەکی خوێندن و ساڵێکی خوێندنە، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە نۆ پۆل، و قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە سێ پۆل، و قۆناغی پەیمانگە لە پێنج پۆل پێکدێت.

**مامۆستا:**هەر کەسێکی بڕوانامەداری شیاو کە لەدامەزراوەکانی پەروەردە وفێرکاری کاری وانەگوتنەوە دەکات

**مامۆستای پەروەردەی تایبەت:** مامۆستایەکی پسپۆڕە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی باخچە و قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە وناوەندەکانی تری خوێندن.

**بەڕێوەبەر:** ئەو فەرمانبەرەیە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی باخچەی منداڵان یان قوتابخانە یان خوێندنگە یان پەیمانگەی پێ دەسپێردرێت.

**یاریدەدەری بەڕێوەبەر:** ئەو فەرمانبەرەیە کە وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەر ڕادەسپێردرێت.

**ڕێنماییکاری پەروەردەیی:** فەرمانبەرێکە ڕاسپێردراوە بە ئەرکی ڕێنمایی پەروەردەیی قوتابیان و خوێندکاران لە سنووری قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە.

**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:** فەرمانبەرێکی وەزارەتە کە بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕاسپێدراوە.

**بەخێوکار:** ئەو کەسەی بەخێوکردن و چاودێریکردنی منداڵ، قوتابی و خوێندکاری گرتۆتە ئەستۆ.

**ئەنجومەنی دایك و باوکان:** ئەنجومەنێکی دایك و باوکانە کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە قوتابخانە و خوێندنگەکان پێکدەهێنرێت.

**پەروەردەی تایبەت**: کۆمەڵێك بەرنامەی پەروەردەیی تایبەتە، کە دەبێت بۆ قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکرێت بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی تواناکانیان لە ڕێگای هۆکارە فێرکارییە گونجاوەکان کە لەگەڵ تواناکانیان بگونجێت بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان و ئامادەکردنیان بۆ ژیانی گشتی و تێکەڵاوبوونیان بە کۆمەڵگە.

**منداڵ و قوتابی خاوەن پێداویستیی تایبەت:** هەموو ئەو منداڵانەی باخچەی منداڵان و قوتابیان و خوێندکارانەن کە بە هۆی توشبوون بە ناتوانایییەکی جەستەی یان ناجەستەیی، بە شێوەیەکی نەگۆڕ لە هەر یەك لە هەستەکانیان یان تواناکانی جەستەییان یان دەروونیان یان عەقڵیان تا ڕادەیەك دەبێتە مایەی ڕێگرتن لە بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی یەکسان لە پرۆسەی خوێندن.

**بەشەوانە:** پرۆسەیەکی پەروەردەیی و فێرکردنە کە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا و لەژێر سەرپەرشتیی مامۆستا و لە ماوەیەك کە لە (٤٠) چل خولەك کەمتر نەبێت بەڕێوەدەچێت.

**تاقیکردنەوە وەزارییەکان:** ئەو تاقیکردنەوانەن کە پرسیار و میکانیزمی ڕاستکردنەوەیان یەك شێوەیە و لە لایەن وەزارەتەوە لەسەر ئاستی هەرێم بۆ پۆلی دوازدەیەم ئەنجام دەدرێن.

**تاقیکردنەوە نیشتیمانییەکان:** ئەو تاقیکردنەوانەن کە پرسیار و میکانیزمی ڕاستکردنەوەیان یەك شێوەیە و لە لایەن وەزارەتەوە لەسەر ئاستی هەرێم بۆ پۆلی نۆیەم ئەنجام دەدرێن.

**دامەزراوەی پەروەردەیی:** باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە.

**دامەزراوەی پەروەردەیی قازانجنەویست:** ئەو دامەزراوانەن کە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمار کراون و خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەش دەکەن و لە لایەن کەسان یان ڕێکخراوەکەوە خاوەنداریەتییان دەکرێن، و دەستکەوتی ماددەی ساڵانەی دامەزراوەکە بۆ بەرەوپێشبردنی ژینگەی دامەزراوەکە یان بۆ بواری پەروەردە و فێرکاری یان بۆ کاروباری تری گشتی یان خێرخوازی خەرج دەکەن.

## بەشی دووەم
## بنەما گشتییەکانی دامەزراندنی قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکومی
## ئامانجەکان

**ماددەی (٢):**

بۆ دامەزراندنی باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەی ناحکومی، دەبێت ئەو دامەزراوانە ئەو ئامانجانەیان هەبێت، کە لە یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان هاتووە، کە بریتین لە:

**یەکەم**: ڕەخساندنی بواری نوێی زیاتر بۆ پەروەردە و فێرکردن، وێڕای تواناکانی حکومەت، بە مەبەستی پەرەپێدان و یارمەتیدان و گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی نیشتیمانی.

**دووەم**: دابینکردن و ئامادەکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکان و بە هاوچەرخکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ڕێگای پرۆگرام و ڕێکاری نوێ.

**سێیەم**: گرنگیدان بەفێرکردنی زمانە بیانیە زیندووەکان لەپاڵ ئەو پرۆگرامە فێرکارییانەی بڕیاری لەسەر دراوە.

**چوارەم**: ڕەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ کێبڕکێ لە بواری پەروەرەردە و فێرکردن بەمەبەستی پەرەپێدانی ئاڕاستەی گەشەپێدانی مرۆیی و داهێنانی زیاتر لە پەروەردە و فێرکردن بە بەرجەستەکردنی نموونەی مۆدێرن و سەردەمییانە لە سستەم و پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا.

**پێنجەم**: هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتیمانی و بیانی لە هەرێمدا لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن لە چوارچێوەی بەرنامە و سستەمێکی نوێدا.

**شەشەم**: ڕەخساندنی دەرفەت لە بەردەم ڕەوەند و بیانی و گەڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم، تا دانەبڕێن و بە مەبەستی بەردەوام بوونیان لە پەروەردە و فێرکردنی نیشتیمانی و دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن بە جۆرێك کە لەگەڵ پرۆگرامەکانی فێرکردنی هەرێم و ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون بگونجێت.

## جۆرەکانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان

**ماددەی (٣):**

**یەکەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان (لۆکاڵ)، کە پرۆگرامی خوێندن و سستەمی ئەزموونەکان و شێوازی بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی وەزارەتی پەروەردە پیادە دەکەن، یان پرۆگرامێکی خوێندن و سستەمێکی ئەزموونەکان و شێوازی بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی تایبەت بە خۆیان هەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە پەسەندکراوە.

**دووەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان کە بریتین لەو دامەزراوانەی کە:

أ- پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەندێکی نێودەوڵەتی فێرکاریی جیهانی پێشکەوتووی تێدا پیادە دەکرێت.

ب- سستەمێکی ئەزموونەکانی ناوەندێکی نێودەوڵەتی فێرکاری جیهانی پێشکەوتوو تێدا پیادە دەکرێت.

پ- جۆرێک بڕوانامەیان هەبێت، کە لە یەك یان زیاتر لە وڵاتێکی پێشکەوتووی باوەڕپێکراوە و یەکسانە بە بڕوانامەی ئەو وڵاتانە.

ت- سستەمێکی سەرپەرشتیاری، یان هەڵسەنگاندنی ناوەندێکی پەروەردەیی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراویان هەیە.

**سێیەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە بیانییەکان، کە پرۆگرامی خوێندن و سستەمی ئەزموونەکان و جۆری بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی وڵاتێکی دیاریکراو پیادە دەکەن, بە ڕەچاوکردنی بنەما سەرەکییەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی لە یاساکاندا هاتووە.

## مافی وەرگرتنی مۆڵەتی دروستکردنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی

**ماددەی (٤):**

**یەکەم**: هەر کەسێکی سروشتی کە تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی تەواوکردبێت، یان کەسایەتییەکی مەعنەوی وەك ڕێکخراو و دامەزراوە و کۆمپانیا، بە تەنیا یان بەکۆمەڵ، مافی دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومییان هەیە. دەکرێت کەسە سروشتییەکە یان کۆمپانیا و ڕێکخراوەکە عێراقی بێت یان بیانی.

**دووەم**: نابێت داواکاری مۆڵەت فەرمانبەری کەرتی گشتی بێت.

**سێیەم**: مۆڵەت بە هیچ حزب و ڕێکخستنێکی سیاسی یان ئاینی نادرێت، دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی دابمەزرێنێت، هەروەها مۆڵەت نادرێت بە کردنەوەی هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، ئەگەر مەبەستی پەروەردەیی و فێرکاری نەبێت.

**چوارەم**: وەزارەت مافی هەیە، بەگوێرەی پێویستی کەرتی پەروەردە و پلانی ساڵانەی وەزارەت، مۆڵەت بدات، ئەگەر بۆ ساڵێکی خوێندنی تایبەت بە پێویست نەزانرا دامەزراوەی نوێ بکرێتەوە، ئەوا وەزارەت مافی هەیە مۆڵەت بۆ کردنەوەی باخچە، قوتابخانە، خوێندنگە، خوێندنگەی پیشەیی، پەیمانگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی نوێ بۆ ماوەیەك هەڵپەسێرێت، بەڵام ڕێکارێکی وا ئەوانە ناگرێتەوە کە پێش بڕیارەکە داوای دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومییان پێشکەش بە وەزارەت کردووە، یان مۆڵەتیان لە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان) بۆ دروستکردنی تەلاری دامەزراوەی پەروەردەیی بۆ دەرچووە.

## مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت

**ماددەی (٥):**

بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی لە هەرێم پێویستە لەسەر داواکاری مۆڵەت:

**یەکەم**: گشت ئەو بەڵگە و نووسراوانەی لە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢)ی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، و ڕێنماییەکان داواکراون پێشکەش بە وەزارەت بکات.

**دووەم**: پرۆژەکە لەگەڵ بەها نیشتیمانی و پرنسیپە گشتی و تایبەتییە پەیڕەوکراوەکانی سیاسەتی فێرکاری ناکۆك نەبێت.

**سێیەم**: پرۆژەکە خزمەتێك پێشکەش بە ئامانجە پەروەردەییەکان بکات و بە جۆرێك بێت توانای یارمەتیدانی لە باشترکردنی ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن هەبێت یان ڕۆڵی لە تازەگەری لە بواری بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان و بەهێزکردن و گەشەپێکردنی کەسایەتی و کەناڵە پەروەردەییەکان هەبێت.

**چوارەم**:

أ- دەبێت باخچەکانی منداڵان، قوتابخانەکان، خوێندنگەکان، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەکان ناوێکی تایبەت و جیاکەرەوەیان هەبێت، کە لەگەڵ تایبەتمەندییە کولتوری و پەروەردەیی و نیشتیمانییەکانی هەرێمدا بگونجێت.

ب- ئەگەر داواکاری مۆڵەت خاوەنی مۆڵەتێکی پێشتر بوو و بیەوێت لقێکی نوێ بکاتەوە، ئەو کات مافی هەیە هەمان ناو هەڵبژێرێت کە پێشتر هەیبووە بەڵام بە وشەیەکی زیادکراوەوە، کە دەکرێت ناوی شار، شارۆچکە، گەڕەك یان شتێکی تر بێت.

پ- ئەو حاڵەتەی لە بڕگەی (ب)ی ئەم بەندە هاتووە، تەنیا ئەو داواکارانە دەگرێتەوە کە خۆیان پێشتر مۆڵەتی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومییان هەیە، و دەیانەوێت لقی نوێ بکەنەوە. داواکارانی تر مافیان نییە ناوێك هەڵبژێرن کە لە ناوی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بچێت کە ئێستا کارایە.

**پێنجەم**: پێویستە داواکاری مۆڵەت، بە تۆمەتێکی ئابڕووبەر، حوکمی زیندانی بەسەردا نەدرابێت.

**شەشەم**: پێویستە داواکاری مۆڵەت یەك لەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

أ- تەلاری تایبەت بە خۆی هەبێت کە بۆ کاری دامەزراوەکە تەرخان بکرێت.

ب- گرێبەستی سەرەتایی بۆ بەکرێگرتنی تەلارێکی گونجاوی بۆ کاری دامەزراوەکە هەبێت.

پ- زەوییەکی دەستنیشانکراوی بۆ دروستکردنی دامەزراوەکە هەبێت، و نووسراوی فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی یان بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان هەبێت سەبارەت بە تەرخانکردنی ئەو زەوییە بۆ پرۆژەیەکی پەروەردەیی.

ت- پەیکەری (هیکل) تەلارێکی هەبێت کە خەریکی تەواوکردنی بێت بۆ کاری دامەزراوەکە، و مۆڵەتیشی لە شارەوانی یان بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان بۆ دروستکردنی تەلارەکە وەرگرتبێت.

## کات و ڕێکاری داواکردنی مۆڵەت

**ماددەی (٦):**

**یەکەم**: داواکردنی مۆڵەت لە (١٠/١ تا ٤/١) دەبێت، واتە لە ڕۆژی یەکەمی مانگی دە تا ڕۆژی یەکەمی مانگی چواری هەموو ساڵێك دەبێت، هیچ داواکارییەکی مۆڵەت وەرناگیرێت ئەگەر لەو ماوەیەدا پێشکەش نەکرێت.

**دووەم**: داواکردنی مۆڵەت بەم شێوەیە دەستپێدەکات و ئەنجام دەدرێت:

أ- داواکاری مۆڵەت فۆڕمی سەرەتایی داواکردنی مۆڵەت، کە لە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) بەردەستە، پڕدەکاتەوە.

ب- (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) لە ماوەیەک لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت وردبینی لە داواکە دەکات، ئەگەر گشت مەرجەکانی بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی ماددەی (٤) چوار لە داواکار هەبوو، داواکار ئاگادار دەکاتەوە لەسەر مافی بەردەوامبوون لەسەر داواکە و پێدانی ڕسوماتی داواکردنی مۆڵەت، و ئەگەر گشت مەرجەکان لە داواکار نەبوو داواکە ڕەتدەکرێتەوە.

پ- داواکاری مۆڵەت ڕسوماتی داواکردنی مۆڵەت دەدات، بڕی ڕسومات بۆ باخچەی منداڵان (١) یەك ملیۆن دینارە، و بۆ دامەزراوەکانی تر (٢) دوو ملیۆن دینارە، یەک بازنە بێت یان سێ بازنە بێت هەمان ڕسوماتە.

**سێیەم**: دوای پڕکردنەوەی فۆڕمی سەرەتایی داواکردنی مۆڵەت و دانی ڕسوماتی داواکردنی مۆڵەت، داواکار فۆڕمی ئەلکترۆنی داواکردنی مۆڵەتی پێدەدرێت، ئەویش لە لایەن (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) پێدەدرێت، ئەویش لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت.

**چوارەم**: لە دوای ئەوەی (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) وردبینی لە داوا ئەلکترۆنییەکە و بوونی مەرجەکان لە داواکاردا دەکات، پێویستە لەسەر داواکاری مۆڵەت لەماوەیەك کە لە (٧ ) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی وردبینییەکە لەلایەن وەزارەتەوە، سەردانی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە) لە پارێزگای پەیوەندیدار بکات، بۆ ئەوەی لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی گەیشتنی نووسراو بە بەڕێوەبەرایەتییەکە، نووسراوی بۆ بکرێت بۆ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو پشتگیرییانەی لە خوارەوە ناویان هاتووە:

أ- پشتگیری (شارەوانی) ئەگەر تەلارەکە هەیە و بە مۆڵەتی (شارەوانی) دروستکراوە، و پشتگیری (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان) ئەگەر تەلارەکە بە مۆڵەتی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان) دروستکراوە، سەبارەت بە تەواوبوونی تەلارەکە.

ب- پشتگیری (بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری شارستانی) کە تەلارەکە مەرجەکانی بەرگری شارستانی تێدایە، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ئەو پشتگیرییە بەدەست نەهێنرابێت بۆ کاری شارەوانی یان بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان، بەڵێننامە وەك پشتگیری هەژمار ناکرێت.

پ- پشتگیری فەرمانگەی ژینگە.

ت- ئەگەر تەلارەکە پێشتر هەبووە، پشتگیری بەشی بیناسازی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە)ی پارێزگا، سەبارەت بەوەی ئایا تەلارەکە گونجاوە بەپێی ئەم ڕێنماییانە، ئەمە لە حاڵەتێکدا پێشتر ئەو پشتگیرییە بەدەست نەهێنرابێت بۆ کاری شارەوانی یان بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان، ئەگەر تەلارەکە نوێیە و هێشتا بەکار نەهاتووە یان هێشتا لە مامەڵاتی دروستکردندایە، پشتگیری (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بیناسازی)، سەبارەت بەوەی ئایا تەلارەکە مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە و هاوپێچی پەیوەندیداری تێدایە، ئەمە لە حاڵەتێکدا پێشتر ئەو پشتگیرییە بەدەست نەهێنرابێت بۆ کاری شارەوانی یان بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان.

ج- پشتگیری (بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی) لە پارێزگا، سەبارەت بە هەبوونی مەرجەکانی تەندروستی لەتەلارەکە یان نەخشەکانی تەلارەکە، ئەمە لە حاڵەتێکدا پێشتر پشتگیریی بە دەست نەهێنرابێت بۆ کاری شارەوانی یان بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان بەڵێننامە وەك پشتگیری هەژمار ناکرێت.

چ- پشتگیری دامووەزگای پەیوەندیدار سەبارەت بەوەی کە داواکار بە تۆمەتێکی ئابڕووبەر، حوکمی زیندانی بەسەردا نەدرابێت.

ح- پشتگیری ئەستۆپاکی باجی دەرامەت و پشتگیری باجی خانوبەرەی کەسی داواکار، نەك خاوەن موڵک.

خ- بڕگەکانی (أ) و (ب) و (پ) و (ت)ی بەندی (چوارەم)ی ئەم ماددەیە ئەو داواکارانە ناگرێتەوە کە خەریکی دروستکردنی تەلاری نوێن و تەلارەکانیان تەواو نەبووە و مۆڵەتیان لە (شارەوانی) یان (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان) وەرگرتووە، ئەگەر ئەوان پێشتر ئەو پشتگیرییانەیان پێشکەش بە(شارەوانی) یان (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان) کردووە.

د- ئەوانەی زەوییان هەیە کە بە نووسراوی (شارەوانی) یان (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان) بۆ پرۆژەی پەروەردەیی تەرخان کراون، بەڵام هێشتا دەستیان بە دروستکردنی تەلارکە نەکردووە و هێشتا ئەو پشتگیرییانەیان بەدەست نەهێناوە کە پێویستن، مۆڵەتیان پێ دەدرێت کاتێک مەرجەکانی (ج) و (ح) بەدەستدەهێنن و ئەگەر مەرجەکانی ماددەی (٤) و (٥) و (٦) و (٧)یان تێدابێت، بەڵام کارەکانیان لە وەزارەت بە کاتی ڕادەگیرێت تا مۆڵەتی (شارەوانی) یان (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان) سەبارەت بە ڕەزامەندی لەسەر دروستکردنی تەلارەکە بەدەستدەهێنن، پاش بەدەستهێنانی ئەو ڕەزامەندییە بەشێوەیەکی فەرمی ئەو داواکارە پێویستی بە پشتگیرییەکانی بڕگەکانی (أ) و (ب) و (پ) و (ت)ی سەرەوە نییە ئەگەر ئەو پێشتر ئەو پشتگیرییانەی پێشکەش بە (شارەوانی) یان (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان) کردووە.

**پێنجەم:**

دەبێت داواکاری مۆڵەت، لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار تێپەر نەکات بەسەر وەرگرتنی نووسراوی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە)ی پارێزگا بۆ هێنانی پشتگیرییەکان، نووسراوەکان بە دامووەزگا پەیوەندیدارەکان بگەیەنێت.

**شەشەم:**

دوای بەدەستهێنانی گشت پشتگیرییەکان، (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە)ی پارێزگا لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار، نووسراوێك بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) سەبارەت بە بەدەستهێنانی پشتگیرییەکان دەکات، و کۆپییەکی نووسراوەکە دەداتە داواکار.

## پێداویستییەکانی داواکردنی مۆڵەت

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** پاش پێشکەشکردنی داواکاری و پڕکردنەوەی فۆڕمی سەرەتایی داواکردنی مۆڵەت و دانی ڕسومات، پێویستە داواکاری مۆڵەت ئەم پێداویستییانەی خوارەوە فەراهەم بکات:

١- دیاریکردنی ئامانجە گشتی و تایبەتییەکانی دامەزراوەکە لەم پرۆژەیە.

٢- دیاریکردنی سوودی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی پرۆژەکە.

٣- دیاریکردنی سەرچاوە داراییەکان و لایەنی پشتیوانکار.

٤- دیاریکردنی بڕی کرێی ساڵانەی خوێندن بۆ منداڵان، قوتابیان و خوێندکاران و ژمارە و کاتی پشکەکان، دەبێت بڕی کرێی ساڵانەی خوێندن پارەی کتێب و جلوبەرگی یەکپۆشی لە خۆ بگرێت.

٥- دیاریکردنی مەرجەکانی وەرگرتنی منداڵان، قوتابیان و خوێندکاران و خەمڵاندنی ژمارەی منداڵان، قوتابیان، خوێندکاران کە وردەگیرێن.
٦- دیاریکردنی بنەماکانی دەرچوون و کەوتن و سستەمی گشتی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندن.
٧- دیاریکردنی زمانی خوێندن لە دامەزراوەکە، کە دەکرێت بە دوو زمان بێت.
٨- دیاریکردنی پلانی خوێندن و ماوەی پێشنیارکراو بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دەرچوون. ئەگەر قوتابخانەکە بنەڕەتییە، ئایا چەند بازنەییە.
٩- دیاریکردنی پرۆگرام و پەرتووکەکانی خوێندن و سەرچاوەکانیان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی خاوەندارێتی هزری.
١٠- دیاریدکردنی کەرستە و پێداویستی ئامادەکراو بە گوێرەی قۆناغ و جۆر و بەشەکانی پسپۆڕی.
١١- ڕێگا و شێوازەکانی وانەگوتنەوە.
١٢- لێهاتویی و بڕوانامەی بەڕێوەبەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەر، مامۆستایان و ڕێنماییکاری پەروەردەیی دامەزراوەکە و ڕەگەزنامەکانیان.
١٣- نەخشەی تاقیگە، کتێبخانە، هۆڵەکانی خوێندن و بەشە کارگێڕییەکانی دامەزراوەکە و هتد.
١٤- سستەمی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە.
١٥- پەیڕەوێکی ناوخۆی بۆ دامەزراوەکە هەبێت کە ئەم خاڵانە لەخۆ بگرێت:
أ- ساڵنامەی جێگیری خوێندن و پشووە فەرمییەکان.
ب- کات و بنەما و شێوازی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان.
پ- بنەمای گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران.
ت- چۆنیەتی دەستەبەرکردن و نوێکردنەوەی ساڵانەی تۆمارەکان.
ج- چۆنیەتی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن.
چ- پلانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران.
١٦- چۆنیەتی دابینکردنی چاودێری وسەلامەتی وتەندروستی وچالاکی جیاواز بۆ منداڵان وقوتابیان وخوێندکاران
١٧- دیاریکردنی ژمارەی ڕۆژەکانی خوێندن لەهەفتە وساڵێکدا، و هەروەها کات وکاتژمێرکانی خوێندن لە ڕۆژێکدا
١٨- أ- هاوپێچکردنی نەخشە و گرێبەستی بەکرێگرتنی تەلارەکە، یان
ب- هاوپێچکردنی نەخشە و (چەسپاندنی سنوور)ی تەلارەکەی دامەزراوەکەی لەسەر دروستکراوە یان دروستدەکرێت، یان
پ- هاوپێچکردنی نووسراوێکی (شارەوانی) سەبارەت بەو زەوییەی بۆ دامەزراوەی پەروەردەیی دەستنیشان کراوە.
ت- دەبێت نەخشەکانی خاڵی (أ) و (ب)ی سەرەوە گشت پۆلەکان و تاقیگەکان و کتێبخانە و هۆڵەکان و ژوورە کارگێڕییەکان و گشت پێکهاتەکانی دیکە لە خۆ بگرێت.
١٩- ئەگەر داواکە تایبەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی بوو، پێویستە داواکار (متمانە/ئەکریدیتەیشن) یان (کاندیدی متمانە/ئەکریدیتەیشن) یان (ئەندامیەتی) لە ناوەندێکی جیهانی پێشکەش بکات، دەبێت ناوی ئەو ناوەندە لەو خشتەیەدا هەبێت کە وەزارەت پەسەندی کردووە، و ساڵانە مافی هەموارکردنەوەی هەیە.
٢٠- ئەگەر داواکە تایبەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بیانی بوو، پێویستە نووسراوێکی فەرمی سەبارەت بە پاڵپشتیکردنی ئەکادیمی لە دەوڵەتە پەیوەندیدارەکەوە هاوپێچ بکرێت.

٢١- پێشکەشکردنی بەڵێننامەی یاسایی داواکاری مۆڵەت سەبارەت بە پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان.
٢٢- پێشکەشکردنی دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگی مامەڵە بۆ داواکاری مۆڵەت، یان مۆڵەتی کۆمپانیا یان مۆڵەتی ڕێکخراو، و مۆڵەتی کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان.
٢٣- پێشکەشکردنی کۆپی ڕەنگاوڕەنگی کارتی نیشتیمانی (یان ناسنامەی باری شارستانی) بۆ هاووڵاتی عێراقی و کۆپی پاسپۆرت بۆ هاووڵاتی بیانی.

**دووەم:** بۆ کردنەوەی قۆناغێکی نوێ کە پێشتر مۆڵەتی بۆ وەرنەگیراوە، دەبێت خاوەن دامەزراوەکە داوای مۆڵەتی نوێ لە وەزارەت بکات، بە هەمان مەرج و ئەو ڕێکارانەی، کە بۆ پێدانی مۆڵەتی نوێ دانراون.

## ڕێکارەکانی وەزارەت بۆ پێدانی مۆڵەت

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** (بەڕێوبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت لە ڕۆژی پڕکردنەوەی فۆڕمی سەرەتایی داواکردنی مۆڵەت بە تەواوی لەلایەن داواکارەوە، خوێندنەوە و وردبینی بۆ داواکە دەکات.

**دووەم:** ئەگەر دوای وردبینی (بەڕێوبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) لە داواکە، دەرکەوت کە مەرجەکانی ماددەی (٤) و (٥) و (٦) و (٧)، جگە لە پشتگیرییەکان لە داواکاردا نییە، (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) داوا لە داواکار دەکات داواکەی لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار هەموار بکاتەوە، ئەگەر داواکار لەو ماوەیەدا داواکەی هەموار نەکردەوە داواکەی ڕەتدەکرێتەوە.

**سێیەم:** ئەگەر دوای وردبینی (بەڕێوبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) لە داواکە، دەرکەوت کە مەرجەکانی ماددەی (٤) و (٥) و (٦) و (٧) لە داواکاردا هەیە، (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) نووسراوێك بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە)ی پارێزگا دەکات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیرییەکانی بەندی (چوارەم)ی ماددەی (٦).

**چوارەم:**

أ- ئەگەر داواکە سەبارەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی بوو کە سستەمی تاقیکردنەوەی حکومی جێبەجێ دەکات و پرۆگرامی خوێندنی حکومی، بەو زمانانەی بەردەستن بێ زیاد و کەمکردن، پەیڕەو دەکات پێویست بە پشتگیری (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) ناکات.

ب- ئەگەر داواکە سەبارەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی بوو کە کتێب یان بابەتی زێدەکی هەیە پێویستە پشتگیری فەرمی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) بەدەستبهێنرێت. لەم حاڵەتەدا پشتگیرییەکە بە شێوەیەکی فەرمی دەنێردرێت بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان)، و کۆپییەکی دەدرێتە داواکاری مۆڵەت.

پ- ئەگەر داواکە سەبارەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی یان بیانی بێت و مەرجەکانی ماددەی (٤) و (٥) و (٦) و (٧)، جگە لە پشتگیرییەکان، لە داواکاردا هەبوو و داواکار بەڵگەی (متمانە/ئەندامبوون/ کاندیدی ئەندامبوون) پێشکەشکردبوو، (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) نووسراوێك ئاراستەی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) دەکات، ئەویش بە مەبەستی خوێندنەوە بۆ بەڵگەکان و بەدواداچوون بۆ بوونی مەرجەکان.

**پێنجەم**: ئەگەر داواکە سەبارەت بە دامەزراندنی ئامادەیی پیشەیی یان پەیمانگەی ناحکومی بێت و مەرجەکانی ماددەی (٤) و (٥) و (٦) و (٧)، لە داواکاردا هەبوو (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان)، نووسراوێك ئاڕاستەی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی/ پەیمانگەکان) دەکات، ئەویش بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی پێداویستییەکانی ناو بەشەکانی دامەزراوەکە وەك ئەوەی لە خشتەی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی/ پەیمانگەکان) هاتووە.

**شەشەم**: لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار لە ڕۆژی پەیوەندیکردنی داواکار بە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە)ی پارێزگا، بەڕێوەبەرایتییەکە نووسراو بۆ داواکار ئامادە دەکات سەبارەت بە هێنانی ئەو پشتگیرییانەی لە بەندی (چوارەم)ی ماددەی (٦) ئاماژەیان پێکراوە.

**حەوتەم**: دوای بەدەستهێنانی پشتگیرییەکانی بە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی کار زیاتر نەبێت، (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە) لە پارێزگا بە نووسراوێك پشتگیرییەکان بۆ (بەڕێوبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) دەنێرێت.

**هەشتەم**: پاش پێشکەشکردنی گشت پشتگیرییەکان و گەیشتنی وەڵامی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پروگرامەکان) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) بە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان)، پەروەندەکە ڕێکدەخرێت و خوێندنەوە بۆ داواکە دەکرێت و پێشنیارێك ئامادە دەکرێت.

**نۆیەم**: وەزیر، خوێندنەوە بۆ پێشنیارەکە دەکات، لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت، و بڕیار لەسەر پێدان یان پێنەدانی مۆڵەت دەدات، ئەگەر بڕیاری وەزیر نەرێنی بوو هۆیەکانی بڕیاری وەزیر لە دۆسییەکە دەنوسرێت.

**دەیەم**: دوای بڕیاری وەزیر، پەروەندەی داواکار لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) دەنێردرێت بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێکارە کارگێڕی و یاساییەکان و ئاگادارکردنەوەی داواکار بە شێوەیەکی فەرمی لە بڕیارەکە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا لە گەیشتنی بڕیاری وەزیر بە بەڕێوبەرایەتییەکە.

**یازدەیەم**:

لە ئەگەری بڕیاری وەزیر بە پێدانی مۆڵەت، (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) پێش دەرکردنی بڕیاری مۆڵەت داوا لە داواکار دەکات:

أ- داواکار دەبێت ڕسوماتی پێدانی مۆڵەت بدات، کە بەم بڕانەی خوارەوە دەبێت:

١- باخچەی منداڵان: (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عێراقی.

٢- قۆناغی بنەڕەتی: (١٢،٠٠٠،٠٠٠) دوازدە ملیۆن دیناری عێراقی (یەک بازنە بێت یان زیاتر).

٣- قۆناغی ئامادەیی زانستی و وێژەیی: (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی،

٤- قۆناغی ئامادەیی پیشەیی بە گشت بەشەکانیەوە: (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عێراقی.

٥- قۆناغی پەیمانگە: (١٢،٠٠٠،٠٠٠) دوازدە ملیۆن دیناری عێراقی بۆ گشت پەیمانگە و (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دیناری عێراقی بۆ کردنەوەی هەر بەشێکی نوێ کە پەیمانگەکە دواتر بیکاتەوە.

٦- کۆمەڵگەی پەروەردەیی (باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەیی):
(١٨،٠٠٠،٠٠٠) هەژدە ملیۆن دیناری عێراقی بۆ گشت کۆمەڵگەکە، کۆمەڵگە بە یەك دامەزراوە هەژمار دەکرێت و تەنها یەك مۆڵەتی دەبێت، نەك (٣) سێ مۆڵەت.

ب- هاوپێچکردنی نووسراوێکی پەسەندکراوی دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان)، کە پەسەندبوونی بانکی ناوەندی لەگەڵ بێت لە حاڵەتێکدا بانقەکە ناحکومی بوو، بە یەکێک لەم بڕە پارانە خوارەوە، بەڵام بەڕەچاوکردنی خاڵی (ت)ی خوارەوە:

١- (١٠) دە ملیۆن دینار بۆ باخچەی منداڵانی خۆماڵی.

٢- (١٥) پازدە ملیۆن دینار بۆ باخچەی منداڵانی نێودەوڵەتی.

٣- (١٥) پازدە ملیۆن دینار بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی خۆماڵی.

٤- (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی نێودەوڵەتی.

٥- (١٥) پازدە ملیۆن دینار بۆ ئامادەیی خۆماڵی.

٦- (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دینار بۆ ئامادەیی نێودەوڵەتی.

٧- (٢٠) بیست ملیۆن دینار بۆ کۆمەڵگەی پەروەردەیی خۆماڵی.

٨- (٣٠) سی ملیۆن دینار بۆ کۆمەڵگەی پەروەردەیی نێودەوڵەتی.

٩- (١٥) پازدە ملیۆن دینار بۆ پەیمانگەی یەك تا سێ بەشی، و (٢٠) بیست ملیۆن دینار بۆ ئەو پەیمانگەی کە سێ بەش زیاتر لەخۆ دەگرێت.

١٠- (٢٠) بیست ملیۆن دینار بۆ ئامادەیی پیشەیی نێودەوڵەتی.

پ- دەبێت ئەو دڵنیایی بانکە وەك پارە لە بانك دابنرێن و نابێت دەربهێنرێن تا دامەزراوکە مابێت.

ت- ئەگەر داواکار دامەزراوەی پەروەردەیی دیکەی هەبوو، دڵنیایی بانکی دەکرێت بە (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) سی ملیۆن دینار بۆ گشت دامەزراوەکان پێکەوە. واتە ئەگەر بۆ نموونە داواکار پێشتر (٢٤،٠٠٠،٠٠٠) بیست و چوار ملیۆن دیناری وەك دڵنیایی بانکی بۆ دوو دامەزراوەی دیکەی خۆی دانابێت ئێستا پێویستی بە دانانی تەنها (٦،٠٠٠،٠٠٠) شەش ملیۆن دیناری تر دەبێت.

**دوازدەیەم:**

أ- پێویستە وەزارەت لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ زیاتر نەبێت، لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی گشت پشتگیریی و پێداویستییەکان بە شێوەیەکی تەواو لەلایەن داواکارەوە، بڕیاری کۆتایی لەسەر داواکە بدات.

ب- ئەگەر بڕیاری وەزارەت لەسەر داواکە نەرێنی بوو، پێویستە وەزارەت ئاماژە بەو پاساوە یاساییانە بدات کە بوونەتە هۆی نەدانی مۆڵەتەکە.

پ- ئەگەر وەزارەت لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژدا، لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی گشت پشتگیریی و پێداویستییەکان بە شێوەیەکی تەواو و بێ هیچ کەموکوڕییەک لەلایەن داواکارەوە، بڕیاری کۆتایی لەسەر داواکە نەدا، داواکارییەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت.

## نوێکردنەوەی مۆڵەت

**ماددەی (٩):**

**یەکەم**: نوێکردنەوەی مۆڵەت هەر (٣) سێ ساڵ جارێك دەبێت.

**دووەم**: دەبێت داوای نوێکردنەوەی مۆڵەت پێش کۆتاییهاتنی مۆڵەتی کارپێکراو بە لایەنی کەم بە (٣) سێ مانگ و بەلایەنی زۆر بە (٦) شەش مانگ پێشکەش بکرێت.

**سێیەم**: نوێکردنەوەی مۆڵەت بەم شێوەیە دەکرێت:

أ- خاوەنی مۆڵەت داواکارییەك لە ڕێگای پڕکردنەوەی (فۆڕمی نوێکردنەوەی مۆڵەت) پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) لە وەزارەت دەکات، کە کۆپییەکی داواکارییەکە وەك ئاگاداری دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگا.

ب- پێویستە داواکار بەڵگەی دانی ڕسوماتی نوێکردنەوە پێشکەش بکات، بڕی ڕسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت (٥٠ ٪) پەنجا لە سەدی بڕی ڕسوماتی پێدانی مۆڵەت دەبێت،

پ- پێویستە داواکار، لە ڕێگای نووسراوێکەوە لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە)ی پارێزگا بۆ داموودەزگا پەیوەندیدارەکان ئەم پشتگیریانە بەدەستبهێنێت:

١- پشتگیری ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی پێشتر بۆ کەسی داواکار، نەک خاوەن موڵک.

٢- پشتگیری ئەستۆپاکی باجی خانوبەرەی ساڵی پێشتر بۆ کەسی داواکار، نەک خاوەن موڵک.

٣- پشتگیری دانی (دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بۆ کارمەندانی دامەزراوەکە لە سێ ساڵی پێشوو.

٤- پشتگیری ئەوەی کە داواکاری مۆڵەت بە تاوانێکی ئابڕووبەر حوکمی زیندانی بەسەردا نەدرابێت.

٥- پشتگیری شارەوانی سەبارەت بەوەی دامەزراوەکە لەو تەلارە نەیگواستۆتەوە کە پێشتر مۆڵەتی لەسەر وەرگرتووە، یان گۆڕانکاری بیناسازی تری لە تەلارەکەدا نەکردووە، ئەم خاڵە ئەو دامەزراوانە ناگرێتەوە کە لە (١٢) دوازدە مانگی کۆتاییدا مۆڵەتی گواستنەوە یان مۆڵەتی گۆڕینی بیناسازی لە تەلارەکەیان لای وەزارەت وەرگرتووە.

ت- پێویستە داواکار بەڵێننامەی یاسایی سەبارەت بە پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان پێشکەش بکات، فۆڕمی بەڵێننامەی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بەردەستە.

ج- پێویستە داواکار بەڵگەنامەی دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان) بە هەمان بڕ کە لە بڕگەی (ب)ی بەندی (یازدەیەم)ی ماددەی (٨) هاتووە، پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) لە وەزارەت بکات.

چ- ئەگەر داواکە سەبارەت بە نوێکردنەوەی مۆڵەتی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی یان بیانی بوو، پێویستە داواکار ڕاپۆرتی سەرپەرشتی ناوەندە جیهانییەکە (نەك کاندید بوون و نەک تەنها ئەندامبوون لە ناوەندە جیهانییەکە) پێشکەش بکات، نابێت بەڵگەکە لە (٦) شەش مانگ کۆنتر بێت.

ح- ئەگەر داواکار دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی/بیانی بوو، پێویستە داواکار نووسراوێکی پشتگیری (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن)، سەبارەت بە پیادەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و تاقیکردنەوەکان وەك ئەوەی مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، هاوپێچ بکات،ئەرکە لەسەر (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن)لە ماوەیەك کە لە(١٥)پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت نووسراوێکی پشتگیریکردن یان پشتگیری نەکردن بدەنە داواکار

خ- پێویستە داواکار نووسراوێك لە (بەڕێوبەرایەتیی سەرپەرشتیاری) لە پارێزگا یان قەزا سەبارەت بە بارودۆخی خوێندن لە دامەزراوەکە لە (٢) دوو ساڵی ڕابوردوو پێشکەش بکات، نووسراوەکە بەپێی بنەمای هەڵسەنگاندنی ساڵانەی (بەڕێوەبەرایەتیی سەرپەرشتیاری) بنیاد دەنرێت، ئەگەر دامەزراوەکە (٣) سێ ساڵ لە دوای یەك ئاستی ئەکادیمی پلەی (پێویستی بە پشتیوانییە) یان (پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە)، مۆڵەتی بۆ نوێ ناکرێتەوە.

د- پێویستە داواکاری مۆڵەتی نوێکردنەوە هیچ سزایەکی دارایی (غرامە) لە لایەن وەزارەتەوە لەسەر نەمابێت، ئەگەر داواکار سزای دارایی لەسەر بوو، دەبێت سزاکە پێش بەسەرچوونی مۆڵەتی کارپێکراو بدرێت، ئەگەر پاش ئاگادارکردنەوەی وەزارەتیش سزاکەی هەر نەدا دامەزراوەکە سزای دیکەی دێتە سەر بە بڕی نیو هێندەی سزای پێشتر.

ز- پێویستە داواکار، پشتگیری (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی/بەڕێوەبەرایەتیی تەکنەلۆجیای زانیاری) سەبارەت بە تۆمارکردنی گشت زانیارییەکانی دامەزراوەکە لە سستەمی (ئی پەروەردە) پێشکەش بکات.

**چوارەم:**

أ- ئەگەر داواکار ڕسوماتی نوێکردنەوەی ڕادەست کردبوو، و گشت پشتگیری و بەڵێننامە و نووسراو و ڕاپۆرتی بەدەست هێنابوو (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە)ی پارێزگا، پەروەندەکە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) دەنێرێت.

ب- پاش گەیشتنی پەروەندەکە بە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان)، خوێندنەوە بۆ پەروەندەکە دەکرێت ئەویش لە ماوەیەک کە نابێت لە (١٥) پازدە ڕۆژی کار زیاتر بێت.

پ- ئەگەر گشت بەڵگەکان بەدەستهێنرابوون و گشت مەرجەکان لە داواکار هەبوو، (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) خوێندنەوە بۆ داواکە دەکات و پێشنیارێك ئامادەدەکرێت. ئەگەر کەموکوڕی لە پشتگیری و بەڵێننامە و نووسراوەکان هەبوو (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) داوا لە داواکار دەکات کە لە ماوی (١٥) پازدە ڕۆژی کار گشت بەڵگەکان بە تەواوەتی پێشکەش بکات. پاشان خوێندنەوە بۆ پەروەندەکە دەکرێت و پێشنیارێک ئامادەدەکرێت.

ج- پاش گەیشتنی پەروەندەکە بە نووسینگەی وەزیر، وەزیر بڕیار لەسەر نوێکردنەوە یان نوێ نەکردنەوەی مۆڵەت یان هەر سزایەك دەدات.

**پێنجەم**: ئەگەر داواکارییەکە سەبارەت بە نوێکردنەوەی مۆڵەتی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی بوو، و داواکار ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاری ناوەندە جیهانییەکەی پێشکەش نەکردبوو، وەزارەت مافی هەیە دامەزراوەکە هەڵوەشێنێتەوە یان مۆڵەتەکەی بگۆڕێت بۆ مۆڵەتی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی (لۆکاڵ) بە نرخی خوێندنی خۆماڵی یان ڕێکاری تر بگرێتە بەر.

**شەشەم**: ئەگەر خاوەن مۆڵەت لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا و بەپێی ئەم ڕێنماییانە داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش بە وەزارەت نەکرد سزا دەدرێت، بە بڕێك پارە بەپێی هاوپێچی ژمارە (١) کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییانە هاتووە.

**حەوتەم**: ئەگەر خاوەن مۆڵەت پێش تەوابوونی مۆڵەتی کارپێکراو داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش بە وەزارەت نەکرد سزا دەدرێت، بە بڕێك پارە بەپێی هاوپێچی ژمارە (١) کە لە پاشکۆی ئەم ڕێنماییانە هاتووە. جگە لەوە وەزارەت مافی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی هەیە.

**هەشتەم:**

أ- ئەگەر دامەزراوەیەک کە لە ئێستادا کارایە دەیەوێت خوێندن بەزمانێکی دیکەش بەڕێوەببات، دەبێت لە نێوان (١/٢ تا ٦/١) دووی مانگی یەك تا یەکی مانگی شەش داوایەک پێشکەش بە(بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) بکات.

ب- دەبێت دامەزراوەکە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی نەخشە بە بەشی بیناسازی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی پەیوەندیدار بیسەلمێنێت کە لە ناو تەلاری دامەزراوەکە هۆبەی بەتاڵ بۆ ژمارەی ئەو قوتابیانە هەیە کە دامەزراوەکە لە داهاتوودا دەیەوێت وەریان بگرێت بۆ ئەوەی بە زمانێکی دیکە بخوێنن.

پ- بەشی بیناسازی سەردانی دامەزراوەکە دەکات بۆ دڵنیابوون لە بوونی هۆبەی بەتاڵ، ئەگەر هۆبەی بەتاڵ بە پێی داواکارییەکە هەبوو، پشتگیری دەدرێتە دامەزراوەکە.

ت- پاش بەدەستهێنانی پشتگیری ناوبرا، وەزارەت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا بڕیار لەسەر دانی مۆڵەت بە داواکار دەدات.

## مافی گۆڕینی خاوەندارییەتی مۆڵەت

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** خاوەنی مۆڵەتی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەی ناحکومی، تەنیا دوای تێپەڕبوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر وەرگرتنی مۆڵەت و دەسپێکردنی دەوام لە باخچەکە، قوتابخانەکە، خوێندنگەکە، کۆمەڵگەکە و پەیمانگەکە، مافی گۆڕینی خاوەندارییەتی مۆڵەتیان بۆ ناوی کەسێکی تری سروشتی یان مەعنەوی هەیە.

**دووەم:** ئەو کەسەی/ لایەنەی دەستبەرداری خاوەندارییەتی مۆڵەتەکەی دەبێت مافی نییە تا (٦) شەش ساڵ لە ڕۆژی دەستبەرداربوونی خاوەندارییەتی مۆڵەتەکەی داوای مۆڵەتی نوێ بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بکات.

**سێیەم:** بڕی ڕسوماتی داواکردنی گۆڕینی خاوەندارییەتی (٢) دوو ملیۆن دینار دەبێت، و نیوەی ڕسوماتەکە لەلایەن خاوەنەکەی دەدرێت و نیوەکەی تر لە لایەن ئەو لایەنەوە دەدرێت کە داواکارە ببێتە خاوەنی نوێی دامەزراوەکە.

**چوارەم:** بۆ گۆڕینی خاوەندارییەتی مۆڵەت بۆ خاوەنێکی نوێ، داوایەك لەلایەن خاوەنە نوێکەوە و لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆڕمی گۆڕینی خاوەندارییەتی مۆڵەت و لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە لە پارێزگا، پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) دەکرێت.

**پێنجەم:** بۆ پەسەندکردنی داواکە پێویستە ئەو کەسەی داواکارە ببێتە خاوەنی نوێ، گشت ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لە ماددەکانی (٤) و (٥) و (٦) و (٧) و بڕگەی (د)ی بەندی سێیەمی ماددەی (٩)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتوون.

**شەشەم:** ئەگەر ئەو کەسەی کە دەیەوێت، ببێت بە خاوەنی نوێی دامەزراوەکە، گشت مەرجەکانی تێدا بێت، (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە)ی پارێزگا لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژ زیاتر نەبێت لە ڕۆژی پێشکەشکردنی گشت پێداویستی و بەڵگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە، پەروەندەکە ئاڕاستەی (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) دەکات.

**حەوتەم:** ئەگەر داواکار گشت مەرجەکانی تێدا بوو و گشت پێداویستی و بەڵگەکانی پێشکەش کردبوو، (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژی کار زیاتر نەبێت خوێندنەوە بۆ پەروەندەکە دەکات و پێشنیار ئامادە دەکرێت، ئەگەر پەروەندەکە ناتەواو بوو داوا لە داواکار دەکرێت لە ماوەیەك لە (٣٠ ) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت کەموکوڕییەکان چارەسەر بکات.

**هەشتەم:** پاش گەیشتنی پێشنیارەکە بە نووسینگەی وەزیر، وەزیر خوێندنەوە بۆ داواکە دەکات و بڕیار لەسەر داواکە دەدات.

**نۆیەم:** خاوەنی نوێی مۆڵەت تەنیا دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم، کار بە مۆڵەتەکەی دەکرێت.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** لە حاڵەتی مردنی خاوەنی مۆڵەت، میراتگری خاوەن مۆڵەت مافی هەیە مۆڵەتەکەی بۆ بگوازرێتەوە، بەو مەرجەی میراتگرەکە گشت ئەو مەرجانەی تێدا بێت، کە لەم ڕێنماییانەدا هاتوون.

**دووەم:** لە حاڵەتی مردنی خاوەنی مۆڵەت، میراتگری خاوەن مۆڵەت مافی هەیە داوای گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت بۆ سەر ناوی کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی بکات، بەو مەرجەی کەسە نوێیەکە گشت ئەو مەرجانەی تێدا بێت، کە لەم ڕێنماییانەدا هاتوون.

## مافی گواستنەوە بۆ تەلارێکی دیکە

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی مافی گواستنەوەی لە تەلارێك بۆ تەلارێکی تر هەیە بەڵام بە مەرجێك لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەمان قەزا یان قەزایەکی هاوسێ بێت (واتە سنووری بە سنووری ئەو قەزایەوە بێت کە دامەرزاوەکەی لێیە) و دوای ڕەزامەندی فەرمی وەزارەت بێت.

**دووەم:**

أ- بۆ گواستنەوەی دامەزراوەکە بۆ تەلارێکی تر پێویستە داواکارییەك بە لایەنی کەم بە (٢) دوو مانگ پێش گواستنەوە پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە ناحکومییەکان) بکرێت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە لە پارێزگا، و پڕکردنەوەی فۆڕمی گواستنەوەی تەلاری دامەزراوە و ئاماژەکردن بە هۆکارە ئەرێنییەکانی گواستنەوەکە بکرێت.

ب- ئەگەر دامەزراوەیەك ویستی تەنیا بەشێکی (بازنەیەك/قۆناغێك) بگوازێتەوە بۆ تەلارێکی نوێ و ئامادە نەبوو لە ماوەی (٢) دوو ساڵی دواتر گشت بازنەکان یان قۆناغەکانی دامەزراوەکە بگوازێتەوە بۆ تەلارەکە نوێیەکە، دەبێت ئەو کات مۆڵەتێکی نوێ و سەربەخۆ بۆ ئەو بەشە وەربگرێت، کە دەیەوێت بیگوازێتەوە.

**سێیەم:** بۆ ئەوەی گواستنەوەکە پەسەند بکرێت، دەبێت تەلارە نوێیەکە گشت مەرج و پێکهاتەکانی تەلاری دامەزراوەی تێدا بێت، کە لەم ڕێنماییە و هاوپێچەکانی هاتووە، جگە لەوە دەبێت داواکار لە ڕێگەی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە) لە پارێزگا، نووسراوی هێنانی پشتگیری ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی لای خوارەوە ناویان هاتووە دابین بکات:

أ- ڕەزامەندی (بەشی بیناسازی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە) لە پارێزگای پەیوەندیدار سەبارەت بەوەی کە تەلارە نوێکە گشت مەرجەکانی تێدایە.

ب- لارینەبوونی سەرۆکایەتی شارەوانی، ئەگەر تەلارەکە بە مۆڵەتی شارەوانی دروستکرابێت، یان لارینەبوونی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەبەرهێنان، ئەگەر تەلارەکە لەلایەن ئەوانەوە مۆڵەتی پێدرابێت، سەبارەت بە تەواوبوونی تەلارەکە.

پ- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری شارستانی.

ت- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستی.

ج- پشتگیری فەرمانگەی ژینگە.

**چوارەم:** وەزارەت لە ماوەیەك کە لە (٦٠) شەست ڕۆژ زیاتر نەبێت لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکە بە تەواوی بە گشت مەرج و داواکارییەکانیەوە، بڕیار لەسەر داواکە دەدات. گواستنەوەکە تەنها لە پشووی نێوان وەزرەکان و پشووی هاوین و پشووی سەرو (٧) حەوت ڕۆژ ڕێگەپێدراوە.

**پێنجەم:** هەر دامەزراوەیەك بێ ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەت بگوازێتەوە بۆ تەلارێکی تر وەك لەوەی مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، ڕووبەڕووی سزای دارایی دەبێتەوە، و وەزارەت مافی هەیە مۆڵەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە.

## پێشمەرجەکانی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** کاتێك سەلمێنرا کە خاوەنی مۆڵەت، بێ ڕەزامەندی وەزارەت، دامەزراوەکەی بە لایەنێکی تر فرۆشتووە یان دەستبەرداربوونی بۆ کردووە.

**دووەم:** کاتێك سەلمێنرا کە دامەزراوەکە گوازراوەتەوە بێ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەت، یان کاتێك دەرکەوت نهۆمی زیاتری بێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەت و داموودەزگا پەیوەندیدارەکان دروستکردووە.

**سێیەم:** کاتێك سەلێمنرا کە دامەزراوەکە مۆڵەتی کارپێکراوی بەسەرچووە وەك لەوەی لە فەرمانی مۆڵەت هاتووە، بێ ئەوەی داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتی پێشکەش بە وەزارەت کرابێت پێش تەواو بوونی مۆڵەتەکە.

**چوارەم:** کاتێك سەلمێنرا کە یەکێك لە بەڵگە و نووسراوەکان کە لەکاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەش کراون، ساختە دەرچوون، یان بنەمایان نییە، یان دەرکەوت جێبەجێ نەکراون.

**پێنجەم:** کاتێك سەلمێنرا کە ئەو مۆڵەتەی پەسەند کراوە، بێ بوونی مەرج و پێداویستییەکانی پێدانی مۆڵەت بووە.

**شەشەم:** کاتێك خاوەن مۆڵەت، دوای (٢) دوو جار ئاگادارکردنەوەی فەرمی لەلایەن وەزارەتەوە بەڵگەنامەکانی ئەستۆپاکی باجی نەهێناوە.

**حەوتەم:** کاتێك سەلمێنرا کە دامەزراوەکە پێشێلکاری و سەرپێچی تر و دیار و دووبارەی کردووە و دوای (٢) دوو جار ئاگادارکردنەوەی فەرمی لەلایەن وەزارەتەوە، پێشێلکاریی و کەموکوڕییەکانی چاك نەکردووە.

**هەشتەم:** کاتێك سەلمێنرا کە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی پاڵپشتی ئەکادیمی لەلایەن ناوەندێکی سەرەکی جیهانی لەدەست داوە.

**نۆیەم:** ئەگەر سەلمێنرا کە دامەزراوەیەك (٣) سێ ساڵ لەسەر یەك ئاستی زانستی و پەروەردەیی نزم بووە، واتا لە خوار ئاستی (ناوەند) بووە.

**دەیەم:** کاتێك دامەزراوەکە دەست بە کار و بەڕێوبردنی پرۆگرامی خوێندن ناکات لەو کاتەی لە مۆڵەتەکەدا بۆی تەرخانکراوە، و داوای هەڵپەساردنی نەکردووە.

**یازدەیەم:** کاتێك خاوەن مۆڵەت، ئارەزوومەندانە دامەزراوەکە بە هەمیشەیی دادەخات، ئەویش دوای دابینکردنی مەرجەکانی داخستن.

## داخستنی دامەزراوەی ناحکومی بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** لە حاڵەتی بڕیاردان لەسەر داخستنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، خوێندن لە دامەزراوەکە تا کۆتایی ساڵی خوێندن و تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم بەردەوام دەبێت و دامەزراوەکە لە ڕێگای کارگێڕییەکی هاوبەش لەنێوان خاوەنی دامەزراوەکە و وەزارەت بەڕێوەدەچێت و هەموو خەرجییەکانی بەڕێوەبردنە هاوبەشەکە دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن دامەزراوەکە بە سوودوەرگرتن لە دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان) و داهاتی تر.

**دووەم:**

أ- لە حاڵەتی داخستنی دامەزراوەکە بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، وەزارەت هەڵدەستێت بە گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران بۆ قوتابخانە یان خوێندنگەیەکی حکومی، یان ناحکومی ئەگەر بەخێوکار خۆی کرێی ساڵانە بدات.

ب- ئەگەر بەخێوکار کرێی خوێندنی گشت ساڵەکەی دابوو، دەبێت خاوەن دامەزراوەکە بەشە پارەی پاش گواستنەوەی قوتابی یان خوێندکار بداتەوە بەخێوکار.

**هەڵپەساردنی دامەزراوە**

**ماددەی (١٥):**

**یەکەم:** خاوەن مۆڵەت مافی هەڵپەساردنی دامەزراندنی دامەزراوەکەی هەیە، بەڵام تەنها بۆ یەك یان دوو ساڵ.هەیە تەنیا بۆ ماوەی یەك تا دوو ساڵ.

**دووەم:**

أ- هەڵپەساردن لە ڕێگای پێشکەشکردنی داوایەك بۆ وەزارەت و دانی ڕسوماتی دەکرێت.

ب- ئەگەر هەڵپەساردن بۆ ساڵێک بێت رسومات (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن دینار دەبێت، و ئەگەر هەڵپەساردنەکە بۆ دوو ساڵ بێت (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار دەبێت.

**سێیەم:** ئەرکە لەسەر داواکار بەڵێنامەیەکی یاسایی پێشکەش بە وەزارەت بکات سەبارەت بەوەی دامەزراوەکە پاش ماوەی هەڵپەساردنەکە دەستبەکار دەبێتەوە.

**هەڵوەشاندنەوەی ئارەزوومەندانەی مۆڵەتی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی**

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم:** خاوەن دامەزراوە مافی هەیە دامەزراوەکەی بەهەمیشەیی دابخات،بەڵام بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە

أ- داواکاری داخستنی دامەزراوە لە ڕێگەی نووسراوێک بە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) دەکرێت، ئەویش بە لایەنی کەم پێش کۆتایی مانگی (٤) چوار.

ب- خاوەن دامەزراوە پابەندە بە بەردەوامبوونی خوێندن لە دامەزراوەکە تا کۆتایی خولی دووەمی تاقیکردنەوەکان.

پ- پێویستە خاوەن دامەزراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت ڕێگایەکی گونجاو بۆ هاوکاریکردنی گواستنەوەی قوتابیان و خوێندکاران، بۆ دامەزراوەیەکی حکومی، یان ناحکومی کە بەخێوکار کرێی خوێندنی دەدات، بدۆزێتەوە.

ت- لەکاتی داخستنی دامەزراوەکە هەموو بەڵگەنامەکانی قوتابیان و خوێندکاران و تۆمارەکانی دامەزراوەکە ڕادەستی (بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە)ی قەزا دەکرێت.

**دووەم:** لەکاتی داخستنی دامەزراوەکە تەلار و کەلوپەلی دامەزراوەکە مافی خاوەن دامەزراوەکەیە.

**ماددەی (١٧):**

لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت لەلایەن وەزارەتەوە بەهۆی سەرپێچی، خاوەن مۆڵەت مافی داواکردنی مۆڵەتی نوێی تا (٣) سێ ساڵ نییە.

**بەشی سێیەم**

**پرۆسەی سەرپەرشتیکردن و کاروباری چاودێریکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی دامەزراوە پەروەردییە ناحکومییەکان**

**سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردن و بەدواداچوون**

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم:** (بەڕێوەبەرایەتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی) لە پارێزگا، سەرپەشتی پەروەردەیی و کارگێڕی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان دەکات، بە ڕەچاوکردنی ناوەڕۆکی ماددەی (٢٠).

**دووەم:** لەکاتی پێویست وەزارەت و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە) لە پارێزگاکان، مافیان هەیە لیژنەی تایبەت بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان دروست بکەن.

**سێیەم:** ئەرکە لەسەر دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، کارئاسانی بۆ سەرپەرشتیاران و لیژنەکانی سەرپەرشتیاری بکەن.

**چوارەم:**

أ- ساڵانە هەڵسەنگاندنی بابەتی زمانی کوردی لە قوتابخانە بنەڕەتی ناحکومییە خۆماڵی و نێودەوڵەتییەکان دەکرێت، (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) بڕیار لەسەر ئاست و ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندنەکە دەدات.

ب- ئەگەر پاش ئەو هەڵسەنگاندنە دەرکەوت کە ئاستی قوتابیانی دامەزراوەیەک بەپێی پێویست نییە لە پۆلێنکردنی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن)، ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر بۆ ساڵی پاشتریش ئاستی بەپێی پیویست نەبوو ئاگادار دەکرێتەوە و سزانی دارایی دەدرێت بەپێی پێشنیارێک کە پێشکەش بە وەزیر دەکرێت.

## پرۆسەی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان

**ماددەی (١٩):**

هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی، دەبێت بە سستەمی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی وەزارەت پابەند بێت.

## پرۆسەی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە نێودەوڵەتی و بیانییەکان

**ماددەی (٢٠):**

**یەکەم:** هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی، دەبێت بەو سستەمی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنەی کە پێشتر مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، پابەند بێت.

**دووەم:** هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی نێودەوڵەتی ناحکومی، لە لایەن ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییەوە سەرپەرشتی بۆ دەکرێت کە متمانەی لێ بەدەستهێناوە.

**سێیەم:** هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بیانی لەلایەن ئەو دەوڵەتی پشتگیری دەکات سەرپەرشتی بۆ دەکرێت.

**چوارەم:** هەر کات بە پێوست زانرا، وەزارەت مافی پشکنین و بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی دامەزراوە نێودەوڵەتی و بیانییەکانی هەیە.

## هەڵسەنگاندنی ساڵانەی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە لایەن خۆیانەوە

**ماددەی (٢١):**

**یەکەم:** پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی، بەر لە کۆتایی مانگی (٧) حەوت و لە ڕێگای ڕێکارەکانی دامەزراوەکە و پڕکردنەوەی فۆڕمێکی وەزارەت، هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ ئاستی فێربوونی قوتابیان و خوێندکاران و بەجێهێنانی کادیرانی وانەگوتنەوە و کادیرانی کارگێڕی و بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریی بە شێوەیەکی گشتی بکەن، ئەویش بە مەبەستی دڵنیابوون لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و سوود وەرگرتن بۆ گەشەپێدانی دامەزراوەکە، پێویستە ئەو هەڵسەنگاندنە لە دامەزراوەکە هەڵبگیرێت، و لە کاتی داواکردن بدرێتە وەزارەت.

**دووەم:** پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی، بەر لە ڕۆژی یەکەمی مانگی (٧) حەوت و لە ڕێگای ڕێکارەکانی دامەزراوەکە هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ ئاستی فێربوونی قوتابیان و خوێندکاران و بەجێهێنانی (أداء)ی کادیرانی وانەگوتنەوە و کادیرانی کارگێڕی و بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریی بە شێوەیەکی گشتی بکەن؛ ئەویش بە مەبەستی دڵنیابوون لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و سوود وەرگرتن بۆ گەشەپێدانی دامەزراوەکە.

## ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندنی ساڵانە کە وەزارەت دەیکات

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم:** لایەنی سەرپەرشتیاریی پەیوەندیدار لە وەزارەت، هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان دەکات.

**دووەم:** بە لایەنی کەم پێش (٧) حەوت ڕۆژ دامەزراوەکە لە ڕۆژی هەڵسەنگاندن و هاتنی سەرپەرشتیاران ئاگادار دەکرێتەوە.

**سێیەم:** هەڵسەنگاندن زۆر بوار لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە:
أ- ئاستی فێربوونی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران.
ب- ئاستی گەیشتنی دامەزراوەکە بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.
پ- ئاستی فەراهەمکردنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ منداڵان، قوتابیان، خوێندکاران و کارمەندان.
ت- کوالیتی خوێندن.
ج- بەجێهێنانی (أداء) کادیرانی دامەزراوەکە.
چ- پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان.

**چوارەم:** لە کاتی هەڵسەنگاندن، گرنگە سەرپەرشتیاری وەزارەت پشتیوان بێت.

**پێنجەم:**
أ- پێش جێگیرکردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە و نووسینی کۆتایی ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاری، دەرفەت دەدرێتە دامەزراوەکە بۆ بینینی ڕاپۆرتەکە، دامەزراوەکە مافی هەیە لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی کار تانە لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە بدات، و ڕای خۆی پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکات بە مەرجێک بەڵگەی پێویستی لەبەردەست بێت.
ب- پاش جێگیرکردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە و نووسینی ڕاپۆرتی کۆتایی، ئەنجام و ڕاپۆرتەکە دەنێردرێت بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان) بە مەبەستی ئاگابوون، و کۆپییەکی ڕاپۆرتەکەش دەدرێت بە دامەزراوەکە.

## پۆلێنکردنی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان

**ماددەی (٢٣):**

**یەکەم:** بۆ بەجێهێنانی (أداء) لە هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام دەدرێت بەپێی ئەو پێوەرانەی وەزارەت دیاری دەکات.

**دووەم:** هەر کادرێك لە هەر دامەزراوەیەك بە گوێرەی هەڵسەنگاندن و بەم جۆرە پۆلێن دەکرێت:
أ- ئاستی یەکەم (پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە).
ب- ئاستی دووەم (پێویستی بە پشتیوانییە).
پ- ئاستی سێیەم (ناوەند).
ت- ئاستی چوارەم (باشە).
ج- ئاستی پێنجەم (زۆر باشە).
چ- ئاستی شەشەم (نایاب).

**سێیەم:**
أ- هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی کە ئاستی بەپێی پێویست نەبوو دەبێت بۆ ساڵی خوێندنی دواتر ئاستی بەرز بکاتەوە.
ب- ئەگەر دامەزراوەکە گۆڕانکاری پێویستی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکەی نەکرد، ئەوکات وەزارەت بەپێی خشتەی سزاکان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات.

**چوارەم:**
أ- هەر کارمەندێکی پەروەردەیی ئاستی (پێویستی بە پشتیوانیی زۆرە) یان (پێویستی بە پشتیوانییە)ی بەدەست هێنا، دەبێت ئاستەکەی بەرز بکاتەوە.
ب- ئەگەر کارمەندەکە لە ئاستی (پێویستی بە پشتیوانی زۆرە) یان (پێویستی بە پشتیوانییە) مایەوە، دامەزراوەکە دەتوانێت ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر و گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە.

## بەشی چوارەم
## تەلاری دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان و پاشکۆکانیان

**ماددەی (٢٤):**

**یەکەم:** دەبێت تەلاری گشت دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومییەکان (باخچەی منداڵان، قوتابخانەی بنەڕەتی، خوێندنگەی ئامادەیی، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە)، لە سەر بنەمای مەرج و سەلامەتی و ستاندەرەکانی داموودەزگا فەرمی پەیوەندیدارەکان بێت، ئەویش لە ڕێگای بەڵگە و هێنانی نەخشەی پەسەندکراو.

**دووەم:** ئەو دامەزراوە پەروەردەییانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دەستبەکار بوون و لە تەلاری موڵکی خۆیانن یان کرێ، بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییە بیناسازییە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کە لە کاتی خۆی مۆڵەتیان لەسەر وەرگرتووە.

**سێیەم:** بۆ کردنەوەی باخچەیەکی منداڵان لە تەلارێک کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروستکراوە، دەبێت تەلارەکە گشت ئەو مەرجە تەلارسازی و هونەری و پەروەردەییانەی لە هاوپێچی ژمارە (٢) دوو هاتووە لە خۆ بگرێت.

**چوارەم:** بۆ کردنەوەی باخچەیەکەی منداڵان لە تەلارێک کە پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست دەکرێت، دەبێت تەلارەکە گشت ئەو مەرجە تەلارسازی و هونەری و پەروەردەییانەی لە هاوپێچی ژمارەی (٣)سێی ئەم ڕێنماییە هاتووە لە خۆ بگرێت.

**پێنجەم:** ئەگەر داواکاری مۆڵەتی قوتابخانەی بنەڕەتی، خوێندنگەی ئامادەیی، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە بیەوێت لە تەلارێك کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست کراوە دابمەزرێنێت، پێویستە تەلارەکە گشت ئەو مەرجە تەلارسازی و هونەری و پەروەردەییانە لەخۆ بگرێت کە لە هاوپێچی ژمارەی (٤) چواری ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**شەشەم:** ئەگەر داواکاری مۆڵەتی قوتابخانەی بنەڕەتی، خوێندنگەی ئامادەیی، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە بیەوێت لە تەلارێك کە پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست کراوە یان دروست دەکرێت دابمەزرێنێت، پێویستە تەلارەکە گشت ئەو مەرجە تەلارسازی و هونەری و پەروەردەییانە لەخۆ بگرێت کە لە هاوپێچی ژمارەی (٥) پێنجی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

**ماددەی (٢٥):**

**یەکەم:** دەکرێت تەلاری دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان موڵك بن، یان کرێ.

**دووەم:** دەکرێت تەلاری دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بۆ دوو دەوامی لە دوا یەك بەکار بێت.

**ماددەی (٢٦):**

**یەکەم:** تەلاری باخچەی منداڵانی ناحکومی.

أ- باخچەی منداڵان مافی هەیە تەنها نهۆمی زەوی (نهۆمی صفر) و نهۆمی سەروتر (واتە نهۆمی یەکەم) بۆ پۆل بەکاربێنێت.

ب- نابێت نهۆمی ژێرزەمین و نهۆمی سەرو نهۆمی یەکەم بۆ پۆل بەکار بێن.

پ- دەکرێت ژێرزەمین و نهۆمی سەرو نهۆمی یەکەم بۆ کاری خزمەتگوزاری و یاریگە و چێشتخانە و کارگێڕی و هتد بەکار بێت، بە مەرجێک پەنجەرەی تێدابێت.

**دووەم:** تەلاری قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی ناحکومی.

أ- دەکرێت تەلار نهۆمی ژێرزەمینی هەبێت، بەڵام نابێت نهۆمی ژێرزەمین بۆ پۆل بەکار بێت، بەڵکو دەکرێت بۆ کاری خزمەتگوزاری و یاریگە و چێشتخانە و بەشی کارگێڕی و تاقیکە و هتد بەکار بێت، بەمەرجێك پەنجەرەی تێدا بێت.

ب- دەکرێت تەلار لە یەك، دوو، سێ، چوار نهۆم یان زیاتر پێک بێت. ئەگەر تەلارەکە لە دوو نهۆم بەرزتر بوو (بێ ژێر زەمین) دەبێت نهۆمبڕی تێدابێت. بەڵام دەبێت قوتابیانی بازنەی یەکەم و دووەم لە نهۆمەکانی خوارتربن و قوتابیانی پۆلەکانی دیکە لە نهۆمەکانی بەرزتر بن.

پ- دبێت ژمارەی پۆلەکانی تەلارەکە بە لایەنی کەم هێندەی ژمارەی پۆلەکانی ئەو بازنەیە یان قۆناغە بێت کەداواکار داوای مۆڵەتی بۆ کردووە، واتە ئەگەر داواکار داوای کردنەوەی قوتابخانەیەکی بازنەی یەکەمی کردبێت (کە پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم لەخۆ دەگرێت) دەبێت تەلارەکەبە لایەنی کەم (٣)سێ پۆل لەخۆ بگرێت، و ئەگەر داواکار داوای کردنەوەی گشت بازنەکانی قۆناغی بنەڕەتی کردبێت دەبێت تەلارەکە بەلایەنی کەم (٩) نۆ پۆل لەخۆ بگرێت. و ئەگەر داواکار داوای کردنەوەی ئامادەیی کردبێت دەبێت تەلارەکە بەلایەنی کەم (٣) سێ پۆل لەخۆ بگرێت، و ئەگەر داواکار داوای کردنەوەی کۆمەڵگەی پەروەردەیی کردبێت دەبێت تەلارەکە بە لایەنی کەم (١٤) چواردە پۆل لەخۆ بگرێت، ئەمە جگە لە پێکهاتەکانی دیکە.

**سێیەم:** تەلاری پەیمانگەی ناحکومی.

أ- دەکرێت تەلار نهۆمی ژێرزەمینی هەبێت، بەڵام نابێت نهۆمی ژێر زەمین بۆ پۆل بەکار بێت، بەڵکو دەکرێت بۆ کاری خزمەتگوزاری و یاریگە و چێشتخانە و بەشی کارگێڕی و تاقیکە و هتد بەکار بێت.

ب- دەکرێت تەلار لە یەك، دوو، سێ، چوار نهۆم یان زیاتر پێک بێت. ئەگەر تەلارەکە لە دوو نهۆم بەرزتر بوو (بێ ژێر زەمین) دەبێت نهۆمبڕی تێدابێت.

پ- دەبێت ژمارەی پۆلەکان لە (٥) پێنج پۆل کەمتر نەبێت.

ت- دەکرێت دوو پەیمانگە، بەڵام بە پسپۆڕی جیاواز لە یەك تەلاردا بن، بەڵام لە نهۆمی جیاوازدا،و لەو کاتەدا هەر پەیمانگەیەك بتوانێت گشت ڕووبەر و پێداویستییەکانی خۆی کە پێویستیەتی بەکاری بهێنێت.

**چوارەم:** قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە ناحکومییەکان، بە مەبەستی کاری کارگێڕی و پەروەردەیی و خولی بەهێزکردنی قوتابیان و ڕاهێنان، دەتوانن لەدوای تەواوبوونی دەوامی ڕۆژانەی قوتابیان لە دامەزراوەکە و لە کاتی پشووەکان سوود لە تەلاری دامەزراوەکە وەربگرن.

**پێنجەم:** بەمەبەستی هاوکاریکردنی دامەزراوەکە و پشتگیریکردنی بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی گشتی، خاوەنی دامەزراوەکە مافی هەبوونی ژوورێکی خۆی لە تەلاری دامەزراوەکە هەیە، بێ دەستوەردان لە کاروباری ڕۆژانەی دامەزراوەکە، جگە لە پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەر و ژمێریار. ئەمە لە حاڵەتێکدا خاوەن خۆی بەڕێوەبەر نەبوو لە دامەزراوەکە.

## گواستنەوە بۆ تەلارێکی دیکە

**ماددەی (٢٧):**

**یەکەم:**

أ- لەکاتی گواستنەوەی باخچەیەکی منداڵان کە پێشتر دەستبەکار بووە، بۆ تەلارێکی تر کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست کراوە، دەبێت تەلارەکە گشت مەرجەکانی هاوپێچی ژمارە (٢) دووی ئەم ڕێنماییەی تێدا بێت.

ب- لەکاتی گواستنەوەی باخچەیەکی منداڵان کە پێشتر دەستبەکار بووە، بۆ تەلارێکی نوێ کە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست کراوە، دەبێت تەلارەکە گشت مەرجەکانی هاوپێچی ژمارە (٣) سێی ئەم ڕێنماییەی تێدا بێت.

**دووەم:**

أ- لەکاتی گواستنەوەی قوتابخانەیەك، خوێندنگەیەك، کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی، پەیمانگەیەك کە پێشتر دەستبەکار بووە بۆ تەلارێك کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروستکراوە دەبێت تەلارەکە گشت ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەم بەشەی ڕێنماییە و هاوپێچی ژمارە (٤) چواری ئەم ڕێنماییە هاتووە.

ب- لەکاتی گواستنەوەی قوتابخانەیەك، خوێندنگەیەك، کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی، پەیمانگەیەك کە پێشتر دەستبەکار بووە بۆ تەلارێک کە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروستکراوە دەبێت تەلارەکە گشت ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەم بەشەی ڕێنماییە و هاوپێچی ژمارە (٥) پێنجی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

### بەشی پێنجەم
### کارمەندانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان

**ماددەی (٢٨):**

**یەکەم:** پێویستە هەموو باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی بەڕێوەبەرێکی هەمیشەیی (میلاك) هەبێت.

**دووەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەری هەمیشەیی (میلاک)ی هەبێت بۆ هەر (٢٠٠) دوو سەد قوتابی و خوێندکارێك، و داوا لە هیچ دامەزراوەیەك ناکرێت لە (٤) چوار یاریدەدەری بەڕێوەبەری زیاتر هەبێت.

**سێیەم:** پێویستە هەموو باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی ژمارەیەك مامۆستای هەبێت کە لەگەڵ ژمارەی منداڵ و قوتابی و خوێندکارەکان لە دامەزراوەکە بگونجێت.

**چوارەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی بۆ هەر (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا قوتابی و خوێندکارێك هەبێت. ئەگەر دامەزراوە یەك ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەبوو، دامەزراوە سەرپشکە لە دانانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی ڕەگەزی مێینە یان نێرینە. ئەگەر دامەزراوە زیاتر لە یەك ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەبوو، دەبێت ڕێنماییکار لە هەردوو ڕەگەز هەبێت.

**پێنجەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی کە لە (٣٠٠) سێ سەد قوتابی و خوێندکاری زیاتر هەبێت، خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دامەزراوەکە دابین بکات، لە ڕێگەی دامەزراندنی کەسی پسپۆڕ یان لە ڕێگەی گرێبەست لە گەڵ ناوەندێکی تەندروستی یان بە شێوازێکی تر.

**شەشەم:** پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی کە لە (٢٠٠) دوو سەد قوتابی و خوێندکاری زیاتر هەبێت-کەسێک دەستنیشان بکات کە بەرپرسایەتی کتێبخانەش بگرێتە ئەستۆ.

**حەوتەم:** هەموو باخچەیەکی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی ناحکومی، ژمارەیەك فەرمانبەری کارگێڕی و خزمەتگوزاری دەبێت، بەگوێرەی پێداویستی دامەزراوەکە خۆی و بەو ناونیشانانەی کە دامەزراوەکە بڕیاری لەسەر دەدات.

**هەشتەم:** دامەزراندنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەکان بە گوێرەی مەرجە خواستراوەکانی هەر پیشەیەك دەبێت و بەگوێرەی ڕێکاری دامەزراوەکە و گرێبەست لەنێوان کارمەند و دامەزراوەکە دەبێت.

**نۆیەم:** پێویستە هەموو کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بەڕێوەبەرێکی خاوەن بڕوانامەی زانکۆی هەبێت. جگە لەوە پێویستە هەر قۆناغێک بەڕێوەبەرێکی هەبێت، و بۆ قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لە کۆمەڵگە یاریدەدەرێکی بەڕێوبەر بۆ کاروباری قوتابیان و یەك یاریدەدەر بۆ کاروباری کارگێڕی هەبێت.

**دەیەم:** بەڕێوەبەری هەمیشەیی (میلاک)، یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەمیشەیی (میلاک)، مامۆستای هەمیشەیی (میلاک)، ڕێنماییکاری هەمیشەیی (میلاك) بریتین لە:

أ- گشت ئەوانەی لە دامەزراوەکە بە پیشەی خۆیان دامەزراون بێ ئەوەی لە کەرتی گشتی کار بکەن. واتە هەر کەسێك کە لە ئێستادا لە کەرتی گشتی کار بکات ناتوانێت لە دامەزراویەکی پەروەردەیی ناحکومی بە هەمیشەیی هەژمار بکرێت.

ب- گشت ئەوانەی لە دامەزراوەکە دامەزراون و لە هیچ شوێنێکی تر بە تەواوی (فول تایم) کار ناکەن.

پ-گشت ئەوانەی کە موچەی بێ مۆڵەتیان وەرگرتووە یان خواستراون (اعارە کراون). واتە هەر کەسێک کە لە کەرتی حکومی دامەزرابێت بەڵام لە ئێستادا مۆڵەتی بێ موچەی وەرگرتبێت یان خواسترابێت (اعارە کرابێت) دەتوانێت وەک مامۆستای هەمیشەیی، ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەمیشەیی، یاریدەدەری بەڕێوەبەری هەمیشەیی و بەڕێوەبەری هەمیشەیی کار بکات، بە مەرجێک مەرجەکانی پیشەکەی، کە لە ماددەکانی (٢٢ تا ٢٥) هاتووە، تێدا بێت.

ت- هەر کەسێک سەرو (٢٢) بیست و دوو ساڵ بێت و مەرجەکانی پیشەکەی خۆی بەپێی ماددەکانی (٢٢ تا ٢٥)ی تێدا بێت و مەرجەکانی (أ) و (ب) و (پ) ی تێدا بێت بەهەمیشەیی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٢٩):**

**یەکەم:**

أ- دەبێت (٨٠ ٪) هەشتا لەسەدی ئەو مامۆستایانەی لە باخچەیەک یان قوتابخانەیەك یان کۆمەڵگەیەکی پەروەرەردەیی یان پەیمانگەیەك کار دەکەن کارمەندی هەمیشەیی بن.

ب- کۆمەڵگەی پەروەردەیی یەك مۆڵەتی هەیە و بە یەك دامەزراوە هەژمار دەکرێت و ڕێژەی (٨٠٪) لەسەر بنەمای گشت مامۆستاکانی کۆمەڵگەکە هەژمار دەکرێت، نەک لەسەر بنەمای قۆناغ بە قۆناغ (باخچە، بنەڕەتی، ئامادەیی).

**دووەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، مافیان هەیە تا (٢٠٪) بیست لە سەدی دەستەی مامۆستایانیان، مامۆستای وانەبێژ بن.

**سێیەم:**

أ- تەنها پێش دەستپێکردن و دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی خودی ئەو قوتابخانەیە/کۆمەڵگە پەروەردەییە/پەیمانگە حکومییەی کە مامۆستا/فەرمانبەرە حکومییەکە کاری تێدا دەکات، و دوای ئاگادارکردنەوەی شوێنی کارەکەی و بێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەرکەکانی لە دامەزراوە حکومییەکە هەبێت، مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری دامەزراوەی پەروەردەیی حکومی مافیان هەیە لە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان کار بکەن، ئەوەیش بەپێی ماددەی (٦) شەش لە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی.

بۆ نموونە، ئەگەر دەوامی قوتابخانەیەکی حکومی کاتژمێر (٨) هەشت تا (١٢) دوازدەی نیوەڕۆ بوو، ئەو کات مامۆستایەکی ئەو قوتابخانەیە تەنها پاش کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، و پاش ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانە حکومییەکەی خۆی و بێ ئەوەی کاری نەرێنی لەسەر قوتابخانە حکومییەکە هەبێت، دەتوانێت لە قوتابخانەیەکی ناحکومی کار بکات. یاخود ئەگەر دەوامی قوتابخانەیەك کاتژمێر (١٢) دوازدەی نیوەڕۆ تا (٤) چواری ئێوارە بوو، ئەو کات مامۆستایەکی ئەو قوتابخانەیە دەتوانێت پێش کاتژمێر (١٢) دوازدەی نیوەڕۆ و پاش کاتژمێر (٥) پێنجی ئێوارە لە قوتابخانەیەکی ناحکومی و بە مەرجە ناوبراوەکانی سەرەوە، کار بکات.

ب- دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی نییە فەرمانبەرانی نێو وەزارەت و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەکار بهێنێت، بەڵام لەو حاڵەتانەی (یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی) ڕێگەیان پێدەدات دەکرێت کار بکەن، و بەو ڕێکارانەی کە لە یاساکەدا هاتووە.

**چوارەم:** نابێت کەسێك لە هەمان ساڵی خوێندن، لە زیاتر لە یەك دامەزراوەی پەروەردەیی بەڕێوەبەر بێت.

**پێنجەم:** لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، نابێت مامۆستایەك کە بەهۆی نەخۆشی و لەکارکەوتن خانەنشین کراوە، دابمەزرێنن یان وەك وانەبێژ بە کاریبهێنن.

**شەشەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، لە کاتی ڕێکلامکردن مافیان نییە ناوی ئەو مامۆستا حکومییانە بەکار بێنن کە لە لایەن دامەزراوەکەوە وەك وانەبێژ بەکار دێن. هەروەها دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان مافیان نییە ناوی دامەزراوە حکومییەکان لە کاتی ڕێکلامکردن بەکاربهێنن.

## مافی کارمەندان

**ماددەی (٣٠):**

**یەکەم:** خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بەرپرسە لە پاراستنی ماف و ئیمتیازاتە ماددی و مەعنەوییەکانی کارمەندان لە ماوەی خزمەتکردنیان لە دامەزراوەکەدا.

**دووەم:** پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، ئەو تۆمارانە بگرنە دەست کە یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەرکار بە مەرجی داناون بۆ جێگیرکردنی مافی کارمەندانی دامەزراوەکە.

**سێیەم:** کارمەندانی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی داواکردنی پشوویان هەیە، ئەویش بەپێی یاسای کار.

**چوارەم:** مامۆستایانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، مافی بەشداریکردنیان لە خولی بەهێزکردنی تواناکان و فێربوونی بەردەوام هەیە، کە لە ساڵێکدا نابێت لە (٣٠) سی کاتژمێر کەمتر بێت و لەسەر خەرجی دامەزراوەکە.

**پێنجەم:** کاتژمێرەکانی کارکردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی تری دامەزراوە ناحکومییەکان لە (٨) هەشت کاتژمێر لە ڕۆژێکدا زیاتر نابێت. لە حاڵەتی کارکردنی زیاتر وەك لەوەی لە گرێبەست هاتووە، پێویستە دامەزراوەکە مافی هەر کاتژمێرێکی کارکردنی زیادە بە مامۆستا/فەرمانبەری پەیوەندیدار بدات.

**شەشەم:**

أ- نابێت کەمترین بڕی موچەی مانگانەی مامۆستای هەمیشەیی لە باخچەی منداڵان و قوتابخانە، خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە ناحکومییەکان کەمتر بێت لە موچەی مامۆستای گرێبەستی کەرتی گشتی بواری پەروەردە بەپێی بڕوانامەکانیان.

ب- بڕی موچەی مانگانەی کارمەندانی تری هەمیشەیی (نەك مامۆستایان) لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان بەپێی یاسای کار و ڕێنماییەکانی دەبێت.

**حەوتەم:** کرێی بەشەوانەیەکی مامۆستایانی وانەبێژ، واتە ئەوانەی هەمیشەیی نین، بەپێی گرێبەستێکی نێوان دامەزراوەکە و مامۆستا دەبێت.

**هەشتەم:** لە کاتی نەخۆشی مامۆستایان پشووی نەخۆشی بەپێی گرێبەست دەبێت.

**ماددەی(٣١):**

ئەو لایەن و کەسانەی کە خاوەنی مۆڵەتی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومیین، بەرپرسی ڕاستەوخۆن لە دامەزراوەکە و دابینکردنی مافی فەرمانبەرەکانیان لەبەردەم هەموو لایەنە فەرمییەکان.

## مەرجەکانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر

**ماددەی (٣٢):**

**یەکەم:** بەپێی ماددەی (شازدەیەم)ی یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان، دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوە بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەر هەبن:

أ- دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت.

ب- بە بەڵگەنامەی پزیشکی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بسەلمێنرێت، کە لە ڕووی تەندروستییەوە گونجاوە لەم پیشەیەدا کار بکات.

پ- پێویستە لەڕووی پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت و ماوەی ڕاژەکردنی (خزمەتکردنی) لەبواری پەروەردە لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

ت- پێویستە بە تاوانی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، هەروەها بە سزایەکی پەروەردەیی بەرچاو، بەپێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، سزا نەدرابێت.

ج- بەشداربێت لە خولی شیاندنی یەك مانگە.

**دووەم:** هەر کەسێک ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدابێت، دامەزراوە دەتوانێت وەك بەڕێوەبەر دایمەزرێنێت.

**سێیەم:** ئەگەر خاوەنی دامەزراوە گشت مەرجەکانی بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەی تێدا بوو، مافی هەیە ببێت بە بەڕێوەبەری دامەزراوەکە.

## مەرجەکانی دامەزراندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر

**ماددەی (٣٣):**

**یەکەم:** لە کاتی دامەزراندن، دەبێت یاریدەدەری بەڕێوەبەر ئەم مەرجانەی تێدابێت.

أ- دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت.

ب- بە بەڵگەنامەی پزیشکی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە بسەلمێنرێت، کە لە ڕووی تەندروستییەوە گونجاوە لەم پیشەیەدا کار بکات.

پ- پێویستە لەڕووی پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت و ماوەی ڕاژەکردنی (خزمەتکردنی) لەبواری پەروەردە لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت.

ت- پێویستە بە تاوانی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، هەروەها بە سزایەکی پەروەردەیی بەرچاو، بە پێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، سزا نەدرابێت.

ج- بەشداربێت لە خولی شیاندنی یەك مانگە.

**دووەم:** هەر کەسێک ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدابێت، دامەزراوە دەتوانێت وەك یاریدەدەری بەڕێوەبەر دایمەزرێنێت.

**سێیەم:** ئەگەر خاوەنی دامەزراوە گشت مەرجەکانی بەندی یەکەمی ئەم ماددەیەی تێدا بوو، مافی هەیە ببێت بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری دامەزراوەکە.

### مەرجەکانی دامەزراندنی مامۆستا

**ماددەی (٣٤):**

**یەکەم:** پێویستە دەرچووی زانکۆ، پەیمانگە یان خولی پێگەیاندنی بواری پەروەردە و فێرکاری بێت.

**دووەم:** لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەییەوە لێهاتوو بێت.

**سێیەم:** پێویستە بە تاوانی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، هەروەها بە سزایەکی پەروەردەیی بەرچاو بەپێی (یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی)، سزا نەدرابێت.

### مەرجەکانی دامەزراندنی ڕێنماییکاری پەروەردەیی

**ماددەی (٣٥):**

**یەکەم:** دەبێت دەرچووی زانکۆ بێت، لە یەکێك لە پسپۆرییەکانی کۆمەڵناسی یان دەروونناسی یان پسپۆرییەکی دیکە کە بۆ کاری ڕێنماییکاری بگونجێت.

**دووەم:** پێویستە بە تاوانی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، هەروەها بە سزایەکی پەروەردەیی بەرچاو سزا نەدرابێت.

### ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان

**ماددەی (٣٦):**

**یەکەم:** هەوڵدان بۆ هێنانەئارای کەشێکی پەروەردەیی گونجاو، کە ببێتە مایەی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی پەروەردە و فێرکاری.

**دووەم:** بەدواداچوون و دابینکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوەکە بە شێوەیەکی گونجاو.

**سێیەم:** کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ دامەزراوەکە و سەلامەتیی قوتابیان و خوێندکاران و سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی تر.

**چوارەم:** کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کارامەیی و گیانی هاوپشتیوانیی قوتابیان و خوێندکارانی دامەزراوەکە.

**پێنجەم:** دابەشکردنی بەشەوانەکان بەسەر مامۆستایان و دڵنیابوون لە پیادەکردنی پلانی ساڵانەی خوێندنی بابەتەکان.

**شەشەم:** دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئەندامانی بەشی کارگێڕی و مامۆستایان و فەرمانبەرانی تر.

**حەوتەم:** دەستپێشخەری بۆ داڕشتنی پلانی ساڵانە و هەڵسەنگاندنی ساڵانە و پلانی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان و بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونیان.

**هەشتەم:** دیدەنیکردنی مامۆستایان لەناو پۆلەکانی خوێندن.

**نۆیەم:** پشتیوانیکردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی تر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان.

**دەیەم:** دابینکردنی دڵنیایی جۆری و کوالیتی خوێندن و دروستی هەموو ئەو تۆمارانەی کە پێویستە لە دامەزراوەکەدا هەبن.

**یازدەیەم:** بەرپرسی یەکەمی کارگێڕییە.

**دوازدەیەم:** هەر ئەرکێکی تر، کە پێ ڕادەسپێردرێت لەلایەن خاوەن دامەزراوەکەوە.

## ئەرکەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر

**ماددەی (٣٧):**

**یەکەم:** ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری کارگێڕی، یارمەتیدانی بەڕێوەبەرە لە ئەرکە کارگێڕییەکان.

**دووەم:** ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری قوتابیان و خوێندکاران، یارمەتیدانی بەڕێوەبەرە لە کاروباری قوتابیان و خوێندکاران و یارمەتیدان و ڕێنماییکردنی قوتابیان و خوێندکارانە لەو پرسانەی کە پەیوەستن بە خوێندن لە گشت قۆناغەکانی خوێندن و هاندانیان لە بەردەوامبوون لە خوێندن.

**سێیەم:** هەر ئەرکێکی تر کە لەلایەن بەڕێوەبەر پێی دەسپێردرێت یان لەلایەن وەزارەتەوە، بە ڕێنمایی دەردەکرێت.

## ئەرکەکانی مامۆستا

**ماددەی (٣٨):**

**یەکەم:** پێشکەشکردنی ئەوەی لە توانایدایە بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی قوتابی و خوێندکار بە چاکترین شێوە.

**دووەم:** بەشداریکردن لە بنیاتنانی بەهاکان لای قوتابیان و خوێندکاران.

**سێیەم:** گەشەپێدان و هاندانی گیانی داهێنان و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی دەقەکان.

**چوارەم:** پشتیوانیکردنی قوتابی و خوێندکار لە بنیاتنانی کەسایەتی و متمانەبوون بە خۆی.

**پێنجەم:** گونجاندنی خوێندن بەپێی تواناکانی هەر قوتابی و خوێندکارێك.

**شەشەم:** دارشتنی پلانی ڕۆژانە و حەفتانە و مانگانە و ساڵانەی خوێندنی ئەو بابەتانەی کە مامۆستا دەیانڵێتەوە و دابەشکردنی بەسەر قوتابیان و خوێندکاراندا.

**حەوتەم:** ڕاهێنانی قوتابیان و خوێندکاران و ئامادەکردنیان بۆ تاقیکردنەوەکان، و هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ بابەتەکەی.

**هەشتەم:** دانانی پرسیاری تاقیکردنەوە و بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکان و ڕاستکردنەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان و دانانی نمرەکان.

**نۆیەم:** هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی زانیاری و ئەدای خۆی لە ڕێگای بەشداریکردن لە خولە پەوروەردەیی و زانستییە جۆراوجۆرەکان و بەدواداچوونی بۆ بەرەوپێشچوونە هاوچەرخەکان لە بوارەکەی.

**دەیەم:** هاوکاریکردنی کارگێڕیی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەکی پەروەردەیی و زانستی گونجاو و بەشداریکردنی لە چالاکییەکان.

**یازدەیەم:** پێدانی ئەو زانیارییانەی کە کەسوکاری قوتابیان و خوێندکاران داوای دەکەن، سەبارەت بە قوتابی و خوێندکارانیان و بەرەوپێشچوونی خوێندنیان.

**دوازدەیەم:** سەلامەتیی قوتابی و خوێندکار لە کاتی وانەگوتنەوە و لەو کاتەی لەژێر سەرپەرشتی مامۆستایان.

**سێزدەیەم:** لەکاتی پێویست پێشکەشکردنی پێشنیار بە کارگێڕیی دامەزراوەکە سەبارەت بە چۆنیەتیی بەرەوپێشبردنی باشتری دامەزراوەکە.

**چواردەیەم:** بەشداریکردن لە فێرکردنی بەردەوام و فێرکردنی کەسانی تر.

**پازدەیەم:** لە کاتی پێویست، سازدانی (دیداری گەشە) لەگەڵ قوتابیان و بەخێوکارانیان.
**شازدەیەم:** هەر ئەرکێکی تری پەروەردەیی کە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە یان یاساو و ڕێنمایی پێی دەسپێردرێت.

**ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی**

**ماددەی (٣٩):**
ئەرکی سەرەکیی ڕێنماییکاریی پەروەردەیی، بەدواداچوونە سەبارەت بە پرسی قوتابیان و خوێندکاران و پشتگیریکردنیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە چوارچێوەی دامەزراوەکە.

**گرێبەستی نێوان دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی و کارمەندەکانی**

**ماددەی (٤٠):**
**یەکەم:**
أ- پێویستە گرێبەست لەنێوان دامەزراوەکە و هەر کارمەندێکی دامەزراوەکە هەبێت. دامەزراوە و کارمەند ئازادن لە ڕێکەوتن لە هەر شێوەیەك لە گرێبەست کە خۆیان بە چاکی دەزانن، بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (٣٠) سی و ئەم ماددەیە.
ب- دەبێت کۆپییەکی گرێبەستەکە لای دامەزراوەکە و کارمەندەکە هەبێت.
پ- دەبێت دامەزراوەکە ئامادەبێت هەر کات وەزارەت ویستی کۆپییەکی گرێبەستەکان بۆ وەزارەت بنێرێت.

**دووەم:**
دەبێت گرێبەستەکە بە لایەنی کەم ئەم خاڵانە لەخۆ بگرێت:
أ- ماوەی گرێبەستەکە.
ب- ژمارەی کاتژمێرەکانی کاری لە ڕۆژ و هەفتە و مانگێکدا.
پ- بڕی موچەی مانگانە، و ئەو مانگانەی کە کارمەند موچە وەردەگرێت.
ت- ژمارەی ڕۆژانی پشووی کارمەند، و پشووی نەخۆشی.
ج- ئەرکەکانی سەر شانی دامەزراوە و کارمەند، و مافەکانیان.
چ- حاڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست.
**سێیەم:** دەبێت هەردوو لایەن بە گرێبەستەکەوە پابەند بن.
**چوارەم:** ئەگەر مامۆستا یان کارمەندێکی دیکەی دامەزراوەکە ویستی دامەزراوەکە بە جێ بهێڵێت و گرێبەستەکە هەڵوەشێنێتەوە، دەبێت پێش (٣) سێ مانگ بە نووسراوێك دامەزراوەکە ئاگاداربکاتەوە، و بەمەرجێك دەست لەکار هەڵگرتنەکەی دوای کۆتایی ساڵی خوێندن بێت،ئەگەر نا دامەزراوەکە مافی بەرزکردنەوەی سکاڵای یاسای هەیە.
**پێنجەم:** پێویستە دامەزراوەکان وێنەیەکی ڕەسەنی گرێبەستی تەواوی مامۆستایان و فەرمانبەران بپارێزن.
**شەشەم:** پێویستە دامەزراوەکان لە مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن، ناوی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی و کارمەندانی وانەگوتنەوەی دامەزراوەکە و بڕوانامەکانیان بە زمانی کوردی و وەك ئاگاداری بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگا بنێرن.
**حەوتەم:**
ئەگەر مامۆستایەك یان کارمەندێك کەموکوڕی هەبوو، لەلایەن دامەزراوەکەوە ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر کەموکوڕییەکە بەردەوام بوو دامەزراوەکە مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی هەیە و دەبێت کارمەندەکەی لێ ئاگاداربکرێتەوە.

**هەشتەم:**
أ- خاوەنی دامەزراوە واژو لەسەر گرێبەستی دامەزراندن و دەست لەکارکێشانەوە و کۆتاییهێنان بەکاری بەڕێوەبەر و کارمەندی ژمێریاری دامەزراوەکە دەکات.
ب- خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەڕێوەبەر و کارمەندی ژمێریاری نییە بێ ئەوەی هۆیەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوەیان بۆ باس بکات.
**نۆیەم:**
أ- بەڕێوەبەری دامەزراوەکە واژو لەسەر گرێبەستی دامەزراندن و دەست لەکارکێشانەوە و کۆتایی هێنان بەکاری مامۆستا و کارمەندانی تر و خزمەتگوزارەکان دەکات.
ب- بەڕێوەبەری دامەزراوەکە، مافی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی مامۆستایان و کارمەندانی تری نییە بێ ئەوەی هۆیەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوەیان بۆ باس بکات.
**دەیەم:** ڕۆژەکانی پشووی مامۆستایان و کارمەندانی دیکە لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومەییەکان بە پێی گرێبەستی نێوان مامۆستا/کارمەند و دامەزراوەکە دەبێت، و هیچ پەیوەندی بە پشووەکانی مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی کەرتی پەروەردەیی حکومی نییە.

## ئەنجومەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی

**ماددەی (٤١):**
لە هەر قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەك، ئەنجومەنێک پێکدەهێنرێت و بە ئەندامیەتی هەر یەك لە:
**یەکەم:** خاوەن دامەزراوەکە یان نوێنەرێکی، کە سەرۆکی ئەنجومەنەکە دەبێت.
**دووەم:** بەڕێوەبەری دامەزراوەکە.
**سێیەم:** دوو نوێنەر لە دەستەی مامۆستایان.
**چوارەم:** ڕێنماییکاری پەروەردەیی.
**پێنجەم:** خاوەن دامەزراوە مافی هەیە کەسانی دیکەش بۆ ئەنجومەنەکە هەڵبژێرێت، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

## ئەرك و شێوەی کاری ئەنجومەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی

**ماددەی (٤٢):**
**یەکەم:** بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریی لە دامەزراوەکە و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی وەرزانە.
**دووەم:** بەدواداچوون بۆ وردەکارییەکانی پلانی ساڵانەی دامەزراوەکە.
**سێیەم:** تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی ئەو دۆزە گرنگانەی پەیوەست بە دامەزراوەکەن، کە بەڕێوەبەر داوا لە ئەنجومەن دەکات، کە لەو بوارەدا یارمەتی بدەن.

## بەشی شەشەم

**پرۆگرامەکانی خوێندن، سستەمی وەرگرتن، تاقیکردنەوەکان، بڕوانامەکان،گواستنەوەی قوتابیان، ساڵنامە و کاتەکانی خوێندن**

## پرۆگرامەکانی خوێندن

**ماددەی (٤٣):**
**یەکەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، دەبێت بە یەك لەم سێ جۆرە پرۆگرامەی خوێندن پابەند بێت:
أ- پرۆگرامی خوێندنی وەزارەت بۆ دامەزراوە پەروەردەییە خۆماڵییەکان.

ب- پرۆگرامی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی نێودەوڵەتی، کە لەلایەن بنکەی سەرەکی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە پەسەند کراوە و ناوی لای وەزارەت تۆمارکراوە.
پ- پرۆگرامی خوێندنی وولاتێکی تر بۆ دامەزراوە پەروەردەییە بیانییەکان.
**دووەم:** دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئایینی و نەتەوەیی گەلی کوردستان بگونجێن.
**سێیەم:** هەر پرۆگرامێکی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان (خۆماڵی و نێودەوڵەتی و بیانی) بخوێنرێت دەبێت ڕەزامەندی پێشوەختەی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) بۆ وەربگیرێت.

**ماددەی (٤٤):**

**یەکەم:** پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، بەو پرۆگرام و کتێبانەی فێرکردن کە پێشتر پێشکەش بە وەزارەت کراون و مۆڵەتیان لەسەر وەرگیراوە پابەند بن.
**دووەم:** لەکاتی هەمووارکردنەوە یان گۆڕینی کتێب، دەبێت ڕەزامەندی وەزارەت وەرگیرێت پێش بەکارهێنانی کتێبەکان.

## بابەتەکانی خوێندن

**ماددەی (٤٥):**

**یەکەم:** بابەتەکانی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان، بەپێی پرۆگرامی وەزارەت دەبێت.
**دووەم:** بابەتەکانی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە نێودەوڵەتیی و بییانییەکان، بەپێی ئەو پرۆگرامە دەبێت کە پێشتر پێشکەش بە وەزارەت کراوە و ڕەزامەندی پێ وەرگیراوە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە خوێندنی بابەتەکانی زمانی کوردی و عەرەبی و ئاین و جینوساید و کۆمەڵایەتییەکان دەبێت هەبێت و بەپێی پرۆگرامی وەزارەت بێت، هەروەها دەبێت خوێندن سەبارەت بە جوگرافیا و مێژووی کوردستان لە پرۆگرامی دامەزراوەکە هەبێت.
**سێیەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی، دوای ئاگادارکردنەوەی وەزارەت، مافی زیادکردنی کات و بابەتی خوێندنی وەك بابەتێکی زێدەکی بۆ پرۆگرامەکانی هەیە، بەو مەرجەی کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشەوانەی بابەتە سەرەکییەکانی خوێندن نەبێت و لەگەڵ بنەما گشتییەکان ناکۆك نەبێت، هەروەها دەبێت بابەتی زێدەکی لەو دەزگا و لایەنانە بەدەستبهێنرێت کە ناوییان لە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) تۆمار کراوە، ئەوە لە حاڵەتێکدا ئەو دەزگایانە ئەو بابەتانەیان هەبێت.

## زمانی خوێندن

**ماددەی (٤٦):**

**یەکەم:** دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی مافی هەیە بەو زمانەی خۆی دەیەوێت خوێندن بەڕێوە ببات، بە مەرجێك خوێندنی بابەتی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لە گشت قۆناغەکاندا و بە پرۆگرامی وەزارەت تێیدا بخوێنرێت، و بەڕەچاوکردنی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە.

**دووەم:**

أ- لە هەمان تەلاردا و بەهەمان ستافی کارگێڕی، دامەزراوە مافی هەیە خوێندن بە دوو زمان بەڕێوەببات.
ب- دەبێت کۆدی تایبەت بە هەر یەك لە زمانەکان لە سستەمی (ئی پەروەردە) هەبێت.

**سێیەم:** لە کاتی بڕیاردانی وەزارەت بە دانی مۆڵەت بە دامەزراوەیەك کە بە زیاتر لە یەك زمان خوێندن بەڕێوەبەرێت، دەبێت (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و سالنامەی خوێندن) و (لیژنەی بالای ئەزموونەکان) لە لایەن (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) ئاگادار بکرێنەوە.

**چوارەم:** ڕەوەندی بیانی و پەناهەندەکان مافی خۆیانە لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن، بە مەرجێك خۆیان کرێی سالانەی خوێندن بدەن و بە مەرجێك بابەتی زمانی کوردی بەپێی پرۆگرامی وەزارەت تێیدا بخوێنرێت.

**سستەمی وەرگرتنی قوتابیان لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان**

**ماددەی (٤٧):**

**یەکەم:** بۆ وەرگرتن لە پۆلی یەکەم لە قوتابخانەی بنەڕەتی ناحکومی خۆمالی پێویستە منداڵ پێش (١٢/٣١) سی و یەکی مانگی دوازدەی ئەو ساڵە تەمەنی (٦) شەش ساڵی تەواو کردبێت.

**دووەم:** بۆ وەرگرتن لە پۆلی یەکەم لە قوتابخانەی بنەڕەتی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی دەبێت منداڵ پێش (١٢/٣١) سی و یەکی مانگی دوزادەی ئەو ساڵە بە لایەنی کەم تەمەنی پێنج ساڵی تەواو کردبێت، بەپێی سستەمی تەمەنی وەرگرتن لەو قوتابخانەیە.

**سێیەم:** هیچ منداڵێک لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی قوتابخانەی ناحکومی وەرناگیرێت ئەگەر تەمەنی لە (٩) نۆ ساڵ زیاتر بێت.

**چوارەم:** بۆ وەرگرتن لە پۆلی دووەم تا چوارەم لە کاتی نەبوونی بەڵگەنامە، دیاریکردنی ئاست بۆ قوتابی دەکرێت، ئەویش لە لایەن لیژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی نابێت قوتابی لە سەروی تەمەنی خۆی دابنرێت.

**پێنجەم:** بۆ وەرگرتن لە پۆلی پێنجەم تا نۆیەم دەبێت قوتابی بەڵگەی پێویستی پێبێت و بڕوانامەی هینابێت و ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم هاتبێت هاوتاکردنی بۆ کرابێت لە لایەن (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و سالنامەی خوێندن).

**شەشەم:** بۆ وەرگرتن لە پۆلی دەیەمی ئامادەیی ناحکومی خۆمالی دەبێت تەمەنی خوێندکار لە (١٥) پازدە ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٢١) بیست و یەک ساڵ زیاتر نەبێت، و تا تەمەنی دەبێتە (٢٤) بیست چوار سالان مافی بەردەوامبوونی لە قۆناغی ئامادەیی هەیە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ماوەی سالانی کەوتنی لە هەر پۆلێك لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

**حەوتەم:** بۆ وەرگرتن لە پۆلی دەیەمی ئامادەیی ناحکومی نێودەوڵەتی دەبێت تەمەنی قوتابی لە (١٤) چواردە ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٢١) بیست و یەک ساڵ زیاتر نەبێت.

**هەشتەم:**

أ- بەدەر لە مەرجی تەمەن، نابێت دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان ڕێگا لە وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگرن، هەروەها نابێت ڕێگا لە وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لەسەر بنەمای نەژاد و ئایین بگیرێت.

ب- دەبێت لە گشت دامەزراوەیەکی پەروەردەیی کە قوتابی/خوێندکاری خاوەن پێداویستیی تایبەتی تێدایە پێداویستییەکانی خوێندنی تایبەتی هەبێت، و جگە لەوە باشترە مامۆستای تایبەت بۆ ئەو قوتابیانە دابین بکرێت.

**نۆیەم:** لە کاتی وەرگرتنی قوتابیانی پۆلی دووەم تا دوازدەیەم کە لە دەرەوەی هەرێم هاتوون لە لایەن قوتابخانەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی، دەبێت هەڵسەنگاندنی پێشوەختەی ئاستی بۆ ئەو قوتابیانە ئەنجام بدرێت لەسەر بنەمای (ئاستەکانی فێربوونی زمانی کوردی) بەردەوامبن و بە هیچ جۆرێک بەخشین نایانگرێتەوە.

**دەیەم:**

أ- دواهەمین کات بۆ وەرگرتن و تۆمارکردنی قوتابی و خوێندکارانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، لە وەرزی یەکەم، پاش دەستپێکی ساڵی خوێندن بە (٣٠) سی ڕۆژ دەبێت.

ب- لە وەرزی دووەم وەرگرتن نییە، جگە لە گواستنەوە و ئەوانەی لە خاڵی سێیەمی ئەم بەندە هاتووە.

پ- بۆ قوتابیانی گەڕاوە لە دەرەوەی هەرێم، دواهەمین کات بۆ وەرگرتنی قوتابی و خوێندکارانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، لە وەرزی دووەم، ڕۆژی (٢/١) یەکی مانگی دووی هەر ساڵێکە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە بڕوانامەکانیان دەبێت هاوتاکرابێت لە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن).

**یازدەیەم:** هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی مافی نییە قوتابی یان خوێندکاری دامەزراوەیەکی تر لە خوێندن بەشدار پێبکات پێش بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی گواستنەوە یان لارینەبوون لەو دامەزراوەیەی لێی دەگوازێتەوە.

## تاقیکردنەوە و نمرەکان

**ماددەی (٤٨):**

**یەکەم:**

أ- کەمترین نمرەی دەرچوون لە قوتابخانە ناحکومییە خۆماڵییەکان (٥٠) پەنجا نمرەیە، و بەرزترین نمرە (١٠٠) سەد نمرەیە.

ت- کەمترین نمرەی دەرچوون لە قوتابخانە نێودەوڵەتی و بیانییەکان بەپێی سستەمی دامەزراوەکە خۆی دەبێت.

**دووەم:** کات و شێوەی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان و سستەمی دانانی نمرە لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان،بەهەمان شێوە دەبێت کە لەدامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان پیادە دەکرێت

**سێیەم:** پێویستە لەسەر هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی، کات و شێوەی تاقیکردنەوە و نمرە دانانی تایبەت بەخۆی هەبێت کە پێشتر ڕەزامەندی لە وەزارەت بۆ وەرگیراوە، نمرە و بەڵگەکانی قوتابیان و خوێندکاران لەلایەن وەزارەتەوە بەرابەر دەکرێت، بۆ ئەوەی خوێندکارانی دامەزراوە ناحکومییەکانیش بتوانن لە خوێندنی باڵا وەربگیرێن.

**چوارەم:** لەدوای وردبینیکردن لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ و کۆتاییهاتنی ماوەی پەلپی قوتابیان کە (٣) سێ ڕۆژە، پێویستە لیژنەی تاقیکردنەوەکانی دامەزراوەکە (٣) سێ کۆپی لە بۆردی نمرەکانی هەر یەك لە خولی یەکەم و دووەم و نمرەی کۆتایی ساڵی خوێندن هەبێت.

**پێنجەم:** ئەرکە لەسەر دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان لەکاتی تاقیکردنەوەکان ڕەچاوی قوتابی و خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن.

**شەشەم:** قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە یەکێك یان زیاتر لە تاقیکردنەوە جیهانییەکان دەکەن، کە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) چاودێری پرۆسەی بەڕێوەچوون و بەدواداچوونی بۆ دەکات.

## بڕوانامەکان لە قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومییە خۆماڵییەکان

**ماددەی (٤٩):**

**یەکەم:** قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومییە خۆماڵییەکان دەکەونە ژێر هەمان مەرج و ڕێکاری پێدانی بڕوانامە کە لە قوتابخانە و خوێندنگە حکوومییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

**دووەم:** لە هەر قۆناغێکدا، ئەنجامی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەکانی قوتابخانە و خوێندنگە خۆماڵییەکان هاوتای ئەنجامی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەکانی قوتابخانە حکوومییەکانە.

**سێیەم:** قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومییە خۆماڵییەکان هەمان کلێشەی بڕوانامە فەرمییەکانی وەزارەت بەکار دێنن کە لە سستەمی (ئی پەروەردە)ی وەزارەت دادەگیرێت (داون لۆد دەکرێت).

## بڕوانامەکان لە قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان

**ماددەی (٥٠):**

**یەکەم:** قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان دەکەونە ژێر هەمان مەرج و ڕێکاری تایبەت بە بڕوانامەکان کە لەکاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت کراوە و ڕەزامەندی پێ وەرگیراوە، و بڕوانامەکانیان هەمان بڕوانامەی بڕواپێکراوی دەزگا نێودەوڵەتییەکەیە.

**دووەم:** دەکرێت بڕوانامەی دەرچووانی پۆلی یەکەم تا پۆلی یازدەیەمی دامەزراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، دوای هاوتاکردنی بڕوانامەکانیان لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن)، لەگەڵ بڕوانامەکانی قوتابخانە و خوێندنگە حکومییەکان هاوتا بکرێن.

**سێیەم:** دەکرێت بڕوانامەی دەرچووانی پۆلی دوزادەیەمی خوێندنگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، دوای دەرچوونیان بە سەرکەوتوویی لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان کە لە بەندی (دووەم)ی سەرەوەی ئەم ماددەیە هاتووە، هاوتا بکرێن لەلایەن (بەڕێوبەرایەتیی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن). پاش ئەوە و بۆ وەرگرتن لە زانکۆکانی هەرێم خوێندکاران دەتوانن داوا پێشکەش بکەن.

## بڕوانامەکان لە قوتابخانە و خوێندنگە بیانییەکان

**ماددەی (٥١):**

**یەکەم:** بڕوانامەی قوتابخانە و خوێندنگەی ناحکومی بیانی، هەمان بڕوانامەی ئەو وڵاتانە دەبێت کە دامەزراوەکە پەیڕەوی خوێندنەکەی دەکات.

**دووەم:** بڕوانامەکانی دەرچووانی پۆلی یەکەم تا پۆلی یازدەیەمی قوتابخانە و خوێندنگە ناحکومییە بیانییەکان، دەکرێت دوای هاوتاکردنی بڕوانامەکانیان لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن)، لەگەڵ بڕوانامەکانی قوتابخانە و خوێندنگە حکومییەکان هاوتا بکرێن.

**سێیەم:** دەکرێت بڕوانامەکانی دەرچووانی پۆلی دوزادەیەمی خوێندنگە ناحکومییە بیانییەکان، دوای دەرچوونیان لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی ئەووڵاتەی سستەمەکەی پیادەدەکەن، لەلایەن (بەڕێوبەرایەتیی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) هاوتا بکرێن، پاش ئەوە خوێندکاران دەتوانن داوا بۆ وەرگرتن لە زانکۆکانی هەرێم پێشکەش بکەن.

## بڕوانامەکان لە پەیمانگە ناحکومییەکان

**ماددەی (٥٢):**

بڕوانامەی خوێندکارانی پۆلی یەکەم تا پۆلی پێنجەمی پەیمانگە ناحکومییە نێودەوڵەتی و بیانییەکان، بەپێی بڕوانامەی دەامەزراوە نێودەوڵەتییەکەوە دەبێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن).

**ماددەی (٥٣):**

(بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) لە وەزارەت تاکە لایەنە بۆ پەسەندکردن و هاوتاکردن و ڕاستاندنی بەڵگەنامەکانی دەرچوون.

**ساڵنامە و وەرزەکان و کاتەکانی خوێندن و پشووەکان لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان**

**ماددەی (٥٤):**

**یەکەم:** دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان هەمان ساڵنامەی سستەمی حکومی دەبێت، بەڕەچاوکردنی ئەوەی مافیان هەیە لە ڕۆژی (٩/١) یەکی مانگی نۆ و پاشتر دەست بە خوێندن بکەن.

**دووەم:** هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی، مافی ساڵنامەی خوێندنی تایبەت بەخۆی هەیە، بە مەرجێك کەمتر نەبێت لە ساڵنامەی خوێندنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاریی حکومی، و پێشوەختە پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) کرابێت و لەوێ پەسەند بکرێت.

**سێیەم:** هەر ساڵێکی خوێندن، لە وەرزەکانی خوێندنی یەکەم و دووەم پێك دێت و وەرزی یەکەم لە پێش کۆتاییهاتنی مانگی (٩) نۆ و وەرزی دووەمیش بەر لە کۆتاییهاتنی مانگی (١) یەك دەستپێدەکات، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشێک لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان سێ وەرزی خوێندنیان هەیە.

**چوارەم:** دەبێت ژمارەی ڕۆژەکانی ئامادەبوونی قوتابی لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان کەمتر نەبێت لە ژمارەی ڕۆژەکانی ئامادەبوونی قوتابی لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان، و هیچ هەفتەیەکی ئاسایی لە (٥) پێنج ڕۆژی دەوام کەمتر نەبێت و هەر ڕۆژێکی خوێندنی لە (٥) پێنج کاتژمێر کەمتر نەبێت.

**پێنجەم: پشووەکانی قوتابیان**

أ- قوتابیان و خوێندکارانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان پابەندن بەو پشووانەی لە سستەمی خوێندنی حکومی هەیە.

ب- قوتابیان و خوێندکارانی دامەزراوە پەروەردەییە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان مافی پشوویان بەپێی ساڵنامەی خۆیان هەیە.

پ- لەو ڕۆژانەی کە بەپێی یاسا و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت پشووە، بۆ قوتابیانی گشت دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان (خۆماڵی، نێودەوڵەتی و بیانی) دەکرێنە پشوو.

**گواستنەوەی قوتابیان**

**ماددەی (٥٥):**

هەموو قوتابییەکی قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی مافی هەیە لە دامەزراوەکەیان بگوازنەوە بۆ دامەزراوەیەکی حکومی یان ناحکومی دیکە، بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** گواستنەوە لە وەرزی یەکەم دەبێت پێش ڕۆژی (١١/١) یەکی مانگی یازدە بێت.

**دووەم:** گواستنەوە لە وەرزی دووەم دەبێت پێش ڕۆژی (٢/١) یەکی مانگی دوو بێت، بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانی خوارەوە:

**سێیەم:** لە کاتی گواستنەوەی قوتابی لە قوتابخانەیەکی ناحکومی دەبێت پێش گواستنەوە قوتابی لارینەبوونی ئەو قوتابخانەیە بەدەستبێنێت کە لێی دەگوازێتەوە، ئەویش بۆ زامنکردنی ئەوەی کەئەستۆپاکی.

**چوارەم:** گواستنەوەی قوتابیانی پۆلی یەکەم تا پۆلی دوازدەیەمی قوتابخانەی ناحکومی خۆماڵی بۆ قوتابخانەی حکومی یان ناحکومی خۆماڵی ڕێگەپێدراوە، و هەروەها بە پێچەوانەوە.

**پێنجەم:** گواستنەوەی قوتابیانی پۆلی یەکەم تا پۆلی دەیەمی قوتابخانەی ناحکومی خۆماڵی بۆ قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی ڕێگەپێدراوە، بە مەرجێك ئەو قوتابخانەیەی قوتابی بۆی دەچێت ڕەزامەند بێت، و بە مەرجێك گواستنەوەکە پێش ڕۆژی (١١/١) یەکی مانگی یازدە بێت، بەڵام لە حاڵەتی زۆر تایبەتدا دەکرێت ڕێگە بە گواستنەوە بدرێت ئەگەر پاش ئەو ڕێکەوتەش بێت.

**شەشەم:** گواستنەوەی قوتابیانی پۆلی یازدەیەم و دوازدەیەمی قوتابخانەی ناحکومی خۆماڵی یان حکومی بۆ قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی ڕێگەپێدراو نییە.

**حەوتەم:** گواستنەوەی قوتابیانی پۆلی یەکەم تا دوازدەیەمی قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی ناحکومی بۆ قوتابخانەی حکومی یان ناحکومی خۆماڵی ڕێگەپێدراوە، پاش هاوتاکردنی بڕوانامەکەی لە لایەن (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان وساڵنامەی خوێندن)، و بە مەرجێك گواستەوەکە پێش ڕۆژی (١١/١) یەکی مانگی یازدەی هەر ساڵێک بێت، بەڵام لە حاڵەتی زۆر تایبەتدا دەکرێت ڕێگە بە گواستنەوە بدرێت ئەگەر پاش ئەو ڕێکەوتەش بێت.

**هەشتەم:** گواستنەوەی قوتابیانی پۆلی یازدەیەم و دوازدەیەمی ئامادەیی نێودەوڵەتی ناحکومی بۆ قوتابخانەیەکی نێودەوڵەتی ناحکومی کە سستەمێکی دیکەی هەیە ڕێگەپێدراو نییە.

**نۆیەم:** لە کاتی گواستنەوەی قوتابی پۆلی یەکەم تا سێیەم لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی خۆماڵی بۆ قوتابخانەیەکی ناحکومی خۆماڵی دیکە یان حکومی و بە پێچەوانەوە، قوتابی بە دەرچوو هەژمار دەکرێت.

**دەیەم:** لە کاتی گواستنەوەی قوتابی پۆلی چوارەم و سەروتر لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی نێودەوڵەتی بۆ قوتابخانەیەکی ناحکومی خۆماڵی دیکە یان حکومی، بە دەرچوو هەژمار دەکرێت ئەگەر لە گشت بابەتەکان نمرەی (٥٠) پەنجا یان زیاتری هەبوو.

**یازدەیەم:** لە کاتی گواستنەوەی قوتابی/خوێندکار لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان، هەژمارکردنی دەرچوون یان دەرنەچوون بەپێی ڕێکاری (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن) دەبێت.

**دوازدەیەم:** لە بازنەی یەکەمی خوێندن (واتە پۆلی ١ و ٢ و ٣) لە سەرجەم قوتابخانە ناحکومییە خۆماڵییەکان قوتابی بە دەرچوو هەژمار دەکرێت.

## کەوتن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان

**ماددەی (٥٦):**

**یەکەم:** کەوتن لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە خۆماڵییەکان بە هەمان شێوەی سستەمی خوێندنی حکومی دەبێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی قوتابی/خوێندکار مافی هەیە لە قوتابخانە ناحکومییەکەی خۆی بۆ سێیەمین ساڵ لە هەمان پۆل بەردەوام بێت.

**دووەم:** کەوتن لە دامەزراوە پەروەردەییە نێودەوڵەتییە و بیانییە ناحکومییەکان بەپێی ئەو سستەمە دەبێت کە مۆڵەتی لە وەزارەتی پەروەردە لەسەر وەرگیراوە.

**سێیەم:** پاش کەوتنی (٣) سێ ساڵ لە دوای یەك لە هەمان پۆلدا، قوتابی/خوێندکار دەچێتە خوێندنی دەرەکی.

**نەهاتن**

**ماددەی (٥٧):**

**یەکەم:** ئەگەر خوێندکارێکی (ئامادەیی زانستی، ئامادەیی وێژەیی، ئامادەیی پیشەیی، پەیمانگە) لە ساڵێکی خوێندن زیاتر لە (٣٠) سی ڕۆژ پەیوەندی بە قوتابخانەوە نەکرد، مافی خوێندنی لەو ساڵە نامێنێت، و لە ساڵی پاشتر لە هەمان پۆل دەمێنێتەوە و بە ساڵی نەکەوتوو هەژمار دەکرێت.

**دووەم:** هەر خوێندکارێك لە ساڵێکی خوێندن ڕۆژانی نەهاتنی بێ مۆڵەت بۆ خوێندن لە قوتابخانە بگاتە (٢٥) بیست و پێنج ڕۆژ مافی خوێندنی لەو ساڵە نامێنێت، و لە ساڵی پاشتر لە هەمان پۆل دەمێنێتەوە و بە ساڵی کەوتن هەژمار دەکرێت.

**سێیەم:** هەر خوێندکارێك ڕۆژانی نەهاتنی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بگاتە (٤٥) چل و پێنج ڕۆژی دەوام مافی خوێندنی لەو ساڵە نامێنێت،و لەساڵی پاشتر لەهەمان پۆل دەمێنێتەوە و بەساڵی نەکەوتن هەژمار دەکرێت

**چوارەم:** هەر خوێندکارێک لە ساڵێکی خوێندن مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ماوەی (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ و بەرەو سەر هەبوو دەبێتە مۆڵەتی خوێندن، و مافی خوێندنی لەو ساڵە نامێنێت، و لە ساڵی پاشتر لە هەمان پۆل دەمێنیتەوە و بە ساڵی نەکەوتن هەژمار دەکرێت.

**پێنجەم:** لە کاتی دابڕان لە خوێندن (نەهاتن قوتابی) لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ زیاتر لە (٣) سێ ڕۆژ ئەرکی قوتابخانەیە پەیوەندی بە بەخێوکاری قوتابییەوە بکات بۆ گەڕانەوەی قوتابی بۆ قوتابخانە، و ئەو کارەش لە تۆماری قوتابخانە تۆمار دەکرێت.

**ماددەی (٥٨):**

ئەرکە لەسەر هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژی دەوامدا بەڵگەی گواستنەوە بەو قوتابی/خوێندکارە بدات کە دەیەوێت لە دامەزراوەکە بگوازێتەوە و بەڵگەی ئەستۆپاکی بەدەستهێناوە.

**ماددەی (٥٩):**

باخچەکانی منداڵان، منداڵانی تەمەن (٤) چوار ساڵ و (٥) پێنج ساڵ وەردەگرن، هەر منداڵێك پێش کۆتاییهاتنی ساڵ (واتە تا ڕۆژی ٣١ ی مانگی ١٢)، تەمەنی ببێتە چوار ساڵ دەتوانێت لە باخچەی منداڵان دەستپێبکات.

**ماددەی (٦٠):**

**یەکەم:** دەبێت گشت قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی نوێ کە دادەمەزرێت، لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا بەلایەنی کەم بە یەك پۆل دەستپێبکات.

**دووەم:** دەبێت گشت قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی کە تەنها بازنەی یەکەم یان دووەم یان سێیەمی تێدایە، پاش (٣) سێ ساڵ لە دامەزراندنی گشت پۆلەکانی بازنەکەی خۆی هەبێت.

**سێیەم:** دەبێت گشت قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی کە هەر سێ بازنەکەی تێدایە، پاش (٩) نۆ ساڵ لە دامەزراندنی گشت پۆلەکانی یەکەمی تا نۆیەمی هەبێت.

**چوارەم:** دەبێت گشت خوێندنگەیەکی ئامادەیی ناحکومی لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا، بە لایەنی کەم پۆلەکانی دەیەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ساڵی دواتر پۆلی یازدەیەم بکاتەوە، و ساڵی پاشتر پۆلی دوازدەیەمیش بکاتەوە.

**پێنجەم:** دەبێت گشت کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی بەلایەنی کەم منداڵانی ساڵی یەکەمی باخچەی منداڵان و قوتابیانی پۆلی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی و خوێندکارانی پۆلی دەیەم لەخۆ بگرێت، بۆ ئەوەی لە ساڵەکانی دواتر قوتابی و خوێندکارانی پۆلەکانی ساڵێک بەرزتر وەربگرێت.

**شەشەم:** دەبێت پەیمانگەی ناحکومی لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنیدا، بە لایەنی کەم پـۆلی یەکەم بکاتەوە، بـۆ ئەوەی لە مـاوەی (٥) پێـنج سـاڵدا دوای سـاڵی دامەزرانـدن ببێـتە خـاوەنی خوێنـدکارانی گشـت پۆلەکـانی یەکەم تا پێنجەم.

**حەوتەم:** دەکرێت تەلاری دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی لە پۆلی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی تـا پـۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی بگرێتە خۆ، بەو مەرجەی پەرژینێك/ڕێگرییەک قوتابیانی بنەڕەتی لە خوێنـدکارانی ئامادەیی جیا بکاتەوە.

**هەشتەم:** دەکرێـت تەلاری کـۆمەڵگەیەکی پەروەردەیـی نـاحکومی، منـداڵی بـاخچەی منـداڵان تـا خوێنـدکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لەخۆ بگرێت، بەو مەرجەی پەرژینێك/ڕێگرییەک منداڵانی باخچەی منداڵان و قوتابیانی بنەڕەتی و خوێندکارانی ئامادەیی لە یەکتر جیا بکاتەوە.

**ماددەی (٦١):**

بۆ درێژەدان بە خوێندن، هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی نـاحکومی مـافی کـردنەوەی قۆنـاغی بەرزتـری هەیە، بەو مەرجەی پێشوەختە مۆڵەتی فەرمی بۆ ئەوە لە وەزارەت وەرگرتبێت.

**ماددەی (٦٢):**

ئەرکی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکانە لەکـاتی جێبەجێکردنـی چـالاکیی جیـاواز ڕەچـاوی منـداڵان و قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەن.

**ماددەی (٦٣):**

هەمـوو بـاخچەیەکی منـداڵان و قوتابخـانەیەك وخوێنـدنگەیەك و کـۆمەڵگەیەك و پەیمـانگەیەکی نـاحکومی خۆمـاڵی و نێـودەوڵەتی و بیـانی کە مـۆڵەتی لە وەزارەتـی پەروەردە وەرگرتـووە، مـافی کـردنەوەی خـولی بەهێزکردن و چالاکی لە پشووی هاوین و پشووەکانی دیکە و پاش دەوامی دامەزراوەکە، بۆ گشت منـداڵان و قوتابیان و خوێندکاران هەیە، بێ ئەوەی پێویست بکات مـۆڵەتی پێشـوەختەی وەزارەت و بەڕێـوەبەرایەتیی پەروەردە وەربگرێت، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەم بەندانەی خوارەوە:

**یەکەم:** باخچەی منـداڵان و قوتابخـانە و خوێنـدنگە و کـۆمەڵگەی پەروەردەیـی و پەیمـانگە پێـنج سـاڵییەکان، مافیان نییە خولێك بۆ قۆناغێك یان بازنەیەکی خوێندن کە لە دامەزراوەکە نییە، بکەنەوە. واتە، بۆ نمـوونە، باخچەی منداڵان بۆی هەیە خولی بەهێزکردن بۆ منداڵانی چوار و پێنج ساڵان بکاتە، بەڵام بـۆی نییـە خـول بۆ قوتابیانی هیچ قۆناغێکی سەروتر بکاتەوە.

**دووەم:** ناونـدەکانی فێرکـاری (پەیمـانگەی پیشـەیی) بەدەرن لە مەرجـی بەنـدی (یەکەم)ی ئەم مـاددەیە، و دەتوانن خول بۆ منداڵ و قوتابیانی گشت قۆناغەکان بکەنەوە بەڵام تەنها لە بوارەکانی خۆیاندا. بۆ نمـوونە، ناوندێکی فێرکاری (پەیمـانگەی پیشـەیی) کە مـۆڵەتی کـردنەوەی زمـانی ئینگلیـزی هەیە، بـۆی نیـیە خـولی بـابەتی بیرکـاری بکـاتەوە. جـگە لەوە، ئەو پەیمـانگە پیشـەییانە مافییـان هەیە خـول لە هەر کـاتێکی سـاڵ بکەنەوە، نەك تەنها لە پشووی هاوین و پشووەکانی تر.

**سێیەم:** کرێی خول و چالاکی، جگە لە پۆلی (١٢)ی ئامادەیی، بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت.

| ژمارەی بەشەوانەکانی خولەکە<br>ماوەی بەشەوانەیەك: ٤٠ خولەك یان زیاتر.<br>ماوەی خول: یەك هەفتە تا سێ مانگ. | | زۆرترین نرخی بەشداربوون |
|---|---|---|
| ١ تا ٤ بەشەوانە | | بە خۆڕایی |
| ٥ تا ٩ بەشەوانە | | (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | | (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن یان زیاتر | (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار |
| ٩٠ تا ١١٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٢٥٠،٠٠٠)دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٢٠ تا ١٤٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار |

**چوارەم:** کرێی خول و چالاکی بۆ پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت:

| ژمارەی بەشەوانەکانی خولەکە/چالاکییەکە. ماوەی بەشەوانەیەك چل خولەکە یان زیاتر. ماوەی خول: یەك هەفتە تا سێ مانگ. | | زۆرترین نرخی بەشداربوون |
|---|---|---|
| ١ تا ٤ بەشەوانە | لە بابەتێکی خوێندن یان زیاتر | بە خۆڕایی |
| ٥ تا ٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن | (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن | (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن | (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | یەك بابەتی خوێندن | (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار |
| ٩٠ بەشەوانە یان زیاتر | یەك بابەتی خوێندن | (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد پەنجا هەزار دینار |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | دوو بابەتی خوێندن | (١٢٠،٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | دوو بابەتی خوێندن | (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | دوو بابەتی خوێندن | (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار |
| ٩٠ بەشەوانە یان زیاتر | دوو بابەتی خوێندن | (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | سێ بابەتی خوێندن | (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | سێ بابەتی خوێندن | (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | سێ بابەتی خوێندن | (٣٥٠،٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ٩٠ بەشەوانە یان زیاتر | سێ بابەتی خوێندن | (٤٠٠،٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار |
| ١٠ تا ٢٩ بەشەوانە | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (١٧٠،٠٠٠) سەد و حەفتا هەزار دینار |
| ٣٠ تا ٥٩ بەشەوانە | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٢٧٠،٠٠٠) دوو سەد و حەفتا هەزار دینار |
| ٦٠ تا ٨٩ بەشەوانە | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٣٧٠،٠٠٠) سێ سەد و حەفتا هەزار دینار |
| ٩٠ یا ١١٩ بەشەوانە | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٤٥٠،٠٠٠) چوار سەد و پەنجا هەزار دینار |
| ١٢٠ بەشەوانە یان زیاتر | چوار بابەتی خوێندن یان زیاتر | (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار |

**پێنجەم**: هەر خولێك یان چالاكییەك كە باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە، كۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگە پێنج ساڵییەكان دەیانەوێ بەرانبەر بە بڕە كرێیەك بیكەنەوە، و لە بەندەكانی سەرەوە ئاماژەی پێ نەكراوە، دەبێت پێش دەستپێكردنی خولەكە، مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەت بۆ وەربگیرێت، ئەگەر خولەكە یان چالاكییەكە بە خۆڕایی بوو، پێویست بە مۆڵەت ناكات.

**شەشەم**: یەكەی سەرپەرشتیاری پەروەردە لە قەزاكان سەرپەرشتی سەبارەت بە پابەندبوونی دامەزراوەكان بەحوكمەكانی ئەم ماددەیە لە سنووری قەزاكانی خۆیان دەكات.

**حەوتەم**: لە ئەگەری سكاڵا و گومانی سەرپێچی، پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزا بەهاوكاری یەكەی سەرپەرشتیاری لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژی كاردا بەدواداچوون بۆ پرسەكە بكات و ڕاپۆرتی خۆی بۆ وەزارەت بەرز بكاتەوە.

**هەشتەم**: ئەو دامەزراوەیەی سەرپێچی بەندەكانی ئەم ماددەیە دەكات، بە (٣٠) سی تا (٥٠) پەنجا ملیۆن دینار سزا دەدرێت، جگە لەوە وەزارەت دەتوانێت سزای تریان بدات و مۆڵەتیان هەڵوەشێنێتەوە و ڕێكاری تر بگرێتە بەر.

**نۆیەم**: گشت ئەو خول و چالاكییانەی پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە دەستپێدەكەن، كرێی خوێندنیان بەپێی خشتەیی بەندی (سێیەم) و (چوارەم)دەبێت،و هەروەها گشت مەرج و ڕێكارەكانی بەندی (یەكەم) تابەندی (هەشتەم)یان بەسەردا جێبەجێ دەكرێت،و كار بەهیچ ڕێنماییەكی ترسەبارەت بەخولەكان ناكرێت.

**بەشی حەوتەم**

**سستەمی كارگێڕی و دارایی**

## سستەمی كارگێڕی

**ماددەی (٦٤):**

**یەكەم**: هەر دامەزراوەیەكی پەروەردەیی ناحكومی بەپێی ئەو سستەمە كارگێڕییە كاردەكات كە مۆڵەتی پێ وەرگرتووە.

**دووەم**: پێویستە هەر دامەزراوەیەكی پەروەردەیی ناحكومی كەسێك یان زیاتر دەستنیشان بكات وەك ڕێكخەر و نوێنەری خۆی بۆ پەیوندیكردن لەگەڵ وەزارەت و داموودەزگاكانی.

**سێیەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحكومییەكان، جگە لە نووسراوی پەیوەست بە مۆڵەت و گواستنەوە، نووسراوەكانیان ئاڕاستەی (بەڕێوبەرایەتیی گشتی پەروەردە) لە پارێزگا دەكەن، و ئەگەر پێویستی كرد نووسراوەكانیان بۆ سەروتر بەرز دەكرێتەوە.

## لیژنەكان

**ماددەی (٦٥):**

**یەكەم**: ئەركە لەسەر هەموو قوتابخانە، خوێندنگە، كۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەكی ناحكومی بەلایەنی كەم ئەم لیژنانەی هەبێت:

أ- لیژنەی تاقیكردنەوەكان.

ب- لیژنەی ووردبینی.

پ- لیژنەی تۆماری ناونووسی گشتی.

ت- لیژنەی چالاكییەكان.

ج- لیژنەی كاروباری هونەری و ئەدەبی و وەرزشی.

چ- لیژنەی ژینگە و پاكوخاوێنی و بەدواداچوونی تەندروستی.

**دووەم**: وەزارەت لە ڕێی ڕێنماییەوە مافی دانانی لیژنەی تری هەیە،لەکاتی دانانی لیژنەی تر دەبێت دامەزراوەکان پێش دەستپێکی ساڵی خوێندن لەو زیادکردنە ئاگادار بکرێنەوە.

**تۆمارەکانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان**

**ماددەی (٦٦):**

**یەکەم**: پێویستە هەموو باخچەیەکی منداڵانی ناحکومی ئەم تۆمارانەی هەبێت:

أ- تۆماری ناونووسی گشتی، کە ژمارە و ناو و تەمەنی گشت منداڵەکانی تێدا تۆمار دەکرێت.

ب- تۆماری میلاك، کە گشت کادیرانی باخچەکە و ناونیشان و بڕوانامەکانیان تێدا تۆمار دەکرێت.

پ- تۆماری کەلوپەل، کە گشت کەلوپەلەکانی باخچەکە لە خۆ دەگرێت.

ت- تۆماری سەردانی سەرپەرشتیاران، کە ڕۆژی سەردانی سەرپەرشتیار و تێبینییەکانی تێدا تۆمار دەکرێت.

ج- تۆماری تەلاری دامەزراوەکە، کە زانیاریی وردتر لەبارەی ژمارە و ڕووبەری ژوور و هۆڵەکان و ژوورەکانی کارگێڕی و ڕووبەرەکانی تری باخچەکەی تێدا تۆمار دەکرێت.

چ- تۆماری کۆبوونەوەکان، کە لەناویاندا پوختەی کۆبوونەوەکانی ناو باخچەکە تۆمار دەکرێت.

**دووەم**: پێویستە قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەیەکی ناحکومی ئەم تۆمارانەی هەبێت:

أ- تۆماری گشتی، کە ژمارە و ناو و تەمەنی قوتابیان و خوێندکاران و پۆلەکانیان و نمرەی کۆتاییان لە بابەتە جۆراوجۆرەکان و زانیاریی تری پێویست دەگرێتە خۆ.

ب- تۆماری میلاك، کە ناوی سیانی فەرمانبەر و کارمەندانی تری ناو دامەزراوەکە و ڕۆژ و مانگ و ساڵی لەدایکبوونیان و بڕوانامەکانیان و ناونیشانی وەزیفی و پسپۆڕییان و مێژووی دامەزراندن و دەستبەکاربوونیان لە دامەزراوەکە و ناوی ئەو دامەزراوەی کە لێوەی هاتووە، دەگرێتەخۆ.

پ- تۆماری نمرەکان، کە تێدا نمرەکانی هەر قوتابی و خوێندکارێك لە هەر بابەتێك و هەموو تاقیکردنەوە و هەموو وەرزەکان دەگرێتەخۆ.

ت- تۆماری قوتابیان و خوێندکارانی ئامادەنەبوو.

ج- تۆماری بڕوانامەی هاتوو و دەرچوو لە دامەزراوەکە.

چ- تۆماری کەلوپەل، کە گشت کەلوپەلەکانی دامەزراوەکەی تێدا تۆمار دەکرێت.

ح- تۆماری بەدواداچوون، کە ئاستی ئەکادیمی قوتابیان و خوێندکاران و نمرە و ئاستەکانیان دەگرێتە خۆ.

خ- تۆماری سەردانیکردنی سەرپەرشتیاران، کە تێیدا ڕۆژی سەردانی سەرپەرشتیار و تێبینی و هەڵسەنگاندنەکانی بۆ کادیرانی پەروەردە و فێرکاری، تێدا تۆمار کرابێت.

د- تۆماری سەردانیکردنی بەڕێوەبەر بۆ پۆلەکان، کە تێدا دیدەنیکردنی بەڕێوەبەر لە پۆل و هەڵسەنگاندنی بەجێهێنانی (أداء) مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوە و چۆنیەتیی بەشداریکردنی قوتابی و خوێندکار لە وانەکە و ئاستی سەرکەوتنی مامۆستا لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی فێرکردنی، تێدا تۆمار کرابێت.

ر- تۆماری قوتابیان و خوێندکارانی دەرنەچوو، کە تێدا ناوی ئەو قوتابی و خوێندکارانە تۆمار دەکرێت کە دەرنەچوون، لەگەڵ ساڵی لەدایکبوون و نمرەکانیان لە بابەتە جۆراوجۆرەکان.

ز- تۆماری کۆبوونەوەکان، کە لەناویاندا پوختەی کۆبوونەوەکانی ناو دامەزراوەکە تۆمار دەکرێت.

ژ- تۆمـــاری تەلاری دامەزراوەکە، کە زانیـــاری وردتـــر لەبـــارەی ژمـــارە و ڕووبەری پـــۆل و تـــاقیگە و ژوورەکانی کارگێڕی و ڕووبەرەکانی تری تەلاری دامەزراوەکەی تێدا تۆمار دەکرێت.

**سێیەم**: وەزارەت، لە ڕێگەی ڕێنماییەوە، مافی زیـادکردنی تۆمـاری هەیـە بە مەرجێـك بەر لە دەسـتپێکی سـاڵی خوێندنی نوێ دامەزراوەکانی لێ ئاگاداربکاتەوە.

## ڕاپۆرتی ساڵانە

**ماددەی (٦٧):**

پێویسـتە دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومییەکـان پـێش ڕۆژی یەکـی مـانگی (٧) حەوت ڕاپـۆرتی سـاڵانەی خۆیان بە زمانی کوردی، دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن و چالاکییەکان ئامـادە بـکەن، و هەر کات (بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە) لە پارێزگا داوای کرد ڕادەستی بکرێت.

**ماددەی (٦٨):**

**یەکەم**: بەشـی کـارگێڕی دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومییەکـان کارئاسـانی بـۆ پێکهێنـانی ئەنجـومەنی بەخێوکاران دەکات، ئەنجومەنەکە هەمان ئەو کارانە دەکات کە لە ڕێنماییەکانی ئەنجـومەنی بەخێوکـاران لە دامەزراوە حکومییەکان هاتووە.

**دووەم**: ئەگەر قوتابیـان و خوێنـدکاران ویسـتیان نـوێنەرایەتی پیشـەیی خۆیـان لە قوتابخـانە و خوێنـدنگە و پەیمـانگە دروسـت بـکەن، دەبێـت بەشـی کـارگێڕی قوتابخـانە و خوێنـدنگە و پەیمـانگە ناحکومییەکـان کارئاسانیان بۆ بکەن.

## کرێی ساڵانەی خوێندن

**ماددەی (٦٩):**

**یەکەم**: هەمــوو دامەزراوە پەروەردەیــیە ناحکومییەکــان، مــافی وەرگرتنــی کرێــی ســاڵانەی خوێنــدنیان هەیە.

**دووەم**: ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییانەی پاش دەرچـوونی ئەم ڕێنماییـانە مـۆڵەت وەردەگـرن، کرێـی سـاڵانەی خوێنـدن پـارەی کتێـب و جلـوبەرگی یەکپۆشـی لە خـۆ دەگرێـت، بەڵام ئەگەر بەخێوکارێـك جلوبەرگی ساڵی پێشتری بۆ منداڵەکەی هەبـوو کە هەمـان سـتایل و لۆگـۆی جلـوبەرگی ئەمسـاڵی هەیە و داوای کرد پارەی لە جیاتی جلەکـان بـدرێتەوە، مـافی ئەوەی هەیە پـارەی جلـوبەرگەکەی، کە دامەزراوەکە دەستینشانی دەکات، وەرگرێتەوە.

**سێیەم**: بـۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییـە ناحکومییـانەی پـێش دەرچـوونی ئەم ڕێنماییـانە دەسـتبەکاربوون و بەپێی مۆڵەتەکەیان کرێی ساڵانەی خوێندن بەدەرە لە پارەی ساڵانی کتێبەکـان و پـارەی جلـی یەکپۆشـی، دەبێـت بـڕی پـارەی سـاڵانەی کتێبەکـان و جلـی یەکپۆشـی لە وەزارەت ڕەزامەنـدی بـۆ وەربگیرێـت، بەڵام لەکـاتی نـوێکردنەوەی مـۆڵەت ئەو دامەزراوانە مافیـان هەیە پـارەی سـاڵانی کتێبەکـان و پـارەی جلـی یەکپۆشی بخەنە سەر کرێی ساڵانەی خوێندن و ڕەزامەندی لەسەر وەربگرن.

**چـوارەم**: بـۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەیـیە ناحکومییـانەی پـێش دەرچـوونی ئەم ڕێنمـاییە دامەزراون، کرێـی سـاڵانەی خوێنـدن بەپێـی ئەو مـۆڵەتە دەبێـت کە دامەزراوەکە پێشـتر وەری گرتـووە، بەڵام لەکـاتی نوێکردنەوەی مـۆڵەت وەزارەت مـافی کەمکـردنەوەی کرێـی سـاڵانەی خوێنـدنی هەیە، بە گـوێرەی بەنـدی (شەشەم)ی ئەم ماددەیە، ئەگەر بارودۆخی دارایی هەرێم ئەوە بخوازێت، لە حاڵەتی کەمکردنەوەی کرێـی ساڵانە، ئەو کات کەمکردنەوەکە بۆ ئەو ساڵەی خوێندن دەبێت و سـاڵی دواتـر کرێـی سـاڵانەکە دەچێـتەوە ئاستی پێشوی پێش کەمکردنەوەکە.

**پێنجەم**: نابێت قوتابیان و خوێندکاران و کەسوکاریان بە ئەرکی دارایی یان پێبەخشین لە قوتابخانە و خوێندنگە پەیمانگە ناحکومییەکاندا پابەند بکرێن، جگە لەوەی کە لە بەندەکانی ئەم ماددەیە هاتووە. ئەو خزمەتگوزاریانەی لە دەرەوەی پرۆسەی خوێندنن، وەك خزمەتگوزاری هاتووچۆ و نانخواردن و فرۆشگا بە نرخێك دەبێت کە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکە خۆی لەکاتی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار بەخێوکاری لێ ئاگاداردەکاتەوە، ئەگەر وەزارەت بڕەکانی پێ زۆر بوو مافی هەیە کەمی بکاتە.

**شەشەم**: پێویستە گرێبەستێك لە نێوان دامەزراوە و بەخێوکار پێش دەستپێکردن بە خوێندن هەبێت، کە بەلایەنی کەم ئەم لایەنانە لە خۆ بگرێت: ئەرك و مافی هەردوو لایەن، و بڕی کرێی ساڵانەی خوێندن، و کات و بڕی پشکەکانی ساڵانەی خوێندن، و ڕێکارەکان لە کاتی نەدانی پشکەکان لە کاتی خۆی.

**حەوتەم**: دەکرێت وەرگرتنی کرێی ساڵانەی خوێندن لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان لە ڕێگای ژمارەیەکی بانکییەوە بێت، ئەگەر دامەزراوەکە وا بخوازێت.

**هەشتەم**: گۆڕانکاری لە نرخی ساڵانەی خوێندن، تەنها پاش ڕەزامەندی وەزیر دەبێت، و بە ڕەچاوکردنی ئاستی خوێندن (جۆرێتی خوێندن و تێچووەکانی) و ڕێژەی هەڵئاوسان لە هەرێمدا، و دەبێت بەخێوکاران پێش بە (٤) چوار مانگ لە گۆڕانکارییەکان ئاگادار بکرێنەوە.

**نۆیەم**: پێویستە هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، بۆ هەر ساڵێکی خوێندن (٥) پێنج کورسی بە خۆڕایی بۆ منداڵی شەهیدان و هاوسەرەکانیان تەرخان بکات، بەو مەرجەی ئەو ژمارە داواکارییە هەبێت.

**دەیەم**: پێویستە هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، بۆ هەر ساڵێکی خوێندن (٥) پێنج کورسی بە خۆڕایی بۆ کەمئەندامانی سەنگەر و منداڵەکانیان و هاوسەرەکانیان دابین بکەن، بەو مەرجەی ئەو ژمارە داواکارییە هەبێت.

## پشکەکانی (أقساط) کرێی خوێندن

**ماددەی (٧٠):**

**یەکەم**: کرێی ساڵانەی خوێندن، لە دوو پشك کەمتر نابێت.

**دووەم**: پشکی یەکەم لەکاتی تۆمارکردن یان پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن دەدرێت.

**سێیەم**: پشکی دووەم پێش دەستپێکی وەرزی دووەمی خوێندن دەدرێت.

**چوارەم**: دامەزراوەکە، مافی زیادکردنی پشکی خوێندنی بۆ زیاتر لە (٢) دوو پشك هەیە.

**پێنجەم**: بەخێوکار مافی پێدانی پشکەکانی بە جیا یان پێکەوە هەیە.

**شەشەم**:

أ- ئەگەر بەخێوکار یان خوێندکار لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی تۆمارکردنەوە، بە مەرجێك تۆمارکردن پێش دەستپێکی خوێندن کرابێت و بەخێوکار پارەی دابێت، پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند ئەرکە دامەزراوەکە (٩٠٪) نەوەد لە سەدی پارە دراوەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە.

ب- ئەگەر بەخێوکار یان خوێندکار لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی دەسپێکی خوێندنەوە پەشیمانی خۆی ڕاگەیاند، ئەرکە دامەزراوەکە (٥٠ ٪) پەنجا لە سەدی پارە پشکی یەکەمی بۆ بگەڕێنێتەوە.

پ- ئەگەر قوتابی و خوێندکار وەرزی دووەمی لە دامەزراوەکە دەست پێنەکرد، پارەی وەرزی دووەم نادات.

## ڕێکارەکانی دامەزراوە پەروەدەییە ناحکومییەکان لەکاتی نەدانی کرێی ساڵانەی خوێندن

**ماددەی (٧١):**

**یەکەم**: هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، مافی ئەوەیان هەیە داوا لە وەزارەت بکەن کە ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بەخێوکارانیان دوای ئاگادارکردنەوەش، پشکەکانی کرێی ساڵانەیان لەکاتی خۆی نادەن، لە دامەزراوەکە بگوازرێنەوە بۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی حکومی یان ناحکومی تر.

**دووەم**: لەکاتی داواکردنی دامەزراوەکە سەبارەت بە گواستنەوەی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە، وەزارەت لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا داواکە پەسەند دەکات و قوتابییەکە/خوێندکارەکە دەگوازێتەوە بۆ دامەزراوەیەکی حکومی، یان ناحکومی ئەگەر بەخێوکار/خوێندکار خۆی ویستی کرێی ساڵانەی خوێندن بدات.

**سێیەم**: لەکاتی نەدانی کرێی ساڵانەی خوێندن لەکاتی خۆیدا، دامەزراوە مافی هەیە بڕوانامەی گواستنەوە بە قوتابی/خوێندکار نەدات تا پشکەکان تەواو دەدرێن.

## باجەکان

**ماددەی (٧٢):**

پێویستە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان ئەو باجانە، کە بەپێی یاسا دەکەوێتە سەر شانیان، بدەن جگە لە باجی خانوبەرە کە دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنی تەلارەکە.

**ماددەی (٧٣):**

کاروباری دارایی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان ملکەچی یاسا داراییە کارپێکراوەکان و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەبن.

**ماددەی (٧٤):**

دەکرێت موچەی مامۆستا و فەرمانبەران لە ڕێگای ژمارەی بانکییەوە بدرێت ئەگەر دامەزراوکە وا بخوازێت.

## بەشی هەشتەم
## سەرپێچی و سزاکان
## جۆری سزاکان

**ماددەی (٧٥):**

هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان بکات، لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە لە پارێزگا یان بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان و ڕەزامەندی وەزیر، سزا دەدرێت بە یەکێك لەم سزایانە:

**یەکەم**: ئاگاداراکردنەوەی دامەزراوەکە و سەپاندنی گۆڕانکاری بەسەردا.

**دووەم**: ئاگادارکردنەوەی دامەزراوەکە و سەپاندنی چاکسازیی و سزای دارایی بەسەردا.

**سێیەم**: ئاگادراکردنەوەی دامەزراوەکە و سەپاندنی چاکسازیی و سزای دارایی و کارگێڕی بەسەردا.

**چوارەم**: هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.

**پێنجەم**: هەر سزایەکی تر کە وەزارەت بە پەسەندی دەزانێت بەپێی یاسا و ئەم ڕێنماییە، بە مەرجێك دژی هیچ ماددەیەکی یاسا و ئەم ڕێنماییە و هاوپێچەکانی نەبێت.

**شەشەم**: لەکاتی پابەندنەبوون بە سزا داراییەکان لەکاتی خۆی، سزاکان زیاد دەکرێن بۆ دوو هێندە، و ئەگەر دوای ئەوەش هەر پابەند نەبوون بە سزاکان مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٧٦):**

**یەکەم**: شێواز و بڕی سزاکان بەپێی خشتەیەك دەبێت، وەك ئەوەی لە هاوپێچی ئەم ڕێنماییە هاتووە، کە وەزارەت ساڵانە پێش ڕۆژی یەکی مانگی (٨) هەشتی هەر ساڵێك دەستنیشانی دەکات.

**دووەم**: بەپێی یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) سزای دارایی لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نابێت و لە (١٥٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نابێت.

### ڕێکارەکانی بەدواداچوون و بڕیاردان سەبارەت بە پێشێلکاری و سەرپێچییەکان

**ماددەی (٧٧):**

**یەکەم**: لەکاتی هەبوونی سکاڵایەکی فەرمی لەسەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی سەبارەت پێشێلکاری یاخود سەرپێچی یاسا و ڕێنماییەکان، ئەوا مافی ئاسایی وەزارەتە کە ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە) لە پارێزگا بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوون بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو سکاڵایە بدات.

**دووەم**:

أ- دەبێت لیژنەی بەدواداچوون، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە گەیشتنی سکاڵاکە، یان زانیارییەکان پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتیی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکە بکات و داوای ڕوونکردنەوەی لێبکات سەبارەت بە هەموو ئەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی دامەزراوەکە کراوە.

ب- دەبێت وەڵامی بەڕێوەبەرایەتیی دامەزراوە پەروەردەییەکە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژی کاردا بە دەست لیژنەی بەدواداچوون بگات.

**سێیەم**: دوای وەرگرتنی وەڵامی دامەزراوەکە، لیژنەی بەدواداچوون دەست بە پرۆسەی تاوتوێکردنی بابەتەکە دەکات و لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت بڕیار لەسەر پەروەندەکە دەدات.

**چوارەم**: لە کاتێکدا تۆمەتەکان نەسەلمێنران، لیژنەی بەدواداچوون بڕیاری داخستنی پەروەندەکە دەدات و دامەزراوەکەی لێ ئاگاداردەکاتەوە.

**پێنجەم**: ئەگەر پێشێلکاریی یاسایی، یان سەرپێچی ڕێنماییەکان، یان ئاستنزمی خوێندن لە دامەزراوەکە سەلمێنرا، لیژنەی بەدواداچوون پێشنیاری جۆر و بڕی سزاکان دەکات لە کاتی بوونی توخمی سزایی هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت.

**شەشەم**: پاش گەیشتنی پێشنیاری لیژنەکە، وەزیر بڕیار لەسەر سزادان یان سزانەدان و شێواز و بڕی سزاکان دەدات.

**حەوتەم**: لە حاڵەتی سەپاندنی سزای هەڵوەشاندنەوە لەلایەن وەزارەتەوە، خاوەنی مۆڵەت مافی تانەلێدانی لە بڕیارەکە لای (ئەنجومەنی وەزیران) هەیە، لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی دەوام زیاتر نەبێت لە ڕۆژی گەیشتنی بڕیاری وەزارەت بە شێوەیەکی فەرمی بە خاوەنی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکە، ئەنجومەنی وەزیرانیش لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکارییەکە بڕیاری کۆتایی خۆی دەردەکات و بڕیارەکەش شایانی تانەلێدان دەبێت لەبەردەم دادگای کارگێڕیدا.

**هەشتەم**: لە حاڵەتی سەپاندنی سزای دارایی یان کارگێڕی لەلایەن وەزارەتەوە، خاوەنی مۆڵەت مافی تانەلێدانی لە بڕیارەکە لای وەزیر هەیە، لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژی دەوام زیاتر نەبێت لە ڕۆژی گەیشتنی بڕیاری وەزارەت بە شێوەیەکی فەرمی بە خاوەنی دامەزراوە پەروەردەییەکە.

## بەشی نۆیەم
## حوکمی گشتی
### مافی قوتابیان و خوێندکاران

**ماددەی (٧٨):**

مافەکانی قوتابیان و خوێندکارانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومیەکان، دەبێت پارێزراو بن.

### ژمارەی منداڵ و قوتابی لە پۆلدا

**ماددەی (٧٩):**

**یەکەم**: نابێت هیچ پۆلێکی باخچەی منداڵان لە (٢٥) بیست و پێنج منداڵ زیاتری تێدا بێت و نابێت ڕووبەر بۆ هەر منداڵێك لە پۆلەکە لە (١،٥) یەك مەتر و نیو دووجا کەمتر بێت.

**دووەم**: نابێت هیچ پۆلێکی قوتابخانە، خوێندنگە، کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە لە (٣٠) سی قوتابی زیاتر بێت، و نابێت ڕووبەر بۆ هەر قوتابی و خوێندکارێك لە پۆلەکە لە (١،٥) یەك مەتر و نیو دووجا کەمتر بێت.

**ماددەی (٨٠):**

دەکرێت دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی قازانجنەویست بێت یان قازانجویست.

**ماددەی (٨١):**

هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، مافی دیزاینی جلوبەرگی یەکپۆشی تایبەت بە خۆیی هەیە و لە هەفتەی یەکەمی خوێندن بەسەر قوتابیان و خوێندکاران بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٦٩) دابەش دەکرێت.

**ماددەی (٨٢):**

**یەکەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان مافی خۆیانە ڕاگەیاندنی خۆیان هەبێت، ئەویش دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی تر.

**دووەم**: ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییانەی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە مۆڵەتیان لەلایەن وەزارەتەوە پێدراوە، ناوەکانیان پارێزراوە، بەڵام ئەو دامەزراوانەی بە ناڕەوا و بێ ئاگاداری ناوەندێکی نێودەوڵەتی ناوی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکەیان لە خۆیان ناوە، وەزارەت مافی هەیە ناوەکانیان پێ بگۆڕێت بۆ ناوێکی تری ڕەوا کە دامەزراوەکە هەڵیدەبژێرێت.

**سێیەم**: هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی مافی هەیە ناوی خۆی بگۆڕێت لە ڕێگای پێشکەشکردنی داوایەك بە (بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان) کە لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا داواکە پەسەند دەکات بە مەرجێك ناوە نوێیەکە لەگەڵ بەندی (چوارەم) ی ماددەی (٥) پێنج بگونجێت.

**ماددەی (٨٣):**

**یەکەم**: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان مافی خۆیانە سیمینار و خول و چالاکی دیکە بۆ مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی خۆیان ساز بکەن، بێ ئەوەی پێویستیان بە مۆڵەتی پێشوەختەی وەزارەت بێت.

**دووەم:**

أ- لە دەرەوەی کاتەکانی خوێندن دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان مافی خۆیانە چالاکی جۆراجۆر بۆ خۆیان ساز بکەن، بێ ئەوەی پێویستیان بە مۆڵەتی پێشوەختەی وەزارەت بێت، بە مەرجێک نوێنەری قوتابخانەیان لەگەڵ بێت و قوتابیان ڕەزامەند بن و ئارەزوومەندانە بێت.

ب- لە کاتی دەوامی خوێندن، ئەگەر ئەنجامدانی چالاکی جۆراجۆر کاریگەری زۆری لەسەر کات و ڕەوشی خوێندن هەبێت، دەبێت پێشوەختە ڕەزامەندی (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەرورەدە) لە پارێزگا وەربگیرێت، لە کاتی دەوام، ئەگەر دامەزراوەیەك گەشتێکی بۆ دەرەوەی وڵات ڕێکخست، دەبێت مۆڵەتی پێشوەختەی وەزارەتی بۆ وەربگیرێت.

پ- لە کاتی سازدانی گەشتی زانستی بۆ قوتابیان، دەبێت ناوەڕۆکی گەشتەکە زانستی یان پەروەردەیی بێت، یان لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە سوودی لێ وەربگیرێت، و دەبێت پێشوەختە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو شوێنە بکرێت کە سەردانی دەکرێت، لەو کاتانەدا دامەزراوە بەرپرسایەتی تەواو هەڵدەگرێت، و پێویست بە ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەت ناکات.

**ماددەی (٨٤):**

دەبێت ئاڵای کوردستان و ئاڵای دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکە لەسەر بان، لە دیوار یان لەبەردەم تەلاری دامەزراوەکە دابنرێت.

**ماددەی (٨٥):**

**یەکەم:** لە هەموو دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکاندا گشت ئەو کارانەی لەگەڵ پەیامی پەروەردە و فێرکاری ناگونجێن ڕێپێنەدراون، بەتایبەتیش ئەمانەی خوارەوە:

أ- هەڵگرتنی چەك، تەنانەت ئەو چەکانەش کە لە ڕووی یاساییەوە مۆڵەتپێدراون، هەروەها هەڵگرتنی ئامێری بریندارکەر و مەترسیدار لە ناو دامەزراوەی پەروەردەیی.
ب- جگەرەکێشان و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر و سەرخۆشکەر و هەر ماددەیەکی تری قەدەغەکراو.
پ- ڕێکلامی بازرگانی و چالاکی حزبی.
ت- بەکارهێنانی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی؛ هەروەها ڕێگا بە بەکارهێنانی ڕەفتاری یەکترشکاندن نادرێت.
ج- بەکارهێنان و نیشاندانی ئەو دروشمانەی لەگەڵ بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ئایینی و نەتەوەیی گەلی کوردستان ناگونجێن.

**دووەم**: هەر کەسێك سەرپێچییەك بەرانبەر بە بڕگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە بکات، سزای کارگێڕی دەدرێت، بێ ئەوەی ڕێگا لە سزایەکی تر بەپێی ماددەیەکی تر بگرێت.

**ماددەی (٨٦):**

پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی تابلۆیەکی خۆی بە تەلارەکە یان لەبەردەم تەلارەکە هەبێت، و بەم جۆرەی خوارەوە:

**یەکەم**: تابلۆیەکە لە (٣) سێ مەتر بە (١,٥) یەك مەتر و نیو مەتر بچووکتر نەبێت.

**دووەم**: ناوی دامەزراوەکە، وەك لە مۆڵەتەکەدا هاتووە، لەسەر تابلۆکە بنووسرێت.

**سێیەم**: ساڵی دروستبوونی دامەزراوەکە لەسەر تابلۆکە بنووسرێت.

**چوارەم**: لۆگۆی دامەزراوەکە لەسەر تابلۆکە وێنە بکرێت.

**پێنجەم**: تابلۆکە بە زمانی کوردی بنووسرێت و دەکرێت بە زمانی تریش بنووسرێت.

**ماددەی (٨٧):**

هاوپێچەکانی ژمارە (١) یەك تا (٦) شەشی ئەم ڕێنماییانە بە بەشێکی ئەم ڕێنماییە هەژمار دەکرێن.

**ماددەی (٨٨):**

ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان و ڕێنمایی ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠٢١)ی هەموارکراو هەڵدەوەشێنەوە، و ئەم ڕێنماییە جێگەیان دەگرێتەوە.

**ماددەی (٨٩):**

گشت دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، کە مۆڵەتی وەزارەتی پەروەردەیان هەیە، دەبێت لە ڕۆژی (١-٣-٢٠٢٦) بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە پابەند بن، بەڕەچاوکردنی ئەوەی ئەو دامەزراوانەی کە لە تەلارێکی نەگونجاون و مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە یان مەرجەکانی ئەو ڕێنماییانەی لە کاتی دەرهێنانی مۆڵەتەکانیان بەرکار بوون، تێدا نییە دەبێت پێش ڕۆژی (١-١-٢٠٢٨) خۆیان لەگەڵ مەرجە بیناسازییەکانی ئەم ڕێنماییە بگونجێنن، و بە پێچەوانەوە بەپێی خاڵی (١٩)ی خشتی سزاکانی هاوپێچی ژمارە (١) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی (٩٠):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی (١-٣-٢٠٢٦) جێبەجێ دەکرێت، و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئالان حمە سعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**

**هاوپێچی ژمارە (١)**
**خشتەی سزاکان**

| | جۆری سەرپێچی | سزای دارایی به دینار | جۆری سزا و ڕێکارەکان که وەزارەت مافی هەیە بیگرێتە بەر. |
|---|---|---|---|
| ١ | له کاتی نەبوونی مۆڵەتی فەرمی. | (٤٠) چل تا (١٥٠) سەد و پەنجا ملیۆن | - مـــافی داخســـتنی ڕاســـتەوخۆی دامەزراوە. - تۆمـــارکردنی ســـکاڵای یاســـایی و هەواڵەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند |
| ٢ | له کاتی گۆڕینی مۆڵکداریەتی دامەزراوە بەبێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەت. | (٢٠) بیست تا (١٠٠) سەد ملیۆن | - مافی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت - وەزارەت مافی هەیە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە. |
| ٣ | له کاتی گواستنەوەی تەلاری دامەزراوە بێ مۆڵەتی فەرمی وەزارەت. | (٢٠) بیست تا (١٠٠) سەد ملیۆن | - مافی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت. - وەزارەت مافی هەیە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە. |
| ٤ | کاتێـــك دەردەکەوێـــت کە یەکێـــك لە بەڵـــگە و نووســـراوەکان کە لەکـــاتی داواکردنـــی مـــۆڵەت پێشکەشکراون، ساختە دەرچوون یـان بنەمایـان نییە. | (٤٠) چل تا (١٠٠) سەد ملیۆن | - تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی و هەواڵەکردنی بۆ دادگای تایبەتمەند. - وەزارەت مافی هەیە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە. |
| ٥ | کاتێـك دامەزراوەیەکـی نێـودەوڵەتی پاڵپشـتی ئەکادیمی لەلایەن ناوەندێکی سـەرەکی جیهـانی لەدەست داوە. | سزای دارایی بەپێی پێشنیاری لیژنەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی وەزیر. | - گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |
| ٦ | کاتێك دەردەکەوێت کە مۆڵەتی دامەزراوەیەکی نـاحکومی بەسـەرچووە بـێ ئەوەی دامەزراوەکە داواکاری بۆ نوێکردنەوەی مـۆڵەت پێشـکەش بە وەزارەت کردبێت. | (٢٠) بیست تا (٦٠) شەست ملیۆن | - ئاگادارکردنەوە کە دەبێت لەماوەی (٧)حەوت ڕۆژی کار داوای نوێکردنەوە پێشکەش بکات.وەزارەت مافی هەیە دامەزراوەکە دابخات. |
| ٧ | کاتێـــك دامەزراوەیەکــــی نــــاحکومی داوای نـــوێکردنەوەی مـــۆڵەتی درەنگتـــر کـــردووە وەك لەوەی لە ڕێنماییەکان هاتووە. | (١٠) دە تا(٢٠) بیست ملیۆن | |
| ٨ | له کاتی نەهێنانی بەڵگەی ئەستۆپاکی باجی دەرامەت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لەو ڕۆژەی وەزارەت بە فەرمی داوای کردووە. | (١٠) دە تا (١٠٠) سەد ملیۆن | - دەبێت باجەکان لە ماوەی (٣) سێ مانگ بدرێن، ئەگەر نەدران پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە مۆڵەت دەستپێدەکات |
| ٩ | له کاتی وەرگرتنی قوتـابی قۆناغێـک بـێ ئەوەی دامەزراوەکە مۆڵەتی ئەو قۆناغەی هەبێت. | (٣٠) سی تا (٥٠) پەنجا ملیۆن | - گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |
| ١٠ | کاتێـــك ڕێـــژەی مامۆســـتایانی هەمیشـــەیی لە دامەزراوە نـــاحکومییەکە لەژێـــر مەرجـــی داواکراوە، واتە لە ژێر ئەو مەرجەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٢٩) هاتووە. | (١٠) دە تا (٧٠) حەفتا ملیۆن | - وەزارەت مافی دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی هەیە. - گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | کاتێـك دامەزراوەیەکـی نـاحکومی مامۆسـتا و کارمەنـدی تـری هەمیشـەیی بەپێـی ڕێنمـایی دانامەزرێنێت، واتە کاتێك دامەزراوە سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (٢٨) دەکات. | (١٠) دە تا(٢٠) بیست ملیۆن | - گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |
| ١٢ | کاتێـك دامەزراوەیەکـی نـاحکومی کارمەنـدێکی دامەزراوەیەکی حکومی بەکاردەهێنێت لە کاتی دەوامــی ڕۆژانەی ئەو دامەزراوە حکــومییەی مامۆســتاکە کــاری لــێ دەکــات، واتە کاتێــك دامەزراوەکە ســەرپێچی حوکمەکــانی بەنــدی ســێیەمی مــاددەی (٢٩) دەکـــات، ئەمە ئەو مامۆستایانە ناگرێتەوە کە مۆڵەتی بێ موچەیان وەرگرتووە، یان (إعارە) کراون. | (١٠) دە تا(٣٠) سی ملیۆن | - گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |
| ١٣ | کاتێك دامەزراوەیەکی پەروەردەیـی نـاحکومی ڕێکــلام بە پــێچەوانەی حوکمەکــانی بەنــدی (شەشەم)ی ماددەی (٢٩) دەکات. | (٢٠) بیست تا(٦٠) شەست ملیۆن | - گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |
| ١٤ | کاتێك مووچەی مامۆستا و کارمەندانی تر لەوە کەمترە وەك لەوەی لەم ڕێنماییانە هاتووە. | (١٠) دە تا(٤٠) ملیۆن | - چاکردنەوەی مووچەکان. |
| ١٥ | وەرگرتنی پـارەی زیـادە لە قوتـابی و خوێنـدکار، وەك لەوەی لە مـاددەی کرێـی ســاڵانەی خوێنـدن هــاتووە، واتە کاتێــك ســەرپێچی حوکمەکــانی بەندی (شەشەم)ی ماددەی (٦٩) دەکرێت. | (٣٠) سی تا(٦٠) شەست ملیۆن | - دەبێت ئەو پارە زیادەی وەرگیراوە بدرێتەوە قوتابیان.<br>- گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |
| ١٦ | کاتێك ژمارەی منداڵ/قوتابی/خوێندکار لە پۆلدا لەوە زیاترە وەك لەوەی لەم ڕێنماییە هاتووە. واتە کاتێك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (٧٩) دەکرێت. | (١٠) دە تا(٥٠) پەنجا ملیۆن | - گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |
| ١٧ | کاتێـــــك ڕووبەرەکـــــانی نـــــاو تەلارەکە وپێداویسـتییەکانی تەلاری دامەزراوەکە هاوتـا نییە لەگەڵ ئەوەی بە وەزارەت ڕاگەیێنراوە. | (٢٠) بیست تا(٦٠) شەست ملیۆن | - گرتنەبەری ڕێکاری پێویست. |
| ١٨ | کاتێــك ســەرپێچی بەرانــبەر بە مــاددەی (٦٣) سەبارەت بە پرسی خولەکان | (١٠) دە تا (٥٠) پەنجا ملیۆن | - وەزارەت مافی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی هەیە. |
| ١٩ | ئەو ســەرپێچییانەی لەم خشــتەیەدا ناویــان نەهـــاتووە، بەپێـــی پێشـــنیاری لیـــژنەی بەدواداچـوون و هەڵسـەنگاندنی وەزیـر سزایان بــۆ دادەنرێــت بەڵام دەبێــت ســزاکان لەگەڵ ڕێنماییەکان هاوتەریب بن. | (١٠) دە تا(١٥٠) سەد و پەنجا ملیۆن | بژاردەکان:<br>- سزای دارایی<br>- سزای فەرمی<br>- وەزارەت مافی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی هەیە. |
| ٢٠ | ئەگەر دەرکەوت کە ئەو زانیــاری و نەخشــانەی پێشـــکەش بە وەزارەت کـــراوە لەگەڵ ئەوەی دروستکراوە کۆك نییە. | (١٠) دە تا(٥٠) پەنجا ملیۆن | - دانانی لیژنەی بەدواداچوون و گرتنەبەری سزا و ڕێکاری پێویست. |

**هاوپێچی ژمارە (٢)**

**هاوپێچی تەلارسازی**

**مەرج و پێکهاتەکانی تەلاری باخچەی منداڵان لە ڕووی بیناسازی و هونەری و پەروەردەییەوە، لەکاتی بەکارهێنان یان بەکرێگرتنی تەلارێك کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست دەکراوە**

**یەکەم**: دەق و مەرجەکانی ئەم هاوپێچە تەنها ئەو تەلارانەی باخچەی منداڵان دەگرێتەوە کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست کراون.

**دووەم**: پێویستە ئەو تەلارەی بەکاردەهێنرێت لەگەڵ مەرجەکانی (بەشی چوارەم)ی ئەم ڕینماییە، کە ماددەکانی (٢٤) تا (٢٧) لەخۆ دەگرێت، بگونجێت.

**سێیەم**: پێویستە ڕووبەری زەوی باخچەی منداڵان لە (٤٠٠) چوار سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و تەلاری باخچە لە (٣٠٠) سێ سەد مەتەر دووجا کەمتر نەبێت.

**چوارەم**:

١- پێویستە داواکار نەخشەی زەوییەکە و نەخشەی تەلارەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات.

٢- پێویستە ڕووبەری زەوییەکە بەپێی (چەسپاندنی سنوور)ی شارەوانی بێت.

٣- پێویستە نەخشەکە گشت ئەو پێکهاتانە لەخۆ بگرێت کە لەسەر زەوییەکە دروستکراون، و هەروەها گشت ڕووبەرەکانیان و ڕووبەری گشتی تەلارەکە بە گشت نهۆمەکانەوە لە خۆ بگرێت.

٤- پێویستە نەخشەی پێکهاتەکان پەسەندی (شارەوانی)ی لەسەر بێت.

**پێنجەم**: پێویستە دیواری تەلاری باخچەکە بەلایەنی کەم (١٠٠) سەد مەتر لە شوێنە مەترسیدارەکانی وەك (هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز، تاوەری گەیاندن، بەنزینخانە) دوور بێت، بەڵام ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری شارستانی دوورییەکی تری بە گونجاو زانی ئەوکات ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری شارستانی کارپێکراو دەبێت.

**شەشەم**: پێویستە پێکهاتە و ڕووبەرەکانی باخچەی منداڵان بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

١- ڕووبەری پۆل نابێت لە (٢٠) مەتر دووجا کەمتر بێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەر منداڵێك دەبێت بەلایەنی کەم (١،٥) یەك مەتر و نیو دووجای بەرکەوێت.

٢- دەکرێت باخچەی منداڵان دوو ژووری بۆ پۆل هەبێت یان زیاتر.

٣- دەبێت هەر پۆلێك پەنجەرەی هەبێت بە ڕووبەری بە لایەنی کەم (٣) سێ مەتر دووجا.

٤- دەبێت بەرزی ناو پۆل لە (٢٨٠) دوو سەد و هەشتا سانتیمەتر کەمتر نەبێت. هەروەها بەرزی ڕاڕەوەکان لە (٢٨٠) سم کەمتر نەبێت.

٥- شوێنی چێشتلێنان دەبێت بە جیا بێت و ڕووبەرەکەی بە لایەنی کەم لە (١٠) دە مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و شوێنی نانخواردنی منداڵانی بە جیا بێت و نابێت لە (٢٠) بیست مەتر دووجا کەمتر بێت.

٦- بۆ هەر (٢٥) بیست و پێنج منداڵێك یان پۆلێك توالێتێك هەبێت و دەبێت پەنجەرە یان هەواکێش (ساحیبە) لە هۆڵی توالێتەکان هەبێت. هەروەها (١) توالیت بۆ هەر (١٠) دە کارمەندێک.

٧- سەوزایی/گۆڕەپانی یاری لە (٣٠) سی مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٨- کامیرای چاودێری هەبێت.

٩- ئاگرکوژێنەرەوە هەبێت.

١٠- دەرگاکان سەلامەت کرابن بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر دەست و پەنجەی منداڵ دروست نەکەن.

١١- ئینتەرنێتی لە دوو مێگابات کەمتر نەبێت.

١٢- ژووری بەڕێوەبەر و مامۆستایان لە (١٢) دوازدە مەتر دووجا، کەمتر نەبێت.

١٣- دەبێت محەجەرەی قادرمەکان لە (١٠٠) سەد سانتیمەتر نزمتر نەبن.

١٤- دەبێت باخچەی منداڵان چارەسەری گشت شوێنێکی مەترسیداری تەلارەکەی کردبێت.

**هاوپێچی ژمارە (٣)**

**هاوپێچی تەلارسازی**

**مەرج و پێکهـــاتەکانی تەلاری باخچەی منداڵان لە ڕووی بیناسازی و هونەری و پەروەردەییەوە لەکاتی دروستکردنی تەلاری نوێ کە پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست دەکرێت**

**یەکەم**: دەق و مەرجەکانی ئەم هاوپێچە تەنها ئەو تەلارانەی باخچەی منداڵان دەگرێتەوە کە پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دەست بە مامەڵەی دروستکردنیان دەکرێت.

**دووەم**: پێویستە ئەو تەلارەی دروست دەکرێت لەگەڵ مەرجەکانی (بەشی چوارەم)ی ئەم ڕینماییە، کە ماددەکانی (٢٤) تا (٢٧) لەخۆ دەگرێت، بگونجێت.

**سێیەم**: پێویستە ڕووبەری زەوی باخچەی منداڵان لە (٤٠٠) چوار سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، و تەلاری باخچە بە گشت نهۆمەکانەوە لە (٣٠٠) سێ سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

**چوارەم:**

١- پێویستە داواکار نەخشەی زەوییەکە و نەخشەی تەلارەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات.

٢- پێویستە ڕووبەری ئەو زەوییەی تەلاری لەسەر دروستدەکرێت بەپێی چەسپاندنی سنوور، کە لە شارەوانی دەرچووبێت. ئەگەر چەسپاندنی سنوور هێشتا ئامادە نییە ئەوکات بەپێی نووسراوی فەرمی شارەوانی بێت.

٣- پێویستە نەخشەکە گشت ئەو پێکهاتانە لەخۆ بگرێت کە لەسەر زەوییەکە دروستکراون، و هەروەها گشت ڕووبەرەکانیان و ڕووبەری گشتی تەلارەکە بە گشت نهۆمەکانەوە لە خۆ بگرێت.

٤- پێویستە نەخشەی پێکهاتەکان پەسەندی (شارەوانی) لەسەر بێت.

**پێنجەم**: پێویستە ڕەچاوی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان بکرێت (بۆ نموونە دابینکردنی ڕەمپە، توالێتی گونجاو، و هتد).

**شەشەم:**

١- پێویستە تەلارەکە بە لایەنی کەم (١٠٠) سەد مەتر لە شوێنە مەترسیدارەکانی وەك (هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز، تاوەری گەیاندن، بەنزینخانە) دوور بێت، بەڵام ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری شارستانی دوورییەکی تری بە گونجاو زانی ئەوکات ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتیی بەرگری شارستانی کارپێکراو دەبێت.

٢- لەکاتی دروستکردنی تەلاری تازە، پێویستە ڕاڕەوەکانی ناوەوە و سەقفی ناوەوەی تەلار بە سەندەویچ پانێل نەبێت، لەبەر مەترسی زووئاگرگرتن.

٣- نابێت هیچ باخچەیەکی منداڵان کە تازە دروست دەکرێت لە ژێرزەمین و نهۆمی زەوی و نهومی سەروتر بەرزتر بێت.

**حەوتەم**: دەبێت باخچەی منداڵان چارسەری گشت ئەو کەلوپەل و شوێنانەی تەلارەکە بکات کە مەترسی لەسەر منداڵان دروست دەکات.

**هەشتەم**: پێویستە پێکهاتەکان و ڕووبەرەکانی تەلاری باخچە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

| پێکهاتەکان | کەمترین ڕووبەری پێویست |
|---|---|
| **پۆل (ژووری منداڵان):**<br>١- دەبێت ڕووبەری پۆل لە (٣٥) سی و پێنج مەتر دووجا کەمتر نەبێت.<br>٢- دەبێت درێژی پۆل لە (٧) حەوت مەتر کەمتر نەبێت و پانی پۆل لە (٥) پێنج مەتر کەمتر نەبێت.<br>٣- دەبێت پۆل پەنجەرەی هەبێت، کە کۆی لە (٣) سێ مەتر دووجا کەمتر نەبێت.<br>٤- دەبێت پەنجەرەی پۆلەکان لەسەر دیوارە درێژەکانی پۆلەکان بن، نەک لەسەر دیوارە کورتەکان، و ڕووی پەنجەرەکان لە دەرەوە بن، واتە ڕوو لە(حەوشە/باخچە/شەقام/دەرەوە) بن، نەک ڕوویان لەسەر ڕاڕەوی ناوەوە بێت.<br>٥- دەبێت بەرزی ناو پۆل لە (٢٨٠) سم کەمتر نەبێت.<br>٦- بوونی سەقفی یەدەکی (ثانوي) لە پۆل مەرج نییە.<br>٧- دەکرێت باخچەی منداڵان دوو ژووری پۆلی هەبێت یان زیاتر. | (٣٥) م٢ |
| **ڕاڕەوەکانی بەردەم پۆلەکان:**<br>١- دەبێت پانی ڕاڕەوەکانی بەردەم پۆلەکان لە (٤) چوار مەتر کەمتر نەبن لەحاڵەتێکدا پۆل لەسەر هەردوو دیوی ڕاڕەوەکە هەبێت، بەڵام ئەگەر پۆل تەنها لەسەر یەک دیوی ڕاڕەوەکە هەبێت دەبێت پانی ڕاڕەوەکان لە (٣) سێ مەتر کەمتر نەبێت.<br>٢- دەبێت بەرزی سەقفی ڕاڕەوەکان لە زەویەوە لە (٢٨٠) دوو سەد و هەشتا سانتیم کەمتر نەبێت.<br>٣- بوونی سەقفی یەدەکی (ثانەوی) لە پۆلدا مەرج نییە. | |
| **قادرمەکان:**<br>١- دەبێت پانی قادرمەکان لە (١٥٠) سەد و پەنجا سانتیم کەمتر نەبن، و دەبێت دەسکی قادرمە لەسەر هەردوو دیوی قادرمەکە هەبێت.<br>٢- دەبێت بەرزی هەر پایەیەکی قادرمە لە (١٦) شازدە سانتیم زیاتر نەبێت.<br>٣- دەبێت قوڵایی هەر پایەیەک لە (٢٨) بیست و هەشت سانتیم کەمتر نەبێت. | |
| **شوێنی چێشتلێنان:**<br>١- دەبێت شوێنی چێشتلێنان بە جودا هەبێت و ڕووبەرەکەی بە لایەنی کەم لە (٢٠) بیست مەتر دووجا کەمتر نەبێت.<br>٢- دەبێت شوێنی نانخواردنی منداڵان هەبێت کە نابێت لە (٣٥) سی و پێنج مەتر دووجا کەمتر بێت. | ٢٠ م٢<br>٣٥ م٢ |
| **تواڵێتەکان:**<br>١- دەبێت (١) یەك تواڵێت بۆ هەر پۆلێك هەبێت.<br>٢- دەبێت (١) تواڵێت بۆ هەر (١٠) دە کارمەندێک هەبێت.<br>٣- دەبێت پەنجەرە یان هەواکێش (ساحیبە) لە هۆڵی تواڵێتەکان هەبێت، نەك هەر تواڵێتێك.<br>٤- دەکرێت تواڵێتەکان و هۆڵی تواڵێتەکان پەنجەرەیان هەبێت یان نەبێت. | (١،٢٠) یەک مەتر و بیست سانتیم دووجا کەمتر نەبێت. |

| | |
|---|---|
| پێکهاتە کارگێڕییەکان | |
| ژووری بەڕێوەبەر | ١٢ م٢ |
| ژووری مامۆستایان | ٣٠ م٢ |
| ژووری کاروباری کارگێڕی و ئای تی | ١٢ م٢ |
| ژووری کۆبوونەوە | ١٢ م٢ |
| ژووری فریاگوزاری تەندروستی | ٩ م٢ |
| هۆڵی یاریگای ناوەوە | ٥٠ م٢ |
| گۆڕەپانی یاری دەرەوە | ١٠٠ م٢ |
| ڕووبەری سەوزایی، بەپێی ڕێنماییەکانی فەرمانگەی ژینگە دەبێت. | |
| ئاگرکوژێنەوەی هەبێت. | |
| دەبێت کامیرای چاودێری لە هۆڵەکان هەبێت، و دەکرێت لە پۆلەکانیش هەبێت. | |
| سەرچاوەی ئاوی یەدەکی هەبێت، و ئاوخواردنەوەی پاك هەبێت. | |
| ئامێری سارد وگەرم کەرەوەی ژوورەکانی هەبێت. | |
| ئینترنێتی بە لایەنی کەم دوو مێگابایتی هەبێت. | |
| زیاتر لە یەك دەرگای فریاکەوتنی هەبێت. | |
| ناو دەرگاکان سەلامەت بکرێن بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر دەست و پەنجەی منداڵ نەبێت. | |
| دەبێت تەلاری باخچە شورای (سیاجی) هەبێت، بۆ نموونە دەکرێت شورا بە بەرد/بلۆك یان بە مەحەجەرە یان بە پەرژین یان بە شێوازێکی تری گونجاو بکرێت. | |

**هاوپێچی ژمارە (٤)**

**هاوپێچی تەلارسازی**

**مەرج و پێکهاتەکانی تەلاری قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردویی و پەیمانگە لە ڕووی بیناسازی و هونەری و پەروەردەییەوە لە کاتی بەکارهێنان یان بەکرێگرتنی تەلارێک کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست کراوە.**

**یەکەم**: دەق و مەرجەکانی ئەم هاوپێچە تەنها ئەو تەلارانە دەگرێتەوە کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە دروست کراون.

**دووەم**: پێویستە ئەو تەلارەی دروست کراوە لەگەڵ مەرجەکانی (بەشی چوارەم)ی ئەم ڕینماییە، کە ماددەکانی (٢٤) تا (٢٧) لەخۆ دەگرێت، بگونجێت.

**سێیەم**: پێویستە ڕووبەری ئەو زەوییەی تەلاری لەسەر دروستدەکرێت بەپێی چەسپاندنی سنووری شارەوانی بێت، و ئەگەر چەسپاندنی سنوور هێشتا ئامادە نییە بەپێی نووسراوی فەرمی شارەوانی بێت.

**چوارەم**: بە گوێرەی ئەو زەوییەی کە هەیە دەبێت ڕووبەرەکان بەم شێوەیە بن.

١- دەبێت ڕووبەری زەوی قوتابخانەی بنەڕەتی لە (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٢- ڕووبەری زەوی قوتابخانەی ئامادەیی زانستی و وێژەیی و پیشەیی لە (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەندێك بەشی ئامادەیی پیشەیی پێویستیان بە ڕووبەری زۆرتر هەیە، کەئەویش لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بیناسازی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی سەرپەرشتیاری و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان دیاریدەکرێت. لە کاتی کردنەوەی بەشی نوێ، لیژنەی ناوبراو بڕیار لەسەر ڕووبەرەکان دەدات.

٣- ڕووبەری زەوی قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی پێکەوە (٣٠٠٠) سێ هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٤- ڕووبەری زەوی کۆمەڵگەی پەروەردەیی خۆماڵی و نێودەوڵەتی لە (٤٠٠٠) چوار هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (٢٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٥- ڕووبەری زەوی پەیمانگەی پەروەردەیی (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی دەکرێت پەیمانگەی پەروەردەیی لە تەلارێکی چەند نهۆمی بێت و ڕووبەری نهۆمەکان پێکەوە لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٦- لە هەل و مەرجی تایبەتدا، کە پەیوەندی بە تەرخانکردنی زەوی وەبەرهێنانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەوە، وەزارەت مافی هەیە ڕووبەری زەوی کەمتر پەسەند بکات وەک لەوەی لە خاڵەکانی (١) تا (٥)ی سەرەوە هاتووە، بەمەرجێک لەگەڵ جۆر و پێکهاتەی دامەزراوەکە بگونجێت.

**پێنجەم**: پێویستە تەلارەکە بە لایەنی کەم (١٠٠) سەد مەتر لە شوێنە مەترسیدارەکانی وەك (هێڵی کارەبای باڵەپەستۆی بەرز، تاوەری گەیاندن) دوور بێت.

**شەشەم**:

أ- دەکرێت تەلار نهۆمی ژێرزەمینی هەبێت، بەڵام نابێت نهۆمی ژێرزەمین بۆ پۆل بەکار بێت، بەڵکو دەکرێت بۆ کاری خزمەتگوزاری و یاریگە و چێشتخانە و بەشی کارگێڕی و تاقیکە و هتد بەکار بێت بە مەرجێک پەنجەرەی تێدا بێت.

ب- دەکرێت تەلار لە یەك، دوو، سێ، چوار نهۆم یان زیاتر پێک بێت. ئەگەر تەلارەکە لە دوو نهۆم بەرزتر بوو (بێ ژێرزەمین) دەبێت نهۆمبڕی تێدابێت.

**حەوتەم**: ئەگەر گشت بەشەکانی تەلارێکی نوێ هێشتا تەواو نەبووبێت، بەڵام لەلایەن دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕێپێدراوە بۆ بەکارهێنانی بەشێکی تەلارەکە، دەکرێت ئەو بەشە بۆ کاری پەروەردە و فێرکاری بەکار بێت.

**هەشتەم**: دەبێت قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە چارەسەری ئەو شت و شوێنانەی تەلارەکەی کردبێت کە مەترسی لەسەر قوتابی و خوێندکار دروست دەکات.

**نۆیەم**: پێویستە پێکهاتەکان و ڕووبەرەکانی ناو تەلارەکە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

| پێکهاتەکان | کەمترین ڕووبەری پێویست |
|---|---|
| **پۆلەکان:**<br>**١**- دەبێت ڕووبەری پۆل لە (٣٥) م٢ کەمتر نەبێت.<br>٢- دەبێت درێژی پۆل لە (٧) حەوت مەتر کەمتر نەبێت، و پانی پۆل لە (٥) پێنج مەتر کەمتر نەبێت، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەبێت هەر قوتابییەك بەلایەنی کەم (١،٥) یەك مەتر و نیو دووجای بەرکەوێت.<br>٣- دەبێت هەموو پۆلێك پەنجەرەی هەبێت کە لە (٣) سێ مەتر دووجا کەمتر نەبێت.<br>٤- دەبێت پەنجەرەی پۆلەکان لەسەر دیوارە درێژەکانی پۆلەکان بن، نەک لەسەر دیوارە کورتەکان، و ڕووی پەنجەرەکان لە دەرەوە بن، واتە ڕوو لە (حەوشە/ باخچە/ شەقام/ دەرەوە) بن، نەک ڕوویان لەسەر ڕاڕەوی ناوەوە بێت | (٣٥) م٢ |

| | |
|---|---|
| ٥- دەبێت بەرزی سەقفی پۆل لە زەوی پۆلەکەوە تا سەقف لە (٢٨٠) دوو سەد و هەشتا سانتیم کەمتر نەبێت.<br>٦- بوونی سەقفی یەدەکی (ثانوي) لە پۆلەکان مەرج نییە. | |
| **هوڵی فێرکردنی پیشەیی:** ڕووبەری هۆڵی فێرکردنی پیشەیی لە (٥٠) پەنجا مەتر دووجا کەمتر نەبێت. دەبێت هەر بەشێکی پیشەیی هۆڵی خۆی هەبێت. | (٥٠) م٢ |
| **ژمارەی ژووری پۆل:**<br>١- لە تەلاری قوتابخانەی بنەڕەتی دەبێت ژمارەی پۆلەکان بە لایەنی کەم هێندەی ژمارەی پۆلەکانی بازنەکە/ بازنەکان بێت.<br>٢- لە تەلاری ئامادەیی دەبێت ژمارەی پۆلەکان لە (٣) سێ ژووری خوێندن کەمتر نەبێت.<br>٣- لە تەلاری ئامادەیی پیشەیی دەبێت ژمارەی پۆلەکان لە (٣) سێ ژووری خوێندن کەمتر نەبێت.<br>٤- لە تەلاری کۆمەڵگەی پەروەردەیی دەبێت ژمارەی پۆلەکان لە (١٤) چوارده ژووری خوێندن کەمتر نەبێت.<br>٥- لە تەلاری پەیمانگە دەبێت ژمارەی پۆلەکان لە (٥) پێنج ژووری خوێندن کەمتر نەبێت. | |
| تاقیگەی زانست بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی کۆمپیوتەر بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی کیمیا بۆ خوێندنگە، بەشی زانستی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی فیزیا بۆ خوێندنگە، بەشی زانستی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی زیندەزانی بۆ خوێندنگە، بەشی زانستی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی کۆمپیوتەر بۆ خوێندنگە، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگە بۆئامادەیی پیشەیی،دەبێت یەك تاقیگەی(٥٠م٢)بۆ هەر سێ پۆلێکی هەمان بەش هەبێت | (٥٠) م٢ |
| ژووری هونەری. | (٣٥) م٢ |
| کتێبخانە. | (٣٥) م٢ |
| هۆڵی بۆنەکان. | (١٠٠) م٢ |
| **شوێنی چێشتلێنان:**<br>١- دەبێت شوێنی چێشتلێنان بە جودا بێت و ڕووبەرەکەی بە لایەنی کەم لە (٢٠) بیست مەتر دووجا کەمتر نەبێت.<br>٢- شوێنی نانخواردنی قوتابیان/خوێندکاران: دەبێت شوێنی نانخواردن بە جیا بێت، و نابێت لە (٤٠) چل مەتر دووجا کەمتر بێت. | (٢٠) م٢<br>(٤٠) م٢ |
| **تواليت:**<br>١- دەبێت دوو کۆمەڵ توالێت بۆ کوڕان و کچان بە جودا هەبێت.<br>٢- دەبێت (١) یەك توالێت بۆ هەر پۆلێك هەبێت.<br>٣- دەبێت یەک توالێت بۆ کەسانی خاوەن پێداویستە تایبەت هەبێت، کە نابێت لە (١٥٠سم بە ١٥٠سم) کەمتر بێت.<br>٤- دەبێت (١) یەك توالێت بۆ هەر (١٠) دە کارمەندێک هەبێت.<br>٥- دەبێت پەنجەرە یان هەواکێش (ساحیبە) لە هۆڵی توالێتەکان هەبێت، نەك لە هەر توالێتێک. | (١) م٢ |

| | پێکهاتە کارگێڕییەکان |
|---|---|
| (١٢) م٢ | ژووری بـەڕێوەبەر. |
| (١٢) م٢ | ژووری یاریدەدەری بەڕێوەبەر. |
| (١٢) م٢ | ژووری سەرۆك بەش بۆ ئامادەیی پیشەیی. |
| (٣٠) م٢ | ژووری مـامۆستایان، بۆ هەر (٢٠) بیست مامۆستایەک. |
| (١٢) م٢ | ژووری ڕێنمایکاری پەروەردەیی. |
| (٢٠) م٢ | ژووری کۆبوونەوە. |
| (٦) م٢ | ژووری فریاگوزاری تەندروستی. |
| (٩) م٢ | ژووری کارگێڕی/ ژمێریاری |
| (٩) م٢ | ژووری خزمەتگوزار/ (صیانە) |

| | پێکهاتە گشتییەکان |
|---|---|
| (٣٢٠) م٢ | گۆڕەپانی وەرزشی. |
| | ڕووبەری سەوزایی، بەپێی ڕێنماییەکانی فەرمانگەی ژینگە بێت. |
| (٢٠٠) م٢ | گۆڕەپانێك کە تەنها خۆڵ نەبێت. |
| | کامیرای چاودێری لە بەردەم قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە و هۆڵە گشتییەکانیان. |
| | ئاگرکوژێنەوە لە تەلارەکە هەبێت بەپێی مەرجەکانی بەرگری شارستانی |
| | بڵندگۆ/جەرەسی لە هۆڵەکان هەبێت. |
| | سەرچاوەی ئاوی یەدەکی هەبێت.<br>ئاوخواردنەوەی پاك هەبێت. |
| | ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە بۆ هەموو پۆلەکان هەبێت. |
| | ئینترنێتی بەلایەنی کەم دوو مێگابایتی هەبێت. |
| | زیاتر لە یەك دەرگاری فریاکەوتن هەبێت. |
| | دەبێت تەلاری قوتابخانە و پەیمانگە شورای (سیاجی) هەبێـت، بـۆ نمـوونە دەکرێـت شـورا بە بەرد/بلۆك یان بە مەحەجەرە یان بە پەرژین یان بە شێوازێکی تری گونجاو بکرێت. |

**هاوپێچی ژمارە** (٥)

**هاوپێچی تەلارسازی**

**مـــەرج و پێکهــاتەکـــانی تەلاری قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردویی و پەیمانگە لە ڕووی بیناسازی و هونەری و پەروەردەییەوە لە کاتی دروستکرنی تەلارێکی نوێ کە پاش دەرچوونی ئەم ڕێنماییانە دروست دەکرێت**

**یەکەم**: دەق و مەرجەکانی ئەم هاوپێچە تەنها ئەو تەلارانەی باخچەی منداڵان دەگرێتەوە کە پاش دەرچـوونی ئەم ڕێنماییە دەست بە مامەڵەی دروستکردنیان دەکرێت.

**دووەم**: پێویســتە ئەو تەلارەی دروســتدەکراوە لەگەڵ مەرجەکــانی (بەشــی چــوارەم)ی ئەم ڕینمــاییە، کە ماددەکانی (٢٤) تا (٢٧) لەخۆ دەگرێت، بگونجێت.

**سێیەم**:

١- پێویستە داواکار نەخشەی زەوییەکە و نەخشەی تەلارەکە پێشکەش بە وەزارەت بکات.

٢- پێویستە ڕووبەری ئەو زەوییەی تەلاری لەسەر دروستدەکرێت بەپێی چەسپاندنی سنوور،کە لە شارەوانی دەرچووبێت ئەگەر چەسپاندنی سنوور هێشتا ئامادە نییە ئەوکات بەپێی نووسراوی فەرمی شارەوانی بێت.

٣- پێویستە نەخشەکە گشت ئەو پێکهاتانە لەخۆ بگرێت کە لەسەر زەوییەکە دروستکراون، و هەروەها گشت ڕووبەرەکانیان و ڕووبەری گشتی تەلارەکە بە گشت نهۆمەکانەوە لە خۆ بگرێت.

٤- پێویستە نەخشەی پێکهاتەکان پەسەندی (شارەوانی) لەسەر بێت.

**چوارەم**: بە گوێرەی ئەو زەوییەی کە هەیە دەبێت ڕووبەری زەوی و بینا بەم شێوەیە بن:

١- ڕووبەری زەوی قوتابخانەی بنەڕەتی (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٢- ڕووبەری زەوی قوتابخانەی ئامادەیی زانستی و وێژەیی و پیشەیی (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەندێك بەشی پیشەیی پێویستیان بەڕووبەری زورتر هەیە، کە ئەویش لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بیناسازی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی سەرپەرشتیاری و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان،دیاردەکرێت،لە کاتی کردنەوەی بەشی نوێ،لیژنەی ناوبراو بڕیار لەسەر ڕووبەرەکان دەدات.

٣- ڕووبەری زەوی قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی پێکەوە (٣٠٠٠) سێ هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٤- ڕووبەری زەوی کۆمەڵگەی پەروەردەیی خۆماڵی و نێودەوڵەتی لە (٤٠٠٠) چوار هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (٢٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٥- ڕووبەری زەوی پەیمانگەی پەروەردەیی (٢٠٠٠) دوو هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت و ڕووبەری بینا لە کۆی نهۆمەکان لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی دەکرێت پەیمانگەی پەروەردەیی لە تەلارێکی چەند نهۆمی بێت و ڕووبەری نهۆمەکان پێکەوە لە (١٥٠٠) هەزار و پێنج سەد مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٦- لە هەل و مەرجی تایبەتدا، کە پەیوەندی بە تەرخانکردنی زەوی وەبەرهێنانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەوە، وەزارەت مافی هەیە ڕووبەری زەوی کەمتر پەسەند بکات وەک لەوەی لە خاڵەکانی (١) تا (٥)ی سەرەوە هاتووە، بەمەرجێک لەگەڵ جۆر و پێکهاتەی دامەزراوەکە بگونجێت.

**پێنجەم**: پێویستە تەلارەکە (هەیکەل)ی بێت، واتە لە سەر پایەکان وەستابێت نەک لەسەر دیوارەکان.

**شەشەم**: لە کاتی دروستکردنی تەلاری نوێ، ئەگەر زەوییەکە لێژ بوو و بەو هۆیەوە ئاستی کاشی ناو هەندێك لە ژوورەکانی ژێرزەوی لەگەڵ ئاستی زەوی دەرەوە یەک بوو، ئەوکات دەکرێت ئەو ژوورانە بۆ خوێندن بەکار بێن، ئەو کات ئەو نهۆمە بە ژێرزەمین هەژمار ناکرێت.

**حەوتەم**: پێویستە تەلارەکە بە لایەنی کەم (١٠٠) سەد مەتر لە شوێنە مەترسیدارەکانی وەك (هێڵی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز، تاوەری گەیاندن) دوور بێت.

**هەشتەم**:

أ- دەکرێت تەلار نهۆمی ژێرزەمینی هەبێت، بەڵام نابێت نهۆمی ژێرزەمین بۆ پۆل بەکار بێت، بەڵکو دەکرێت بۆ کاری خزمەتگوزاری و یاریگە و چێشتخانە و بەشی کارگێڕی و تاقیکە و هتد بەکار بێت بە مەرجێک پەنجەرەی تێدا بێت.

ب- دەکرێت تەلار لە یەك، دوو، سێ، چوار نهۆم یان زیاتر پێک بێت. ئەگەر تەلارەکە لە دوو نهۆم بەرزتر بوو (بێ ژێرزەمین) دەبێت نهۆم بڕی تێدابێت.

**نۆیەم**: لەکاتی دروستکردنی تەلاری نوێ، نابێت دیوارەکانی ناوەوە و سەقفی ناوەوەی تەلار بە (سەندەویچ پانێل) بێت، ئەویش لەبەر مەترسی زووئاگرگرتن.

**دەیەم**: ئەوەی دەیەوێت تەلاری قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی بە زمانی کوردی دروست بکات، مافی هەیە تەلارەکەی بەشێوەیەک دروست بکات کە تەنها بۆ بازنەی یەکەمی خوێندن بێت (واتە بۆ پۆلی ١ تا ٣)، یان بۆ بازنەی دووەمی خوێندن بێت (واتە بۆ پۆلی ٤ تا ٦)، یان بۆ بازنەی سێیەمی خوێندن بێت (واتە بۆ پۆلی ٧ تا ٩)، یان بۆ بازنەی یەکەم و دووەمی خوێندن بێت پێکەوە (واتە بۆ پۆلی ١ تا ٦)، یان بۆ هەرسێ بازنەکەی خوێندن بێت (واتە بۆ پۆلی ١ تاپۆلی ٩).

**یازدەیەم**: ئەگەر گشت بەشەکانی تەلارێکی نوێ هێشتا تەواو نەبووبێت، بەڵام لەلایەن دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان ڕێپێدراوە بۆ بە کارهێنانی بەشێکی تەلارەکە، دەکرێت ئەو بەشە بۆ کاری پەروەردە و فێرکاری بە کار بێت.

**دوازدەیەم**: دەبێت قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە چارەسەری ئەو شت و شوێنانەی تەلارەکەی کردبێت کە مەترسی لەسەر قوتابی و خوێندکار دروست دەکات.

**سێزدەیەم**: پێویستە پێکهاتەکان و ڕووبەرەکانی ناو تەلارەکە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە بێت:

| پێکهاتەکان | کەمترین ڕووبەری پێویست |
|---|---|
| **پۆلەکان:**<br>١- دەبێت ڕووبەری پۆل لە (٣٥) م٢ کەمتر نەبێت.<br>٢- دەبێت درێژی پۆل لە (٧) حەوت مەتر کەمتر نەبێت، و پانی پۆل لە (٥) پێنج مەتر کەمتر نەبێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە دەبێت هەر قوتابییەك بەلایەنی کەم (١،٥) یەك مەتر و نیو دووجای بەرکەوێت.<br>٣- دەبێت پەنجەرەی پۆلەکان لەسەر دیوارە درێژەکانی پۆلەکە بن، نەک لەسەر دیوارە کورتەکان، و ڕووی پەنجەرەکان لە دەرەوە (حەوشە/باخچە) بن، نەک لەسەر ڕاڕەوی ناوەوە بن.<br>٤- دەبێت گشت پۆلێك پەنجەرەی هەبێت کە لە (٣) سێ مەتر دووجا کەمتر نەبێت.<br>٥- دەبێت بەرزی سەقفی پۆل لە زەوی پۆلەکەوە تا سەقف لە (٢٨٠) دوو سەد و هەشتا سانتیم کەمتر نەبێت.<br>٦- بوونی سەقفی (ثانوي) لە پۆلەکان مەرج نییە. | (٣٥) م٢ |
| **ڕاڕەوەکانی بەردەم پۆلەکان:**<br>١- دەبێت پانی ڕاڕەوەکانی بەردەم پۆلەکان لە (٤) چوار مەتر کەمتر نەبن لە حاڵەتێکدا پۆل لەسەر هەردوو دیوی ڕاڕەوەکە هەبێت، بەڵام ئەگەر پۆل تەنها لەسەر یەک دیوی ڕاڕەوەکە هەبێت دەبێت پانی ڕاڕەوەکان لە (٣) سێ مەتر کەمتر نەبێت.<br>٢- دەبێت بەرزی سەقفی ڕاڕەوەکان لە عەرزەوە لە (٢٨٠) دوو سەد و هەشتا سانتیم کەمتر نەبێت.<br>٣- بوونی سەقفی (ثانەوی) لە پۆلدا مەرج نییە. | |
| **قادرمەکان:**<br>١- دەبێت پانی قادرمەکان لە (١٥٠) سەد و پەنجا سانتیم کەمتر نەبن، و دەبێت دەسکی قادرمە لەسەر هەردوو دیوی قادرمەکە هەبێت.<br>٢- دەبێت بەرزی هەر پایەیەکی قادرمە لە (١٦) شازدە سانتیم زیاتر نەبێت.<br>٣- دەبێت قوڵایی هەر پایەیەک لە (٢٨) بیست و هەشت سانتیم کەمتر نەبێت. | |

| | |
|---|---|
| **هوڵی فێرکردنی پێشەیی:**<br>ڕووبەری هۆڵی فێرکردنی پیشەیی لە (٥٠) پەنجا مەتر دووجا کەمتر نەبێت.<br>دەبێت هەر بەشێکی پیشەیی هۆڵی خۆی هەبێت. | (٥٠) م٢ |
| **ژمارەی ژووری پۆل:**<br>١- لە تەلاری قوتابخـانەی بنەڕەتـی دەبێـت ژمـارەی پۆلەکـان بە لایەنـی کەم هێنـدەی ژمـارەی پۆلەکانی بازنەکە/بازنەکان بێت.<br>٢- لە تەلاری ئامادەیی دەبێت ژمارەی پۆلەکان لە (٣) سێ ژووری خوێندن کەمتر نەبێت.<br>٣- لە تەلاری ئامادەیی پیشەیی دەبێت ژمارەی پۆلەکان لە (٣) سێ ژووری خوێندن کەمتر نەبێت.<br>٤- لە تەلاری کـۆمەڵگەی پەروەردەیـی دەبێـت ژمـارەی پۆلەکـان لە (١٤) چـواردە ژووری خوێنـدن کەمتر نەبێت.<br>٥- لە تەلاری پەیمانگە دەبێت ژمارەی پۆلەکان لە (٥) پێنج ژووری خوێندن کەمتر نەبێت. | |
| تاقیگەی زانست بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی کۆمپیوتەر بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی کیمیا بۆ خوێندنگە، بەشی زانستی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی فیزیا بۆ خوێندنگە، بەشی زانستی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی زیندەزانی بۆ خوێندنگە، بەشی زانستی، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگەی کۆمپیوتەر بۆ خوێندنگە، بۆ هەر (٣٠) سی پۆلێك. | (٣٥) م٢ |
| تاقیگە بۆ ئامادەیی پیشەیی، دەبێت یەك تاقیگەی (٥٠م٢) بۆ هەر سێ پۆلێکی هەمان بەش هەبێت. | (٥٠ ) م٢ |
| ژووری هونەری. | (٣٥) م٢ |
| کتێبخانە. | (٣٥) م٢ |
| هۆڵی بۆنەکان. | (١٠٠) م٢ |
| شوێنی چێشتلێنان:<br>١- دەبێـت شـوێنی چێشـتلێنان بە جـودا بێـت و ڕووبەرەکەی بەلایەنـی کەم لە (٢٠) بیسـت مەتـر دووجا کەمتر نەبێت.<br>٢- شوێنی نانخواردنی قوتابیان/خوێندکاران: دەبێت شوێنی نـانخواردن بە جیـا بێـت، و نابێـت لە (٦٠)شەست مەتر دووجا کەمتر بێت. | (٢٠) م٢<br>(٦٠) م٢ |
| **توالێت بۆ منداڵان/قوتابیان/خوێندکاران:**<br>١- دەبێت دوو کۆمەڵ توالێت بۆ کوڕان و کچان بە جودا هەبێت.<br>٢- دەبێت (١) یەك توالێت بۆ هەر پۆلێك هەبێت.<br>٣- دەبێـت یەک توالێـت بـۆ کەسـانی خـاوەن پێداویسـتە تـایبەت هەبێـت، کە نابێـت لە (١٥٠ سم بە ١٥٠ سم) کەمتر بێت.<br>٤- دەبێت پەنجەرە یان هەواکێش (ساحیبە) لە هۆڵی توالێتەکان هەبێت، نەك لە هەر توالێتێک. | (١) م٢ |
| **پێکهاتەکان** | |
| ژووری بـەڕێوەبەر. | (١٦) م٢ |
| ژووری یاریدەدەری بەڕێوەبەر. | (١٢) م٢ |
| ژووری سەرۆك بەش بۆ ئامادەیی پیشەیی | (١٢) م٢ |
| ژووری مـامۆستایان، بۆ هەر (٢٠) بیست مامۆستایەك. | (٢٠) م٢ |

| | |
|---|---|
| ژووری ڕێنمایکاری پەروەردەیی. | (١٢) م٢ |
| ژووری کۆبوونەوە. | (٢٠) م٢ |
| ژووری فریاگوزاری تەندروستی. | (٩) م٢ |
| ژووری کارگێڕی/ ژمێریاری | (٩) م٢ |
| ژووری خزمەتگوزار. | (٩) م٢ |
| لە کاتی دروستکردنی تەلاری کۆمەڵگەی پەروەردەیی، دەکرێت ژوورێکی کارگێڕی هاوبەش و ژوورێکی ژمێریاری هاوبەش و ژوورێکی ئایتی هاوبەش بۆ گشت قۆناغەکانی کۆمەڵگە هەبێت. | |
| **تواڵێت بۆ مامۆستایان:**<br>١- دەبێت تواڵێتی (پیاوان و ئافرەتان) بە جودا هەبێت.<br>٢- دەبێت یەك تواڵێت بۆ هەر (١٠) دە کارمەندێک. | (١) م٢ |

| **پێکهاتە گشتییەکان** | |
|---|---|
| گۆڕەپانی وەرزشی. | (٤٠٠) م٢ |
| ڕووبەری سەوزایی، بەپێی ڕێنماییەکانی فەرمانگەی ژینگە | |
| **پارگینگی ئوتۆمبێل:**<br>**١-** بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی: دەبێت لە ناو دامەزراوەکە بەلایەنی کەم (١) یەک پارکینگ بۆ هەر پۆلێك هەبێت، و بەلایەنی کەم (٢) دوو پارکینگی دیکە هەبێت. هەروەها (١) یەك پارکینگ بۆ کەسانی پێداویستی تایبەت هەبێت.<br>٢- بۆ قوتابخانەی ئامادەیی و کۆمەڵگەی پەروەردەیی: دەبێت لە ناو دامەزراوەکە بە لایەنی کەم (١) یەک پارکینگ بۆ هەر پۆلێك هەبێت، و بە لایەنی کەم (١) یەك پارکینگ بۆ هەر (١٠٠) قوتابییەک هەبێت، و بە لایەنی کەم (٢) دوو پارکینگ بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێت. | |
| گۆڕەپانێك کە تەنها خۆڵ نەبێت. | (٢٠٠) م٢ |
| کامیرای چاودێری لە بەردەم قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە و هۆڵە گشتییەکانیان. | |
| ئاگرکوژێنەوە لە تەلارەکە هەبێت. | |
| بڵندگۆ/جەرەسی لە هۆڵەکان هەبێت. | |
| سەرچاوەی ئاوی یەدەکی هەبێت.<br>ئاوخواردنەوەی پاك هەبێت. | |
| ساردکەرەوە و گەرمکەرەوە بۆ هەموو پۆلەکان. | |
| ئینترنێتی بەلایەنی کەم دوو مێگابایتی هەبێت. | |
| زیاتر لە یەك دەرگاری فریاکەوتنی هەبێت. | |
| دەبێت تەلاری قوتابخانە و پەیمانگە شورای (سیاجی) هەبێت، بۆ نموونە دەکرێت شورا بە بەرد/بلۆك یان بە مەحەجەرە یان بە پەرژین یان بە شێوازێکی تری گونجاو بکرێت. | |

**هاوپێچی ژمارە (٦)**
**بەشەکانی ئامادەیی پیشەیی**

| | | |
|---|---|---|
| ئامادەیی پیشەسازی | ١- بەشی ئەلکترۆن.<br><br>٢- بەشی کانزاکان.<br>٣- بەشی ئۆتۆمبیل.<br>٤- بەشی میکانیك<br>٥- بەشی دارتاشی<br>٦- بەشی بیناسازی | چاکردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، گەیاندن، کۆمپیوتەر، موبایل، کامیرای چاودێری، و هتد<br>هەموو جۆرەکانی لکاندن و هتد.<br>چاککردنی ئۆتۆمبێل، بەنزین، و هتد.<br>ئامێرەکان، دروستکردنی قاڵب و پێکهێنانی کانزاکان، و هتد<br>کەلو پەلی ناوماڵ و نووسینگە، و هتد.<br>بیناسازی، هێڵکاری کارەبایی، وزەی جێگرەوە، وزەی خۆر، هەواسازی، بەرزکەرەوە، دەرگای ئەلکترۆنی، ئاوەڕۆ، |
| ئامادەیی کشتوکاڵ | ١- بەشی بەرهەمی ڕووەك.<br>٢- بەشی بەرهەمی ئاژەڵ.<br>٣- بەشی ئامێرە کشتوکاڵییەکان.<br>٤- بەشی تەندروستی ئاژەڵ (ڤێترنەری).<br>٥- بەشی دروست کردنی خۆراك و قوتوبەندی. | |
| ئامادەیی بازرگانی | ١- بەشی ژمێریاری.<br>٢- بەشی کارگێڕی.<br>٣- بەشی زانستی بانك<br>٤- بەشی سکرتاریەت.<br>٥- بەشی گەشت و گوزار.<br>٦- بەشی بە بازاڕکردن. | |
| ئامادەیی ڕاگەیاندن | ١- بەشی پەیامنێری و پێشکەشکاری.<br>٢- بەشی فۆتۆگرافی.<br>٣- بەشی ڕیکلام.<br>٤- بەشی چاپکردن.<br>٥- بەشی بەرهەمهێنان. | |
| ئامادەیی کۆمپیوتەر | ١- بەشی دیزاینی ماڵپەڕ.<br>٢- بەشی پرۆگرامسازی.<br>٣- بەشی نێت وۆرك. | |
| ئامادەیی جوانکاری | ١- بەشی ئارایشگا و قژبڕین.<br>٢- بەشی مکیاژ. | |
| ئامادەیی پەرستاری | پەرستاری | |
| ئامادەیی پیشەیی گشتگیر | کە دەکرێت چەند بەشێکی جیاوازی ئامادەیی پیشەیی تێدا بێت. | |

ئامادەیی پیشەیی سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ناوێك کە لەگەڵ پیشەکە یان ئامادەییەکە بگونجێت، بۆ نموونە: ئامادەیی پیشەیی ئۆتۆمبێل، ئامادەیی پیشەیی دارتاشی، ئامادەیی پیشەیی کاوە، ئامادەیی پیشەیی ئازاد، و هتد